ڕۆوت

البدیل OCAL
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

ژمارە ٥
حوزەیرانی ٢٠٢٠

ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

ئێستای کوردستان، کێشمەکێشی چینایەتی و ئەگەری ڕاپەڕینی جەماوەری

دەسەڵاتداری ناسیونالیزم لە کوردستاندا:

موئەیەد ئەحمەد

ئیستا خەڵکی کوردستانی عیراق لە قۆناغێکی میژوویی دیاری کراو و کۆنکریتدا دەژین کە ئەتوانین بڵیین لە باری سیاسیەوە مۆرکی ٢٩ ساڵی کاریگەریە کارەساتبارەکانی دەسەڵاتی هیز و حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردی پێوەیە.

دیارە هێزە سەرەکیەکانی ئەم بزوتنەوە ناسیونالیستیە بورژوازیە بریتین لە هەردوو حزبی چەکداری میلیشیایی؛ پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی)، کە بە دریژایی ئەو ماوەیە کۆمەڵگەی کوردستانیان وەک ئیمارەتێکی داگیرکراو خستۆتە ژێر چەپۆک و دەسەڵاتی خۆیانەوە. وە ئەمەش بەحوکمی مۆنۆپۆڵی چەک و سەرکوت و کۆنترۆڵی سەروەت و سامانی وڵات و زاڵی خۆشخەیاڵی ناسیونالیستی و «ڕزگاری نیشتمانی» لەناو جەماوەردا، و خۆگریدانەوەی ئەم حزبانە بە ستراتیژی ئەمریکا و ئەم وڵات و ئەو وڵاتی دەوروبەر وساتوسەودا لەگەڵیاندا... هتد.

لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دواشەوە «بزوتنەوەی گۆڕان» وەک ڕەوتیکی سیاسی حزبی ناسیۆنالیستی و باڵێکی جیابووەوە لە یەکیەتی بووە بە یەکێک لە یاریکەرەکانی گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستاندا. سەرۆکی پێشووی ئەم حزبە، نەوشیروان موستەفا، کە میژوویەکی دوورودرێژی هەبوو لە پێداگری لە «مۆنۆپۆڵی چەک بە دەست یەکیتییەوە لە کوردستان» و بەرگریکردن لێی، لەپڕ بە خۆی و حزبەکەیەوە بوون بە ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی قەومی- پەرلەمانی نا میلیشیای لە ٢٠٠٩وە.

ئیستاش هەر لە هەناوی ئەم هەلومەرجەدا کە قەیرانی حزبە سەرەکیەکانی ناسیونالیزم لە لوتکەدایە و «گۆڕان» لە تین کەوتووە و کارەساتێکی گەورە بۆ خەڵکی کوردستان هاتۆتەپێش، بەشێک لە ناسیونال-لیبراڵە بورژواکانی پێگەیشتووی ناو خودی هەمان سیستەمی گەندەڵی و تاڵانچیەتی بە ناوی «نەوەی نوێ»وە قوتبوونەتەوە بۆ گیانی کریکاران و هەژارن و بەش مەینەتانی کوردستان. ئەم حزبە سیاسیە پەرلەمانیە بە سەرۆکێکی سەرمایەدارەوە (شاسوارعبدولواحد) و دەزگایەکی زەبەلاحی میدیایی، هاتۆتە ناو گۆڕەپانی سیاسی و ئەیەوێت بە سیاسەتی نیولیبرالیزمی ئابووری، گوایا گەشە بە سەرمایەداری بدا لە کوردستاندا، وەک ئەوەی تا ئێستا وا نەبوبێت، وە ڕا و بۆچوونە تا سەر ئێسک دژە سوشیالیزمیەکانی نیولیبرلیزمەکەی بکاتە بەرنامەی ناڕەزایەتیەکانی خەڵک و فریوکارانە وەک چارەسەری بیکاری و هەژاری و نەهامەتیەکانیان نیشانیان بدا.

بۆ لاپەڕە٢

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق، ئامانج و داواکاری و دروشمەکان

شەپۆلی خۆپیشاندانە جەماوەریەکان لە عێراقدا کە ڕۆژی یەکی ئۆکتوبەری ٢٠١٩ سەری هەڵدا، هەر بەردەوام و پڕ لە خرۆشە و سەرباری سەرکوت کردنی وەحشیگەرایانەی دەسەڵاتداران، هێشتاش تارماییەکەی هەڕەشە لە دەسەڵاتدارێتی ڕەوتە بۆرژواکانی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیستەکان و نیولیبراڵە فەرمانڕەواکان دەکات.

لە بەغدا، ناسریە، دیوانیە، بەسرە، کووت و عەمارە و شارەکانی تر، سەدان کوژران و هەزاران بریندارکران لە خۆپیشاندەران و خەڵکی سیڤیل، وە ئێستاش هەزاران کەس یان دەستگیر کراون و لە زیندانە شاراوەکاندان وەیان بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی ڕاوەدونان و گرتندان، لەگەڵ ئەوەشدا جەماوەری

بۆ لاپەڕە ٥

ئایە دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم ڕاپەڕینەی ئێستای عێراق؟

نادر عبدالحمید

١- سێهەم هەوڵدان، کۆک بوون

دوای تێپەڕینی زیاتر لە چوار مانگ بەسەر دەست لە کار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، و پاش دوو هەوڵدانی سەرنەکەوتوو لەلایەن محمەد عەلاوی و عەدنان زورفیەوە، وەک هەوڵی سێهەم لە حەڤدەهەمین ساڵڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە (٩-٤-٢٠٢٠)دا، سەرۆکی دەزگای سیخوڕی (موخابەراتی) عێراق، مستەفا کازمی ڕاسپێردرا بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازە لە بەغدا. کوتەکێکی گورچوبڕ کە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو (٢٠١٩) سرەواندیە دەسەڵاتی پشکپشکێنە و گەندەڵی ڕەوتە بورژوا قەومی و تائیفیە دینیەکان، ئەو زەمینەیەی شێواند کە ئەم ڕژێمە پشکپشکێنەیەی لەسەر دامەزرابوو لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، کە هیچ حیسابێکیان بۆ ئیرادەی جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش و هەژارکراو نەکردبوو تیایدا.

ڕاپەڕین ئەوانی لە نازونیعمەتی بەهشتی ئاسمانەوە فڕێدایە خوارەوە بۆ سەر زەویەکی وشک و ڕەقوتەق کە تیایدا ڕووبەڕووی ئیرادەی جەماوەرێکی ئازاد بوونەتەوە و ئێستا زۆر سەخت و دژوارە بۆیان کە بتوانن خۆیان

ل ٤

شۆڕشی برسیەکان بەڕێوەیە !

عەبدولا ساڵح

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی لەڕاستای ئاڵوگۆڕدایە لە هەموو بوارەکاندا؛ ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئەو ڕاستیە حاشاهەڵنەگرە قسەی من نیە، بەڵکو قسەی هەموو ئەوانەیە .سەرەواوێک لە سیاسەت دەزانن

چەرخی دنیای سەرمایەداری، ئەگەر تەنیا بۆ دەرفەتێکی کاتیش بێ وەستا. ئەم وەستانە، بەر لە هەر پێکهاتەیەک، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بەزۆر هەژارکراو و خانەوادەکانیان باجەکەیاندا و لەسەری ئەواندا شکایەوە و بەردەوامیش دەشکێتەوە، ئەم هەلومەرجە تازەیە، دەرئەنجامی پەیدا بوونی دوژمنێکی کوشندە بوو بەناوی کۆرۆنا، دەردێکی ئیقلیمگیر کە هیچ بەربەستێک خۆی لەبەردەمیا ڕانەگرت، گۆی زەوی بەگشتی .داپۆشی بەبێ جیاوازی نێوان "شا و گەدا

کوردستانی ئێمەش وەک بەشێکی بچوک لەم کۆمەڵگای ئینسانیە، پشکی خۆی لەم دەرد و بەڵایە بەرکەوت، نرخی نەوت شکا، (ئاشتی هەورامیەکان) بە جانتای بەتاڵ هاتنەوە ماڵ و پەیامیان ڕاگەیاند کە کەوتوینە سەر ساجی عەلی و ئاو بێنە و دەست بشۆ. ئەو خەزێنەی کە نزیک بە سی ساڵە بەتاڵان دەبرێ، مایەپوچ بوو، بەئاشکرا بەدەمی سەرۆک حکومەتەوە دانی پێدانراکاتێک گیرفان ئاوا بەتاڵ بێ و خەڵک ئاوا برسی، ئیتر حوکمڕانی زۆر ئەستەمە، هەر بۆیە کۆمەڵێک بژاردە هاتنە بەردەم حکومەت، یەکەمیان گەڕانەوە بۆ بەغدا، بەڵام چ بەغدایەک، لە کوردستان موفلیس تر، جیا لەوەی بەدەست چەندین کێشەی ئاڵۆزەوە تلاوتلیەتی! دوەمیان گرتنی بەرۆکی

بۆ لاپەڕە ٦

ڕاگەیاندنی هاوبەشی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) و (یەکێتی لە پێناو کۆمۆنیزم)دا لە فەرەنسا

بەم ڕاگەیاندنە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و (یەکێتی لەپێناو کۆمۆنیزم)، پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی:

•سەرمایەداری لەبنەڕەتدا بەرپرسە لە تەشەنەکردنی بێئەندازەی توشبوونی دانیشتوان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و نەخۆشی کۆڤید-١٩.

•پەتاکە و پوکانەوەی ئابووری پێکەوە پەردەیان هەڵماڵی لەسەر ناکۆکیە چینایەتیەکان.

•پێویستە خەباتی چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەی ئینتەرناسیونالیستی بگرنەبەر.

ئەم پەتایە سەرلێشێواویەکی لە سیستمی ئابووریدا هێنایەدی کە نیشانی دەدات بازاڕ توانای وەڵامدانەوەی قەیرانەکانی نیە. کۆمپانیاکان لەڕێگەی بەردەوام بوون لە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی ناپێویست لەجیاتی ئاراستە کردنی چالاکیەکانیان بەرەو بەرهەمهێنانی کەلوپەلی پێویست / وەیا پاراستنی کرێکاران، نیشانیاندا کە زیانبەخشن. بەپێی ئامارەکانی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لەساڵی ٢٠٢٠ دا نزیکەی ٢٦٥ ملیون کەس دووچاری برسێتی دەبن، لەبەراورد بە ١٣٥ ملیون کەس لەساڵی ٢٠١٩ دا، ئەمەش بەهۆی وەستانی هاوردەکردنی شتومەکی پێویست بۆ کەرتی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی کەلوپەل. هەموو ئەو ڕێگە ئاساییانەی کە لەلایەن سەرمایەوە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گیرابوونەبەر بۆ دیاریکردنەوەی تێکڕای قازانج، ناکارامەیی خۆیان نیشانداوە: چڕبوونەوەی کارگەکانی دەرمان لە هیندستان و چین، کەمی داودەرمانی خەزنکراو، لەگەڵیشیانا وەستانی گواستنەوەی کەلوپەلەکان بووە هۆی

ل٧

کۆرۆنا واوەتر لە نەخۆشی و بەرفراوانتر لە قەیرانی تەندروستی

دۆسیەی کۆرۆنا لە لا پەڕە (٨) دا بخوێنەرەوە

بە توندی سەرکۆنەی هێرشی پارتی ئەکەین بە دژی خۆپیشاندەران

ل٧

بەبۆنەی گیان لەدەستدانی هاوڕێ (مستەفای حەسەنە گەورە)وە

ل٧

سەبارەت بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەندام پەرلەمانێک

نەوزاد بابان

ل٦

کۆرۆنا هاوڕێیەکی ترمانی کردە قوربانی

ل١٢

دریژەی سەروتار

ئێستای کوردستان، کێشمەکێشی چینایەتی و ئەگەری ڕاپەڕینی جەماوەری

موئەیەد ئەحمەد

حزبە ئیسلامیەکانی کوردستانیش، کە بە درێژایی ئەم ٢٩ ساڵە بەشداری کوشتن و بڕین بوون و زۆربەیان بە هێزی میلیشیای چەکدارەوە سیاسەتیان کردووە و چەند لە توانایاندا بووبێت درێغیان نەکردووە لە ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی، هەمیشە بارێکی گەورە و گران و هەڕەشەیەکی ترسناک بوون بە سەر ئەم کۆمەڵگەیەوە. ئەم حزبانەی ئیسلامی سیاسی و پاش چەند شەڕ و پێک دادانێک لەگەڵ حزبە میلیشیەکانی ناسیونالیزم لە پرۆسەیەکدا بوون بە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی وهاوبەشی دەسەڵاتداریەتی میلیشایی ئەم حزبە ناسیونالیستانە.

ڕۆڵی ئوبژیکتیڤانەی حزبەکانی ئیسلامی سیاسی لە ئیستادا و لە پەیوەند بە ڕژێمی سیاسی بورژوا ناسیونالیستی کوردستان تەواوکاری ئەم ڕژێمەیە. ئیسلامیزم ئەوئەرکە ئەنجام ئەدا کە ناسیونالیستەکان بە حوکمی پێناسە و ئاسۆی ناسیونالیستی نیمچە سیکولاریان باش ناتوانن ئەنجامی بدەن، ئەویش بڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی ئاینیە لەناو کریکاران و هەژاران و چەوساوەکاندا. دەسەڵاتدارانی کوردستان هەمیشە پێویستیان بەوە بووە کە خۆشخەیاڵی هەردوو ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و ناسیونالیستی چابووکانە پەرەپێبدەن لەناو چینی نەداری کوردستان تا دووریان بخاتەوە لە گۆرینی شۆرشگێرانەی کۆمەڵگە و ژیانیان. لە سایەی بارودۆخی زاڵی ئاسۆی سیاسی ناسیونالیستی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، حزبەکانی ئیسلامی سیاسی بە کردەوە هاوبەشی ڕژێمن، واتە هاوبەشی دەسەڵاتداری ناسیونالیستی کوردیین.

ئاکامەکانی قۆناغی ڕێگوزەر

بۆ دیاریکردنی ڕەوەندی بناغەیی تر کە لە پشتی ئەم ڕژێمە سیاسیە ناسیونالیستیە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیەتی لە هەموو ئەو ماوەیەی ڕابردوودا، ئەبی بگەڕێینەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردستان و دابەش بوونی چینایەتی و مێژووی ڕانەوەستاوی کێشمەکێشی چینەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە. هەر بەم پێیەش ئەبێ پەیوەندی چینەکان و هاوسەنگی هێزی نێوانیان هەڵسەنگێنین لە بارودۆخی سیاسی دیاریکراوی ئەمڕۆدا.

ئەم بارۆدۆخەی ئێستای کوردستان لەباری سیاسیەوە بریتیە لە گەشە وکامڵبونی ناکۆکیەکانی حاکمیەتی بۆرژوا ناسیونالیزمی کورد و بۆ خۆی «کۆیەکی کۆنکریتی» دیاریکراوە و لوتکەی مێژوویکی ٢٩ ساڵەی ئەم ڕژێم و حوکمڕانیەیە. هەر بۆیە شۆڕبوونەوە و پەیبردن بە پێکهاتەکانی و ناکۆکیەکانی و یاساکانی جوڵەی ئەمڕۆی، کلیلی ناسینی داهاتووشیەتی.

بەڵام پێش ئەمانە، کە دواتر دێمە سەریان، گرنگە لێرەدا ئاماژە بە قۆناغێکی ڕێگوزەر (ئینتیقالی) بدەم کە لە ئازاری ١٩٩١ وە دەسپێدەکات و یەک دووساڵێک ئەخایەنی. لەم دەوریەدا هێشتا دەسەڵاتی ناسیونالیزم و حزبەکانی بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا بە تەواوی یەکلا نەبوەتەوە و کێشمەکێش بەردەوامە و ئەتوانم بڵێم مۆرکی ئەم قۆناغە بە حاکمیەتی ناسیونالیزمەوە دیارە و بە ئێستاشیەوە.

هەڵچوونی سیاسی خەڵکی کوردستان لە ئازاری ١٩٩١ و لە جەرگەیدا سەرهەڵدان و چالاک بوونی ئاشکراو و کۆمەڵایەتیانەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێکخراوەکانیان و شورا کرێکاریەکان و شورا جەماوەریەکان بووە هۆی ئەوەی کە ڕووبەڕوبونەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بێتە ئاراوە لە کوردستاندا. ئەم ڕووبەڕووبونەوەیە لە واقعدا کێشمەکێشی دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بوو، کە لە لایەک شوراکان و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان و چالاکەوانی یەکسانی و ئازادی بوو، و بە هەمووی وەک جەمسەری هێزی کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگەدا خۆی دەنواند، و لە لایەکی ترەوە ناسیۆنالیزمی کورد بوو بە خۆی و حزب و هێزە چەکدارەکانی. هەر بۆیە لەم دەورەیەدا دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی؛ ناسیونالیزم و کۆمۆنیزم لە کێشمە کێشدا بوون لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان کە بۆ ماوەیەکی یەک دوو ساڵە بەردەوام بوو وە مۆرکی خۆیدا لە تەواوی قۆناغی تازەی کۆمەڵگا و پەیوەندی چینەکان و تەرازووی هێزی نیوانیان.

ئەم کیشمە کێشە کاریگەری لە زۆر بواردا دانا و پێوسیتی بە لێکۆڵینەوە و باسی هەمەلایەنە هەیە بەڵام ئەوەی کە لێرەدا زیاتر ئەمەوێت جەختی لەسەر بکەم، کاریگەری ئەم کێشمە کێشە چینایتیە و ئەم قۆناغە ڕێگۆزاریە لەسەر خەسەڵەتە بناغەیی و چینایەتیەکانی حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستاندا.

ناسیونالیزم هەر لە سەرتاوە وەک بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆرژوازی نەک هەر خەسڵەتی بورژوازیانەی خۆی و بەرگری کردنی لە بەرژوەندیەکانی سەرمایە و سەرمایداری بەرجەستە کردۆتەوە بەڵکو لە جەنگیکی دڕندانەدا دۆژمنکاری بێ ئەملاوئەولای خۆی پیادە کردووە لە بەرامبەر پرۆلیتاریای کوردستان و بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی ڕۆژانەی کریکاران و زەحمەتکیشاندا. هەر زوو نەزیر عومەر و بەکر عەلی تیرۆڕ کرد و پێشتریش هێرشی بردە سەر شوراکان و مەقەرەکانی «ڕەوتی کۆمۆنیست» و کەوتە دوژمنکاری و پیلانگێری بەرامبەر یەکیەتی بێکاران و دواتریش کۆنترۆڵی نەقابە کریکاریەکانی کرد و ڕێگەی لە دروستکردنی سەندیکای سەربەخۆ گرت ...هتد. ئەمە جگە لەوەی کە بە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک هەزارانیان لە ڕۆڵەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و نەداری کۆمەڵگای کوردستان ڕەوانەی جەنگەکانی ناوخۆیی خۆیان کرد و دایانن بە کوشت لە پیناوی ئەوەی ئەم یا ئەو هێزی میلیشیایی کۆنترۆڵی کوردستان بکات.

گەر لە ئیستادا و پاش ٢٩ ساڵ سەیرێکی میدیا و گوتاری سیاسی و ئایدیۆلۆژیای زاڵی ناسیونالیزمی کورد بکەین ئەبینین کە نیشانەکانی ئەم قۆناغە ڕێگوزەرەی هێشتا لە خۆدا هەڵگرتووە، و لە سەر بنەمای بەرژوندە چینایەتیەکانی بۆرژوازی کوردستان لە ئەمڕۆدا و لە درێژەی دۆژمنکارییدا بەرامبەر چینی کریکار بەرهەمیان ئەهێنێتەوە. میدیا و گفتوگۆ و گوتاری سیاسی زاڵی ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا یا باسی ئەم قۆناغە ڕێگوزەرە ناکات و قڕوقەپی لێ ئەکات یا لە ڕوانگەی سیاسی چینایتی بورژوازیانەی خۆیانەوە ئەیشێوێنن. کەم میدیا و گوتاری سیاسی وڵاتانی جیهان هەیە، ئەوەندەی میدیا و گوتاری بۆرژا ناسیونالیزمی کورد بژارکرابێت لە بەکارهینانی هەر دەربڕێنێک و هەر ووشەیک و کۆنسێپتێک کە باس لە سوشیالیزم و کۆمۆنیزم و ڕۆڵی ئازادیخوازانەی چینی کرێکار بکات، و باس لە بەها ئازادیخواز و یەکسانیخوازیەکانی بزوتنەوەی ئەم چینە و پرۆلیتاریای سۆشیالیست بکات. یا ڕونتر بڵێم، کەم دەسەڵاتداریەتی و ڕەوتە سیاسیەکانی بورژاوزی هەن ئەوەندەی ئەمان توانیێتیان جینۆسایدی کەلتوری ڕۆشنبیری سۆشیالیستیان کردبیت لە کۆمەڵگەدا. ئەم دژە سۆشیالیزم بوونە ترادیسیۆنی بە ناو «خۆماڵی» کوردی نیە ئەمە جەنگی هوشیارانەی بۆرژاوازی جیهانی و تایبەتمەندی بورژوا ناسیۆنالیزمی کوردە بە دژی چینی کریکار و نەداران و بەشێکە لە پیداویستە سیاسی و فکریەکانی ئەم چینە سەروەرەی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەی و بەبێ ئەمە کاری ناڕوات.

نەک هەر کریکاران وەک چینێکی کۆمەڵایەتی و خاوەنی ئەڵتەرنەتیڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باس ناکرێت و بە دابڕاو لە کارەکتەرە ئینترناسیونالیست و جیهانیەکەی وێنا ئەکرێت لە ئاوهەوای سیاسی و فیکری زاڵی ناو کوردستاندا، بەڵکو حاشا لە هەبوونیشی ئەکرێت. لە باشترین حاڵەتدا وەک تۆژێک کە مووچەی ئەبڕدرێت و کاری نیە و ناڕازیە نیشان ئەدرێ و وێنا ئەکرێت. لە ڕوانگەی ناسیۆنالیستەکانی کوردستانەوە چینی کریکار ئەتوانی تەنها و تەنها بە ناوی نەتەوە و ئیسلام و فرۆشیاری ئازادی کاڵاکەیەوە، کە هیزی کاریەتی، هەبوونی کۆمەڵایەتی هەبێت و هیچی تر. واتە کۆنسێپتی هیزی چینایتی سۆشیالیزم بە بەردەوام ئەسڕێتەوە لە زەینی کۆمەڵگەدا تا پڕ بکریتەوە بە ئایدیۆلۆژیای ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و لیبرالیزم، و ئەمەش هەر ئەزمونی بورژوازی جیهانی نیە کە هیزە سیاسیەکانی بورژوازی «خۆماڵی» لاساییان بکەنەوە بەڵکو ئەزمونی هەمان ئەم هیزە سیاسیانە خۆشیانە و بە تایبەتی ناسیۆنالیزمی کورد کە لە شەڕدا بووە وبەردەوامیشە لەم شەڕە لە بەرامبەر چینی کریکار و سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانی کومەڵگای کوردستان.

قەیرانی ڕژێمی سیاسی ناسیونالیزم و ڕەخنەی سۆشیالیستی

ئەمڕۆ ئەم ڕژێمە لە قەیرانێکی توندوتیژی سیاسی دایە و تەنانەت خەریکە وەک قەوارەیەکی سیاسی ئەبێ بە دوو ئیدارە یا ڕوونتر بڵێم دوو ئیمارەت، و لە ژێر سایەی ئەم حوکمرانیەدا زۆربەی زۆری جەماوەر لەوپەڕی فەلاکەتی ئابووریدایە و بە هیلاک چووە. هەروەها تەوژمی ئەم قەیرانە کۆمەڵایەتیە و پەرەسەندنی ناکۆکیەکانی ناو خودی ئەم ڕژێمە سیاسیە خانوادەیی و میلیشیایە لەوە زیاترە کە بتوانرێ بە ئاسانی و تەنها بە سەرکوت ڕابگیریت. بە کورتی، وەەر وەک لینین ئەڵی «دەسەڵاتداران ناتوانن وەک جاران حوکم بکەن» و خەڵکی هەژار و ناڕازیش «نایەنەوێت وەک جاران بژین». ئەمە بۆ خۆی لایەنەکانی بارودۆخیکی شورشگیرانە نیشان ئەدەن و لەگەڵ هەر پلەیەکی بەر چاو لە پەرەسەندنی ئامادەیە سیاسی و ڕێکخراوییەکانی چینی کریکار و نەداران ئەیگۆڕیت بۆ قەیرانیکی شۆڕشگیرانە و هەنگاونان بەرەو ئەنجامدانی شۆرش و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی.

لەم هەلومەرجەی ئیستای کوردستاندا، نە هاواری «نیشتمان» و«نیشتمان پەروەری» بۆرژوا ناسیونالیستی کورد و ئینتلیجنسیاکەی ئەتوانی گۆڕیستی ئەوتۆی هەبێ لەناو ڕیزی هەژاران و نەداراندا، و نە خەڵکگەرایی ناسیونالسیتی وورده بورژوازی کاریگەری ئەوتوی ئەبێت لەسەریان. ئاشکرایە قەتیس بوونی کریکاران و زەحمەتکێشانیش لە چوارچیوەی ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرامبەر گەندەڵی و دەسەڵاتداریەتی میلیشیایی و مووچەبڕین کاریان مەیسەر ناکات و ئاکسیۆنی پەرژوبڵاویشیان ناتوانێ کاریگەر بێت لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا.

هەر بۆیە ئەمڕۆ لە هەرکات زیاتر زەرورەتی چارەسەری کێشە سەرەکیەکانی کۆمەڵ بە شیوازی شۆرشگیرانە و دەرچوونی شۆڕشگێرانە لەم بارودۆخەی ئیستا هاتۆتە پێشەوەی ڕەوەندە سیاسی و کۆمەڵیەتیەکان. بەڵام ئەم ڕێگە دەرچونە شۆرسگیرانەیە لە خۆیەوە هەڵناقوڵی و گرێیخواردووە بە مەودای پەرەسەندنی کێشمەکێشی سیاسی چینایەتی و ئاکامی شەڕی ئەڵتەرنەتیڤی بۆرژوازی و کریکار؛ شۆشیالیزم و کەپیتالیزم لە کوردستاندا.

هەرچەندە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزمی کورد کەوتۆتە ناکۆکیەکی بێچارەسەر لەگەڵ زۆربەی جەماوەر و لەگەڵ کۆمەڵگەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری چینی کریکار و تۆیژە کانی دەوری ئەم چینە لاوازە. دیارە ئەمانە هەمووی ئەتوانرێ بە شیوەی چۆنایەتی (نوعی) و خێرا بگۆڕێت لە بارودۆخی قەیرانی شۆڕشگیرانەدا.

هەنگاوی یەکەم لە هەموو ئەم ڕەوەندەدا ئەوەیە کە ڕەخنە لە «دەسەڵاتی کوردی» لە ڕوانگەی چینایەتی کرێکارەوە بەرجەستە بکرێتەوە. ڕەخنەی چینایەتی کرێکار ڕەخنەیە لە ڕژێم و دەسەڵاتی سەرمایە، دەسەڵاتی بورژوازی کورد، نەک بەتەنها ڕەخنە گرتن لە گەندەڵکاران و میلیشیاکان و دەسەڵاتی بنەماڵەکان. ڕەخنەی مۆڕاڵی دەردی کریکاران و چەوساوەکان و بێبەشان دەرمان ناکات، ئەوان بۆ خۆیان ڕەخنەی کۆمەڵایتی و چینایەتی بە کردەوەن لە سیستمی سەرمایەداری، و تەنها لە ڕێگەی بە هیز کردنی ڕەخنەی سوشیالیستیان لەم سیستمە و نوینەرە سیاسیەکانی لەوانە ناسیۆنالیزم و ڕژێمە سیاسیەکەی لە کوردستاندا ئەتوانن ڕابەری سیاسی شۆڕش و گۆرانکاری شۆرشگێرانەی کۆمەڵگە بن.

ناوەڕۆکی چینایەتی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کورد بۆرژوازیە و دەسەڵاتی سیاسی سەرمایە و سەرمایەداریە وئامرازی سەرکوتی دەستی ئەم چینەیە بە دژی چینی کریکار وزەحمەتکێشان، ئەمە ئەو فاکتەیە کە بەبێ ڕەچاوکردنی و بەبێ ڕەخنەی سۆشیالیستی لێی، چینی کرێکار و نەداری کوردستان ناتوانێ دەوری مێژووی خۆی بگێڕی لە بارودۆخی شۆرشگیرانەی ئەمڕۆدا.

ئەوە ڕاستە کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالی کوردستان گەندەڵ و بێباکن لە بەرامبەر داوکاریەکانی جەماوەردا، بەڵام لە سەرمایەداریدا بە گشتی گەشەی ئابوری کۆمەڵگە بەم شیوەیە ئەڕواتە پێشەوە و تاکە جیاوازی ئەوەیە لەگەڵ وڵاتانی تردا، گەر بەرواوردەکەمان لەم بورەدا بیت، کە گەندەڵی تا ئاستێکی خنکێنەر بەربڵاوە لە کوردستاندا و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان و لەوانە بەشیک لە سەرمایە بچوک و ناوەنجیەکانیشی بەجارێ هەرسان کردووە. دەسەڵاتی میلیشیایی و بنەماڵەیی کە هەناسەی لە کۆمەڵگە بڕیوە لە واقعدا شتێک نیە جگە لە فۆرمی سیاسی دیاریکراوی سەرمایە و سەرمایەداری لە کوردستاندا هەر بۆیە جیاکردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆک لە یەکتر و پێوانەیان بە دوو ئەندازەی جیاواز هەڵەیەکی کوشندەیە بۆ پرۆلیتاریا.

بۆرژوازی دەسەڵاتدار و سەرمایەی کۆمەڵایەتی

دیارە، دەسەڵاتی ئیستای کوردی بەزەقی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەیە، کە ئەمەی دووهەم بۆ خۆشی ئەلقەیەکە لە ئەڵقەکانی سەرمایەی جیهانی، و ئەم دەسەڵاتە بەگشتی سەروەری سیاسی چینیکی کۆمەڵایەتی نمایش ئەکات کە بورژوازی کوردستانە. وەک هەر کۆمەڵگەیەکی کاپیتالیستی پەیوەندی سەرمایە و ژێرخانی ئابووری سەرمایەداری بناغە و پایەی ئەم ڕژێمە سیاسیە ناسیونالیستیەی کوردستانیشە و لێرەوە هێز وەرئەگری و ئەمیش بەڕۆڵی خۆی ئەکەوێتەوە خزمەتی.

هەر لەم ڕاستایەدا ئەبینین کە تۆژیکی دیاری کراو لە سەرمایەدارانی ملیاردێر وملیۆنێری ناو ڕژێمەکە و دەرەوی ڕژێمەکە هەمیشە کاریان لە بەرودایە و ئەمانە خەریکی وەگەڕخستن و کەڵەکەی سەرمایەن لە هەموو کەرتە پیشەسازی و خزمەتگوزاری و بازرگانی ومالیەکان و پرۆژە جوراوجۆرە ئابووریەکاندا. هەموو ئەم سەرمایە گوزاریانە لە ژیر سایەی ئەم ڕژیمەدا بە توندی گرێدراونەتەوە بە گەندەڵی و قۆرغ کردنەوە و کەڵەکەی سەرمایە بە قەبارەیەکی هێجگار گەورە زیاد ئەکات.

بۆ سەرمایەی «نەتەوەیی» کورد واتە «سەرمایەی کۆمەڵایەتی» ئەوە گرنگ نیە دەسەلات بنەماڵەیی بێت یا پەرلەمانی بەو ئەندازەیی کە سەرمایە کاری بڕوات. فۆرمی سیاسی ڕژێمی لە سەر کاربوی ئیستا و میلیشیایی بونی ئەم ڕژێمە و گەندەڵی و دوو ئیدارەیی و نەبوونی بنەماکانی دەوڵتی ئاسایی بورژوازی، لە گەڵ ئەوەشدا نەگونجاوە لەگەڵ پیداویستە ئابوری و یاسایی و ئیداریەکانی سەرمایەی نەتەوەیی، بەڵام لەباری سیاسیەوە نەک کێشە نیە بۆی بەڵکو زەرورەتێکە بۆ سەرکوتی چینی

بۆ ل٣

کریکار و پەرژوبڵاوەپێکردنی ڕیزی خەباتی لە ئیستادا.

هەروەها ئەوە ڕاستیەکی بەرچاوە کە میژووی سیاسی ئەم ڕژێم و دەسەڵاتەی کوردستان جیابووە نیە لە گەشەی ئەم سەرمایەداریەی کە ئیستا هەیە و بەم شیوە کۆنکریتەی. قسەکردن لەسەر خراپی و باشی ئەم ڕژێمە سیاسیە میلیشیاییە لە پەیوەند بە بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی کۆمەڵایەتیەوە لە کوردستاندا جیاکردنەوەی زۆرەملییانەی سیاسەت و سەرمایە و سەرمایەداری ئەم کۆمەڵگەیەیە لە مێژوی کونکریتی خۆیدا و لە دوا شیکردنەوەدا ڕۆمانسیزمی ناسیۆنالیزمی وورده بورژوا و ڕۆشنبیرانیەتی. ئەوەی لە کوردستاندا ئەگوزەرێ لە ڕووی سیاسەوە و بەم دەسەڵاتە گەندەڵ و میلیشیایی و بنەماڵەیەوە ئەوە میژووی خودی ناسیونالیزمی کورد و ڕۆڵ و نەخشیەتی لە پەیوەند بە گەشەی سەرمایە و سەرمایەداریەوە و بەشیکی ئۆرگانیک و سوپەر ستەکچەری سیاسی سەرمایەیە.

لە سەرمایەداریدا ئەوە گرنگ نیە کە سەرتا سەرمایە لە کۆیوە هاتووە و چەند تاڵانیە و بە چ میکانیزمێک کۆبۆتەوە. ئەوە گرنگە کە کاری کۆمەڵایەتی مۆنۆپۆلکراوە و لە فۆرمی سەرمایەدا و لە جوڵەکەیدا گەورەتر و گەورەتر ئەبێت. هەر وەک هەموو کۆمەڵگەیەکی تری هاوچەرخ گەشەی ئابووری سەرمایەداری لە کوردستانیشدا بەوە ئەپێورێ کە چەند سەرمایە کەڵەکە بووە. ئەی ئەوە نەبوو جلال تالەبانی کاتی خۆی پەرەسەندنی ئابووری کوردستانی بە ژمارەی ملیۆنێرەکانی کوردستان ئەپێوا. ئەوە قسەی سەرزارەکی نەبوو بەڵکو ئەوە لۆژیکی سەرمایە و نوێنەرەکانیەتی و گەشەی ئابووری بە قەبارەی کەڵەکەی سەرمایە و ڕیژەی قازانج ئەپێورێ نەک چەند جەماوەر لە خۆشگوزرانیدا ئەژی یا ناژی.

مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیش لە هەر کات زیاتر بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی گەورە ئەڕواتە پێشەوە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عیراقدا بوەتە مەسەلەی پێداویستیەکانی ئەم بەشە لە سەرمایەی نەتەوەیی کورد و بەندوبەستەکانی بە بورژوازی جیهانی و ناوچەییەوە.

سەیری ڕیزی هەموو ئەو ملیاردێر وملیۆنێرانەی کە لەناو یەکیتیدا دروست بوون و ئیستا لە ناو پارتیدان یا بەڕێوەن کە لەگەڵ پارتیدا بسازێن، ئەمە لۆژیکی زەمینی و جیهانی و بەرژەوەندی سەرمایەی لە پشتەوە وەستاوە. ناسیونالیزم و پارتیزانی ناسیونالیستی سنوورەکانی خۆی لەسەر زەمینەی بەرژەوەندەکانی سەرمایە ئەبەزینێ. ناسیونالیزمی کوردی و «نیشتمان پەروەری» ناسیونالیزم لە کۆتایی ئەم ٢٩ ساڵەدا بە جارێ پەردەی لەسەر خۆی هەڵماڵیوە و ڕێکوڕەوان بەرژەوەندیەکانی سەرمایەی گەورە و هەر بەو پێەش سەرمایەی کۆمەڵایەتی نوینەرایەتی ئەکات.

لەگەڵ ئەم واقعیەتەشدا کەچی هەوڵ و تەقەلا فریوکارەکانی بورژوازی ناوەنجی و پرتەوبۆڵەی توێژە وردە بورژوازیەکان وڕۆشنبیرانیان نابڕێتەوە و ئەیانەوێت جارێکی تر خەڵکی کریکار و زەحمەکێش بە سۆزی نیشتمانی و مۆراڵی نا مەعقولی تاڵان چێتی و گەندڵی مەشغوڵ بکەن، و جارێکی تر بە ناسیونالیزمی خەڵکگەرا سەرمان لێ تێک بدەن. هەر بەم پێیەش دورمانبخەنەوە لە کێشەی ئەسڵی کە سەروەری چینی بوارژوازی کورد و ڕژێمەکەیەتی بەسەر کۆمەڵگەوە کە سەرچاوەی مەینەتیەکانە و گەندەڵی و میلیشیا و دەسەڵاتی بنەماڵەش بەشی دانەپچراویەتی، هەروەها بێ نان و ئاوی جەماوەری کوردستانیش هەر لیرەویە. ڕزگاربوون لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و خەبات بۆ هێنانەدی ئەم ئاڵۆگۆریە ئەوە دەخوازی کە ڕاستیە چینایەتەکانی کۆمەڵگا و کیشمەکێشەکانی چۆنن ئاوا بخرێنەڕوو و خەڵکی چەوساوە و نەداری کۆمەڵگە بەرچاویان ڕوون بێت کە لە کوێی ئەم کیشمەکێشدان و لە خەباتی سیاسیاندا گورزەکانیان بۆ کوێ بوەشێنن. جەنگی چینایەتی کوردستان بە ناچاری مۆرکی خۆی داوە و ئەیدات لەم بارودۆخە سیاسیەی کە ئیستا پێدا تێئەپەڕێ.

ڕاپەرین لە کوردستاندا، ئاسۆ و چەلێنجەکان

ئەمڕۆ ناڕەزایەتی و بێزاری لەوپەڕیدایە لە کوردستاندا و ئەگەری تەقینەوەی جەماوەری و سەرهەڵدانی ڕاپەرینێکی گشتگیر هەیە لە چەشنی ئەوەی کە لە شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراقدایە، بەڵام ئەم ئەگەرە چەند ئەبی بە واقیع پەیوەستە بە زۆر فاکتۆرەوە و ناتوانری پێش وەخت جەختی لە سەر بکرێت.

ئەوەی کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەوەیە کە هەمان ئەو چەلێنج و مەسەلە بناغەیانەی کە ڕووبەڕووی ڕاپەرینی کرێکاران و زەحمەکێشان و لاوانی کچ و کوڕ و قوتابیانی خوار و ناوەراستی عیراق بوەتەوە، ڕووبەڕووی هەمان ئەم چین و تۆیژانەی کوردستانیش بوەتەوە. بێکاری و هەژاری و داهاتووی نادیاریان تەنگی بە هەردوو لایان هەڵچنیوە، و هەردولا لە بەرامبەر جۆرێک لە ڕژێمن کە هیچ ڕیفۆرم و چاکسازیەکیان لە باردا نیە. هەردوو جەماوەری عێراق و کوردستان، بە تایبەت لە ساڵی ٢٠١١ وە، چەندین خۆپێشاندانی گەورەیان کردووە و دەیان و دەیان لە خۆپیشاندەران کۆژراون لە کوردستاندا، و لە ناوەڕاست و خواروی عیراقێشدا هەر تەنها لە ڕاپەرینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ وە، کە هەتا ئیستاش بەردەوامە، سەدان لە کچان و کوڕانی ڕاپەڕیوو خەڵتانی خۆین کراون و بە دەیان هەزاریشیان لێ بریندار بووە و سەدانیشیان لێ گیراوە و فڕێنراوە لە لایەن میلیشیاکان و دامودەزگا ئەمنیەکانیانەوە. هەر بۆیە گۆرانکاری شۆڕشگێرانەی هەردوو ڕژێمی بەغدا و کوردستان بۆتە مەسەلەی سیاسی سەرەکی ڕۆژی هەردوو کۆمەڵگاکە.

ئەڵبەتە هاوسەنگی هێزی چینایەتی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و هەر بەوپێیەش هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕەوت و هێزەکانی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد لە بەرامبەر جەماوەری کرێکار و زەحمەکێش و نەداری کوردستاندا جیاوازە لەوەی کە لە ناوەڕاست و خواروی عێراقدا هەیە و هەروەها ڕەوەندە سیاسیە کۆنکریتەکانی ئەم کۆمەڵگەیەش کارەکتەری دیاریکراوی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە ئەم دوو ڕژێمە کەوتونەتە ناکۆکیەکی بێ چارەسەرەوە لە بەرامبەر زۆربەی زۆری جەماوەردا. تەوژمی پێداویستی گۆڕانکاری ڕیشەیی و وەلانانی هەردوو ڕژێم لە کوردستان و لە عیراقدا لەوە بەهێز ترە کە بە خۆشخەیاڵی ناسیونالیستی و ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی و نەتەوەیی بەری پێبگیرێت. هەر ئەمەشە کە وادەکات ڕەوەندی بەرجەستەبونەوەی هاوخەباتی نێونەتەوەیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هاوئاهەنگی خەباتی لاوانی شۆڕشگێری هەردوو کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان ئەگەرێکی بە هێز بێت و ڕوو لە پێش بێت.

ئۆپۆزسیونی بورژوازی و ئینتلجنسیای بۆرژوا ناسیونالیستی کورد

کۆنترۆڵی بێ سنوری هەردوو حزبی بنەماڵە و هێزی میلیشیان بە سەر شاخوێنبەری ئابوری کوردستان و فەشەلیان لە «دەوڵەتداری» و دابین کردنی پیداویستیەکانی «دەوڵەتی بورژوازی کوردی» و درێژەدانیان بە دوو ئیدارەیی، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕیزێکی فراوان لە بورژوازی ناوەنجی و وورده بورژوازی و ئنتلیجنسیای ناسیونال-لیبرال و بورژوا ڕیفۆرمیستی سیاسی، ناڕازی بێت و بکەوێتە کێشمەکێشەوە لەگەڵ دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کوردیدا. وە هەر لەم ڕاستایەشدا حزبی ئۆپۆزسیۆنی بورژوا ناسیونالی ناوخۆی ڕژیمەکە پەیدا ببێت لە کوردستاندا.

چینی کریکار و نەداری کوردستان و ڕیزی بەرینی بێکاران و کارمەندان و خاوەن کاری کاتی و کەم دەرامەت و هەژارکراوان کە لە ژێر باری قورسی ئەم ڕژێمەدا هەر ڕۆژە بەدەست بێکاری و بێگوزەرانیەوە ئەناڵێنن و دەزگاکانی سەرکوتی سیخوڕی و میلیشیایی «دەسەڵاتی ناسیونالیستی کوردی» ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیان سەرکوت ئەکات، بە دوای ڕێگە-دەرچوونیکی ڕادیکاڵەوەن لە کارەسات و کۆت و بەندەکانی ئەم ڕژێمە. ئەم جەماوەرە بەرینە بە ئەزمون و هۆشیاری سیاسی خۆیان بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم ڕژێمە چاکسازی هەڵناگرێ و ئەبێ لا ببرێت و نەمێنێ.

دەسەڵات و حزب و هێزەکانی و هەروەها ئۆپۆزسیونی بورژوازی دەرونی دەسەڵات هەمیشە لە هەوڵدا بوون کە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی پرۆلیتاریای کوردستان بە هەزار و یەک شیوە دەرگیری پەرژو بڵاوی بکەن. یەکێک لە چەلێنجەکانی خەباتی ئەم چینە نەدارەی کوردستان جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی خۆیەتی لە ئاسۆ و سیاسەت و ستراتیژی ئەم ئۆپۆزسیۆنە بۆرژا ناسیۆنالیستە. ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالسیتی کوردی مەیدانی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستانیان بۆ چەندین ساڵە جەنجاڵ کردووە بە هاتوهاواری خۆیانەوە و بونەتە یەکێک لە ڕێگرە سەرەکیەکانی بەرەوپێشچوونی ڕیزی خەباتی سەربەخۆ و یەکگرتوی کرێکاران و کارمەندان و زەحمەتکێشان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری شۆڕشگیرانە و ڕیشەیی لە ڕێگەی ڕوخاندنی ئەم ڕژێمەوە. ئەوە بوو خۆپێشاندانەکانی ٢٠١١یان بە لاریدا برد و کردیانە دەنگ کۆکردنەوەی کورسی پەرلەمان و وادەدانی چاکسازی درۆینە و بێتینکردنی وەزی شۆڕشگێرانەی جەماوەری ڕاپەریوو.

ئەو جۆرە چاکسازیە بۆرژوازیانە ئامانج لێیان بەجێهێنانی بەرژەوەندی ئەم بەشە ناوەنجی و بچووکانەی سەرمایەیە لە کوردستاندا تا کاروباریان بڕوات و ڕژیم چاکسازی بکات و بتوانی نوێنەرایەتی یەکسانی هەموو خاوەن پوڵ و پارەکان و ئامڕازەکانی بەرهەمهینان بێت. لەم نێوەدا گوایە کرێکاران و کارمەندان و بێکاران و نەداران لە سایەی کەسبوکاری ئەماندا و بە نەمانی دزی و تاڵانی حوکمی بنەماڵە ئەحەوێنەوە. ئەمە لە خۆڵکردنە چاو زیاتر هیچی تر نیە، و نەداران و خەڵکی زەحمەتکێش لە ژێر سایەی بورژوازی بچووک و ناوەندییدا زیاتر ئەچەوسێتەوە و ئەوە ئەزمونی تەواوی جیهانە. ئەم بەشە لە سەرمایە و نوێنەرە سیاسیەکانیان هیچ شتێکی هاوبەش کۆیان ناکاتەوە لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشاندا و بە پێچەوانەوە ئەمان ئەبنە سووتەمەنی هێنانەدی ئامانج و سیاسەت و ستراتیژەکانی ئەم بەشە لە چینی بۆرژوازی.

پیداگری لەسەر ستراتیژ و سیاسەتی گۆرانکاری ڕیشەیی وڕامالینی ڕژێمی بۆرژوا ناسیونالیست لە کوردستاندا پێش هەموو شتێک پێویستی بە سنووربەندی چینایەتیە لە بەرامبەر ئاسۆی ڕیفۆرمخوازی بورژا ئۆپۆزسیۆنی ناسیونالیستی کوردستان، ئەمە جگە لە ڕیسواکردنی ناوەڕۆکی چینایەتی بۆرژوازیانەی ئیسلامیەکان و ڕۆل و نەخشی دۆژمنکارانەیان لە بەرامبەر خەڵکی کرێکار و نەدار و زەحمەتکێشی کوردستاندا.

هەر بۆیە لە پەیوەند بە ڕێگە-دەرچوونی سیاسی لەم بنبەستەی کە کۆمەڵگای کوردستانی تێکەوتوە بە هۆی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزم، لە خەتی گشتیدا دوو سیاست و دوو ستراتیژی سەر بە دوو چینی کۆمەڵایەتی لە ئارادیە. یەکەم ستراتیژای سۆشیالیستی چینی کریکار، و دووهەم، ستراتیژی بورژوا ناسیونالی دەوڵەتگەرای بورژوازی.

ستراتیژ ودروشمی ڕاپەرینی جەماوەری وگشتگیر لە کوردستان

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیەکان لە کوردستاندا هەردەم بەردەوام بووە بەڵام تا ئیستا نەبوەتە ڕاپەرین و خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە سەرجەم کوردستاندا و نەبوەتە هەڕەشەیەکی جیدی بۆسەر دەسەڵات. ڕاپەرینی خەڵك ناتوانرێ پێشوەخت پێشبینی بکرێت و فاکتۆر زۆرن بۆ سەرهەڵدان و هەڵنەدانی بەڵام ئەوەی کە گرنگە لەڕوی عەمەلیەوە ئەوەیە کە هەر وەک چۆن لە ناوەراست و خواروی عێراقدا دروشمی وەلانانی ڕژیم بۆتە ئەجندای ڕاپەرین، بە ڕای من، بە هەمان شیوە ئەتوانرێ وەلانانی شۆڕشگیرانەی دەسەڵات ببێتە دروشمی ڕاپەرینی گشتگیر لە کوردستاندا.

ئاشکرایە کە پرۆسەی خەباتی سیاسی چینایەتی و پەرەسەندنی ناکۆکیەکان و هۆکارەکانی ئەو پرۆسەیە بە گوێرەی بەرنامە و ئەجندایەکی پێشوەخت دارێژراو ناچیتە پیش و کەسیش ناتوانی پێشبینی بکات، بەڵکو بە گوێرەی پرۆسەیەکی مادەی و مێژوویی ناو جەرگەی کۆمەڵگە لە جوڵەدایە و لە بەرەوپێشچوونی ناکۆکیەکانی پەیدا ئەبن و بەرەوپێش ئەچن. مارکس ئەڵی «کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە ناچاری تەنها ئەو کێشانە ئەخاتە ئەستۆی خۆی کە بتوانی چارەسەریان بکات چونکە ....خودی کێشەکە تەنها کاتێک دێتە ئاراوە کە هەلومەرجە مادیەکانی چارەسەری پێشتر هەبن یا لە پرۆسەی دروستبووندابن»(پێشەکی بۆ ڕەخنەی ئابووری سیاسی). ئەگەر ڕوخاندنی دەسەڵات لە کوردستاندا بۆتە ناچاریەک دیارە ڕێگە چارەکەشی لە ئارادیە، بەڵام پەیوەستە بە پلەی چوونەپێشی هێزی ڕێکخراوی چینی کریکاری کوردستان و زەحمەتکێشان و گەنجانی کچ و کوڕی ئەم چینە چونکە ئەمانن کە بەرژەوەندیان هەیە لە فەراهەمهێنانی ئاڵگۆڕی ڕیشەیی و ئەمانن کە ئەتوانن ئەلتەرناتیڤی ئەم بارودۆخە بن. ئەو کیشمەکێشە سیاسی و چینایەتیەی کە لەباری میژوویەوە لە ١٩٩١وە هاتبوە سەر شانۆی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان و قۆناغێکی ڕێگوزەری پێکهینا بوو ئێستا بەچەندین قات زیاتر خۆی دوبارە ئەکاتەوە.

ڕیزی ملیۆنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و نەدارنی کوردستان هێزێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی زۆر بەهێزترە لە نەوەی ئازاری ١٩٩١ و ئەمڕۆ تەکنەلۆجیای های تێک و کۆمۆنیکەیشن و کۆمپیوتەر و پیشەسازی گەورە هەیە کە ئەو کات یا هەر نەبوو یا لە ئاستێکی نزمدا بوو، ئەمڕۆ هەموو ئەمانە بەرهەمداری کاریان بە شێوەیکی زۆر بەرز بردۆتە پێشەوە و نەک هەر زەمینەی مادەی گۆڕانکاری سۆشیالیستانەی کۆمەڵگەیان پتەو تر کردووە بەڵکو هێزی چیانیەتی ئەم گۆرانکاریەشیان بە شیوەیەکی یەکجار زۆر بەهێز تر کردووە. گۆڕانکاری سیاسی شۆڕشگیرانە و هەڵپێچانی ئەم ڕژێمەی لە ئارادایە لە ڕێگەی شۆڕشی کریکاران و چەوساوەکانەوە لەهەر کات زیاتر لەسەر بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز ئەتوانی شکڵبگرێ و بڕواتە پێشەوە.

ئەم فاکتۆرە ئۆبژیکتیڤانە زۆر زیاتر لە ١٩٩١ لە بەرژەوەندی چینی کریکار و بزوتنەوەی سۆشیالیستی گۆڕاوە و ئەوەی کە ماوە بەرەوپێشبردنی ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و فیکری ئەم چینە و بزوتنەوەکەیەتی کە ئەمەش لە هەلومەرجی شۆڕشیگرانەدا خۆی بە شیوەیەکی شۆڕشگیرانە و خێرا ئەگۆڕێن.

ستراتیژی وەلانانی ڕژیم لە کوردستاندا هەروەک ناوەڕاست و خواروی عیراق هاتۆتە دەستوری کارەوە و خەسڵەتی کۆنکریتی ڕەوەندە سیاسیەکانی هەر یەکەیان لەم مەسەلەیە ناگۆڕێت و ئەوەشی کە کوردستان هەرێمە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیە لە زەرورەت و ئیماکانیەتی ئەم ستراتیژە کەم ناکاتەوە. یەکانگیربونی ڕوباری ئەم دوو بزوتنەوە جەماوەریە و بەرەوپێشچوونی مارشی سەرکەوتن بەسەر ئەو هەموو ڕێگری و بەلاڕێبردنەدا کە بۆرژوازی دەیانخاتە بەردمیان زەرورەتێکی ڕەوەندە سیاسیەکانی ئەمڕۆی ئەم دوو کۆمەڵگەیەیە.

لە هەموو ئەو پرۆسەیەی کە لە ئاکامی ئەم وەزعەی ئێستادا سەرهەڵئەدا لە کوردستاندا، ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریای کوردستان و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو هێزەکانی بورژاوازی و بە بەردەوامی فەرزکردنی داواکاری و ئامانجە چینایەتیەکانی خۆی سەنگی مەحەکە تا بتوانێ قەیرانی ئەمڕۆی کوردستان لە بەرژەوەندی خەباتی سیاسی چینایەتی خۆی بشکێنێتەوە.

هەر پلەیەک لە بەرەوپێشچونی خەباتی سیاسی چیانیەتی کریکاری و سۆشیالیستی لە کوردستاندا پلەیەکە لە بەرەوپێشچونی ئەم بزوتنەوەیە بۆ وەرگرتنی دەسەڵات لە کوردستاندا. هەر لێرەشەوەیە کە پرۆلیتاریای کوردستان بە ئاسۆ و پەرچەمی سۆشیالیستیەوە ڕێگە چارەی هەموو ئەو کێشە هەمەگیرە سیاسیانە بە ئاکام ئەگەیەنێ کە کۆمەڵگای داگرتووە، ئەویش بە گوێرەی بەرژەوەندیەکانی خەباتی سۆشیالیستی خۆی، لەوانەش چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی کورد.

١٦ ئەیاری ٢٠٢٠

ئایە دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم ڕاپەڕینەی ئێستای عێراق؟

درێژەی لاپەڕە١

نادر عبدالحمید

یەکخەنەوە بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەم دیاردە تازەیەدا کە خۆی خزاندۆتە ناو هاوکێشە سیاسیەکانەوە. ئەم هێزانە، ئەو کۆکبونەی کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بە جۆرێک لە ئاسانی لە پرۆسەی ئیمپریالیستانەی ناسراو بە پرۆسەی سیاسی عێراق پێیگەیشتن بۆ دوبارە بونیادنانەوەی عێراق و دابەشکردنەوەی دەسکەوتەکان، ئیتر ئێستا وا ئاسان نیە بۆیان کە بتوانن ڕیزەکانی خۆیان یەکخەنەوە تا جارێکی تر کاروبارەکان بگەڕێننەوە بۆ دۆخی "ئاسایی" بورژوازیانەی خۆی.

دەست لەکار کێشانەوەکەی مەهدی (سەرەتای دێسەمبەری ٢٠١٩) ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری ئەو کوتەکانەدا بوو کە ڕاپەڕین دەیسرەواندە پەیکەرەکانی دەسەڵات، بەڵام سەرنەکەوتوویی عەلاوی (شوباتی ٢٠٢٠) و زورفی (مارسی ٢٠٢٠) لە پێکهێنانی حکومەتی تازەدا بەپلەی یەکەم هۆکارەکەی ڕێکنەکەوتن بوو لەسەر کاندیدێکی دیاریکراو لەلایەن قەوارە سیاسیەکان و حزبەکانەوە.

ئێستا وێنەکە لە سێهەمین هەوڵ و لە یەکەمین دەرکەوتەی شانۆیی خۆیدا، بە ئامادەبوونی زوربەی ڕابەران و بەرپرسانی قەوارە و حزبەکانی پەرلەمان لە ڕۆژی ڕاسپاردنەکەدا، وا دێتەبەرچاو کە ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندایە بۆ بەربژێرکردنی کازمی و هەروەها لە پشت پەردەی شانۆکەشەوە لەوە دەچێت ڕێککەوتنێکی ژێربەژێریش لە نێوان هەردوو تیپی یارکەری سەرەکی ناو گۆڕەپانی عێراق، واتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جمهوری ئیسلامی ئێران، لە ئارادابێت.

٢- ڕاپەڕین، خولانەوە لە شوێنی خۆی و پەرەنەسەندن

تەواوی ئەم حاڵەتانە، سەرەتا دەست لەکار کێشانەوەکە پاشان سەرنەکەوتوویی هەوڵەکانی یەکمجار و دووەمجار بۆ پێکهێنانی حکومەت و دواجار کۆک بوون لەسەر دەستنیشان کردنی بەربژێرێکی هاوبەش بۆ سەرۆکایەتی حکومەت لە هەوڵی سێهەمدا، هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ڕاپەڕینەکەن بە خاڵە لاواز و بەهێزەکانیەوە.

لە قۆناغی یەکەم، کاتێک ڕاپەڕین لە هەڵچون و بەربڵاوبوندا بوو لە سێ مانگی یەکەمیدا تا کۆتایی دێسەمبەری (٢٠١٩)، تەختوتاراجی دەسەڵاتی هێنایە لەرزین و قەوارە سیاسیەکان و حزبە قەومی و تائیفیەکانی فەرمانڕەوا ملیان بەوەدا کە سەرۆکی حکومەت بکەنە قوربانی تا ڕژێمەکەیان بپارێزن.

ئا لەم کاتەدا (دێسەمبەری ٢٠١٩) ڕاپەڕین گەیشتە چرکە ساتێکی مێژوویی یەکلاکەرەوە، کە نەیدەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر تیا بمێنێتەوە و دەبوا لەوە واوەتر بڕوات، واتا خۆی لە کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکان و شۆڕاکاندا ڕێکخراو بکات لە مەیدانەکانی ڕاپەڕین کە ئەمە خۆی بنەمایەکی پێکدەهێنا بۆ پەیوەستبوونی توێژەکانی تری چینی کرێکار پێیەوە، بەتایبەت ئەو توێژانەی کە لەسەرکار و لە بەرهەمهێناندان، ئەمەش واتا هێنانەئارای دەسەڵاتی دوانەیی (ازدواجیة السلطة) و قوتکردنەوەی ئیرادەی چینایەتی خۆیان لەبەرامبەر دکتاتۆریەتی خوێناوی و میلیشیایی حزبە بورژوازیەکاندا کە بۆ چرکە ساتێکیش هیچ دوو دڵیان نەکردوە لە کوشتنی سەدان و پێکانی هەزاران لە گەنجانی کچ و کوڕی ڕاپەڕیوو و ترۆر و ڕفاندنی چالاکوانان.

یا مانەوەی دکتاتۆریەتی بورژوازی یا داسەپاندنی دکتاتۆریەتێکی شۆڕشگێڕانە، هیچ شتێکی تری سێهەم لە نێوان ئەو دوانەدا نیە، یا دکتاتوریەتی حزبە بورژوا میلیشیە قەومی و دینینە تائیفیەکان لە عێراقدا دەتوانێت بمێنێتەوە (کە ئەمە هاتەدی) لەگەڵ چەند ئاڵوگۆڕێکی شکڵی پوچ لە ڕژێمەکەیاندا، یان ڕاپەڕین دەبوو بیتوانیایە ئاڵوگۆڕێکی جۆرایەتی لەناوخۆیدا بێنێتەدی کە ڕێگەی پێبدات ئیرادەی جەماوەرێکی ئازاد لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان کە خۆیان ڕێکخراو کردوە لە کۆمیتە شۆڕشگێڕیەکان و شۆڕاکاندا، لە حکومەتێکی کاتی شۆڕشگێڕدا بەرجەستە بکاتەوە، کە ئەرکە دەستبەجێکەی ڕێکخستنی ئەم ئیرادە ئازادە سیاسیە و ڕابەرایەتی کردن و هەڵخراندنی بوایە بۆ پیادەکردنی دکتاتۆریەتێکی شۆڕشگێڕانە و هێنانەدی شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕوخانی دەسەڵات و گەسک لێدانی سیستمی بورژوازی بە تەواوی و بە گشت پایەکانیەوە (کە ئەمەیان نەهاتەدی، یان باشترە بڵێین ئەم پرۆسەیە حاڵەتی کۆرپەلەیی خۆی تێپەڕنەکردوە هێشتا).

جا کاتێک ڕاپەڕین [لە نێوان سەرەتای دێسەمبەری (٢٠١٩) و کۆتایی کانونی دووەمی (٢٠٢٠)، واتا بەدوای دەست لەکار کێشانەوەکەی مەهدی و پێش ڕاسپاردنی عەلاوی] نەیتوانی بگاتە ترۆپکی خۆی، (هەرچەندە لەچەند ڕوویەکەوە ڕیشەدار تر بوو وەک بەشداری ژنان و ڕۆڵی خوێندکاران)، لە شوێنی خۆی چەقی بەست و کەوتە خولانەوە.

بەمەش دەسەڵا هەناسەی هاتەوەبەر و بورژوازیش بەهەموو باڵ و لایەنەکان و میدیاکانیەوە، وە لەگەڵیشیا بورژوازی ناوچەکە و جیهانیش توانیان فۆرمۆڵەی کێشەی بەربژێرێک بۆ سەرۆکایەتی حکومەت و ڕێخۆشکردن بۆ هەڵبژاردنێکی پەرلەمانی "پاک" بە چاودێری (نەتەوە یەکگرتووەکان) و نوێنەرانی خەڵکی ڕاپەڕیوو، بکەنە کێشەی بناغەیی ڕاپەڕین و چارەسەری گرفتەکانی جەماوەر و دەربازکردنی وڵات لەو تەنگەنایەی کە تێی کەوتووە، وە جیاوازی نێوانیشیان پێوەر و ڕێگە و چونیەتی هێنانەدیەکەی و هەروەها ئەندازەی چاکسازی و پلەی پاشەکشە کردن بوو لەبەرامبەر جەماوەردا.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەک بە هەڵوێستی (حزبی شیوعي عێراق)، هاوپەیمانی ڕەوتی سەدر، بکەین کە ئەویش لەناو هەمان ئەو هاوکێشەیەدایە هەرچەندە جیاوازیەکی بەرچاویشی هەیە لە (ئەندامانی خانەوادە بورژوازیەکەی) لە پێوەر و ڕێگەچارە و سنگ فراوانیەکەی بۆ پێشکەشکردنی چاکسازی بۆ جەماوەر.

لەگەڵ هەموو ئەم قوربانیە گەورانە و کارە شۆڕشگێریە پاڵەوانبازیانەی کچان و کوڕانی ڕاپەڕیو، کە بەخوێنی خۆیان بەرگریان لە مەیدانەکانی ڕاپەڕین و ناوچە ئازادکراوەکان کرد و سنگی خۆیان کردە قەڵغانێکی پارێزەر لە بەرامبەر تفەنگەکانی میلیشیای حزبەکانی دەسەڵات و دامودەزگا سەرکوتگەر و هێزە ئەمنیەکانی و ڕێگەیان نەدا کە ئەو مەیدانە ئازادکراوانەیان لەدەست دەربهێننەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕاپەڕین لە شوێن خۆی دەخولایەوە و چەقی بەست تا بڵاوبونەوەی پەتای کوڕۆنا کە لە کۆتایی مانگی شوبات و سەرەتای مارسی (٢٠٢٠)دا باڵی ڕەشی بەسەر جیهاندا کێشا و دەستی کرد بە درووێنەکردنی ژیانی ئینسانەکان و هەڕەشەکردن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئەوە نیعمەتێکی ئاسمانی بوو بۆ ڕزگارکردنی ڕژێمە بورژوا گەندەڵەکان و وای کرد کە بزوتنەوە نارەزایەتیەکان و ڕاپەڕینەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا، لەوانە لە عێراق و لوبنان و ئێراندا، لەبەرچاوان دیار نەمێنن.

جا لە بارودۆخی چەقبەستویی ڕاپەڕین و کەشوهەوای پڕ لە ترسی بڵاوبونەوەی پەتا و پابەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستیەکانی خۆپارێزی و هەڵنەسان بە سازدانی کۆبونەوەی بەرفراوان و خۆپێشاندان، ترسی حزبەکانی دەسەڵات و قەوارە سیاسیەکان لە ڕاپەڕین کەم بۆوە و هەموو تواناکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لە دەستنیشانکردنی بەربژێرێکی هاوبەش و خێراکردن لە ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆیان و ئەمەش بە ئاکام گەیشت لە هەوڵی سێهەمدا.

٣- بەرگری گیانفیداکارانە بەس نیە

کاتێک ڕاپەڕین بەدوای دەست لەکار کێشانەوەکەی مەهدیدا نەیتوانی بگاتە ترۆپکی خۆی، کەوتەبەر چەندین پەلامار بە مەبەستی تێکشکاندن و دامرکاندنەوەی. ئەوە بوو چەندین پەلاماری دڕندانەمان بینی بۆسەر مەیدانە ئازادکراوەکان لەلایەن میلیشیای حزبەکانی دەسەڵات و هێزە سەرکوتگەرەکانیەوە لەگەڵ چڕکردنەوەی تاوانەکانیان لە کوشتن و ترۆر و ڕفاندن، هەروەها یاریکردن لەسەر دوو پەتی دەسەڵات و ڕاپەڕینی ڕەوتی سەدری دژە-شۆڕشی خۆ مەڵاسداوی ناو ڕاپەڕینیشمان بینی کە چۆن دەیویست بە هێزنواندن و دەستدرێژیەکانی بۆسەر ڕاپەڕین خۆی داسەپێنێت بەسەریدا و لەقاڵبی بدات و بیکاتە گۆچانی دەستی خۆی بۆ ساتوسەودای سیاسی، بەڵام دژە-شۆڕش بەهەردوو بەشەکەیەوە (چ ئەوەی خۆی مەڵاسداوە لەناو ڕاپەڕین و چ ئەوەی لەدەرەوە بەرەوڕووی وەستاوە کە دەسەڵات و میلیشاکانن) نەیانتوانی دەست بەسەر ڕاپەڕیندا بگرن و دایبمرکێننەوە و تێکیبشکێنن.

بەرگری گیانفیداکارانە لە بەرامبەر پەلامارەکانی دەسەڵات و دژە-شۆڕشدا هەرچەندە کارێکی پاڵەوانبازیانەی مەزنی خەڵکی ڕاپەڕیوە، بەڵام لە نەهاتنەدی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لەناو ڕاپەڕیندا، ئەو جەماوەرە تێکۆشەر و ڕاپەڕیوە ناتوانێت شتێک بەدەست بهێنێت کە شایەنی ئەو قوربانیە مەزنانەی بێت.

٤-لاوازی ڕاپەڕین لە خاڵی لاوازی سەرەکی چینی کرێکاردایە

ئەم ئاڵوگۆڕەش لەخۆیەوە نایەتەدی، بەڵکو پێویستی بە ئیرادەیەکی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەی ئاگاهانەیە کە بەشێوەیەکی بەرنامەدارێژراو، ئامانجدار و پڕ حەوسەڵە کار بکات و خۆی ڕێکخراو بکات لە ڕێکخراوێکی (یا حزبێکی) مارکسي خاوەن ڕوانگەیەکی تیژ کە لە وەرچەرخانە مێژوویيەکاندا هەلدەقۆزێتەوە بۆ کەناڵێزەکردنی خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش بۆ ناو ڕێرەوی شۆڕشی سۆشیالیستی. چەق بەستوویی ڕاپەڕین و لاوازیەکانی کێشمان دەکات بۆ دۆزینەوەی خاڵی سەرەکی لاوازیەکانی چینی کرێکاری عێراق کە لەم ڕاپەڕینەدا بە ڕۆشنی خۆی نیشاندەدات، ئەویش ئەوەیە کە نەهاتۆتە مەیدانی جەنگی سیاسیەوە دژ بە بورژوازی وەک چێنێک کە بەدیلی سیاسی خۆی بۆ کۆمەڵگە بخاتەڕوو. ئەم هاتنەمەیدانەش پێویستی بەئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی هەیە لەناو خودی خۆیدا تا بتوانێت وەک چینێکی سەربەخۆ لە پێناو خۆیدا بێتەمەیدان.

ئەم ئاڵوگۆڕانەش نایەنەدی تا بزوتنەوەی چینی کرێکار بەرجەستە نەبێتەوە بە ئاسۆی سۆشیالیستی و گرتنەبەری سیاسەتی سۆشیالیستی. بزوتنەوەی چینی کرێکار ناتوانێت بەبێ کۆمۆنیزم بەسەر چەوسێنەرەکانیدا کە بورژوازی و دەسەڵاتەکەیەتی سەرکەوێت بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و یەکجاری.

٥- ئایە دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا؟

لینین لە پێشەکی کتێبەکەیدا (دوو تاکتیکی سۆشیالیستی ...) وە لە دوو توێی باسکردنی لە (شۆڕشی ١٩٠٥)ی ڕوسیا دەڵێت: (بەدڵنیاییەوە ئەم شۆڕشە زۆر شتمان فێردەکات، وە زۆر شتیش فێری جەماوەر دەکات، بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە دەخرێتە بەردەم حزبێکی سیاسی تێکۆشەر ئەوەیە کە بزانرێت ئایە دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم شۆڕشە؟]

بە دڵنیاییەوە ئێمە و جەماوەریش زۆر شت لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)ی عێراقەوە فێربووین، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئایە ئێمە وەک ڕێکخراوێکی سیاسی تێکۆشەر دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم ڕاپەڕینە؟ وە بیکەینە ئامرازێک بۆ چارەسەری خاڵی هەرە سەرەکی لاوازی چینی کرێکاری عێراق؟

٦ - ئاسۆی سۆشیالیستی و تاکتیکی بەرجەستە

ئێمە پەلێکین لە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری ڕزگاریخوازانەی جیهان لە سەردەمی گەندیدەگی سەرمایەداریدا کە زۆر ڕۆشن دەرکەوتووە بورژوازی گیریخواردوە بەدەست ئەوەوە چۆنچۆنی هەلومەرجی بوونی چینەکەی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێ، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئیتر ناتوانێت لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بژیت، بەواتایەکی تر ئیتر بوونی بورژوازی گونجاو نیە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە سەردەمی ژانی لەدایکبوونی شۆڕشە سۆشیالیستیەکانە لە جیهاندا، ئەمەش خۆی لە سەرهەڵدانی بزوتنەوە نارەزایەتیەکان و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژارکراوان و پەراوێزخراواندا دەبینێتەوە لێرە و لەوێی زۆرێک لە وڵاتانی جیهان. ئەم نارەزایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕشە سیاسیانە لە جیهانی ئەمڕۆدا بەدوای دەروازەیەکدا دەگەڕێن بۆ لەدایکبوون شۆڕشی سۆشیالیستی.

ئەوەی کە ئەمڕۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق هەڵدەستن نارەزایەتی بەردەوام و خۆپێشاندان و ڕاپەڕین بەشێکە لەو ڕاستیانەی جهان و لەو ژانگرتوویە. ئێمە ئاگاهانە خەبات دەکەین لە پێناو یەکخستنی ئەو خەباتە لەگەڵ خەباتی نێونەتەوەیی چینی کرێکاری جیهانی، ئەمەش لە هەنگاوی یەکەمدا لە ڕێگەی هێنانەدی یەکیەتی چینی کرێکاری عێراق و بەهێزکردن و پاراستنی ئەو یەکیەتیە لەسەراسەری عێراقدا. ئێمە لەم جوگرافیا بچوکەی عێراقدا بەم ئاسۆ و بەم ڕوحە ئینتەرناسیونالیەوە کاردەکەین بۆ کەناڵێزەکردنی ئینێرژی خەباتمان بۆناو ڕێرەوەی لەدایکبونی شۆڕشی سۆشیالیستی لە جیهاندا.

بەم ئاسۆ و ڕوحیەتەشەوە چوینە ناو ڕاپەڕینەکە و ڕەنگمان پێداوەتەوە لە بەیاننامە و دۆکیومێنتەکانماندا، وەک یەکەم بەیاننامە لە (٢-١٠-٢٠١٩)، پلاتفۆرمی (٢٣-١٠-٢٠١٩) دەربارەی چۆنیەتی مامەڵەیەکی کۆمۆنیستانە و شۆڕشگێڕانە لەگەڵ ڕاپەڕین، دۆکیومێنتی (سەرخەتە گشتیەکانی پێکهێنانی شۆڕاکان) لەناو ڕاپەڕیندا (٥-١٢-٢٠١٩). چالاکی ڕۆژانەشمان ئەم ئاسۆ وڕوحیەتەی بەرجەستەکردۆتەوە لە مەیدانەکان و گۆڕەپانەکانی ڕاپەڕیندا. گەرچی چەند هەنگاو چوینە پێشەوە بەڵام نەمانتوانیوە بگەینە ئامانجەکانمان و مۆری خۆمان بکوتینە ڕاپەڕینەکە، هەروەک بەشداری چالاکانەی (کۆمەڵەی کۆمۆنیست) لە شۆڕشی (١٨٤٨)ی ئەڵمانیادا کە (مانیفێستی کۆمۆنیست)یشی بەدەستەوە بوو و نەیتوانی، وە بەلشەفیەکانیش لە شۆڕشی (١٩٠٥)ی ڕوسیادا نەیانتوانی هەرچەندە ڕوانگە و سیاسەتەکانیشیان ڕۆشن بوو.

مارکس و ئنگلس و لینین و ڕێکخراوەکانیان چونە ناو ئەم شۆڕشانەوە بە ئاسۆیەکی ڕۆشنی سۆشیالیستی و تاکتیکی سیاسی عەمەلی بەرجەستەوە بۆ ڕێنماییکردنی ئەو شۆڕشانە و ڕێکخراوکردن و ڕابەرایەتیکردنیان، هەروەک لە ئەڵمانیا (ڕۆزا لۆکسمبۆرگ ١٩١٨) و لە ئیتالیا (گرامشی) و هەروەها مارکسیست و کۆمۆنیستەکانی زۆرێک لە وڵاتانی تریش لە شۆڕشەکاندا بەشداریان کردووە و سەرکەوتوو نەبوون. کاتێک چاو دەخشێنینەوە بە چالاکی و ڕۆڵی خۆماندا وەک ڕێکخراوێکی مارکسیست لە عێراقدا، کە بۆچی نەمانتوانیوە مۆری کۆمۆنیزم بکوتینە ئەم ڕاپەڕینی ئێستای عێراق؟ پێویستە سەرەتا لەوە دڵنیابین کە ئایە هەر لەسەرەتاوە ئاسۆیەکی ڕۆشنی سۆشیالیستی و سیاسەتێکی عەمەلی بەرجەستەمان هەبووە یان نا؟ پاشان بێین چاو لە ئیمکاناتی سنورداری خۆمان بکەین لەبەرامبەر ئەم دیاردە مەزنە زەبەلاحە، وە بارودۆخی گشتی کۆمۆنیزم و ئەو ڕێگرە مادیە بابەتیە گیانسەختانەی بەردەمیشمان لەبەرچاوبگرین.

٧ - باڵادەستی بەدیلی کۆمۆنیستی وەک ڕێکخراوێکی مارکسیستی

لە نێو تۆپەڵێک لە حزب و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵەی چەپ و کۆمۆنیست لە عێراق و کوردستان، ئێمە لەگەڵ هەموو کەموکوڕیەکیشماندا شانازی دەکەین بە خستنەڕووی ئاسۆیەکی سۆشیالیستی لێکهەڵێنراو بە سیاسەت و تاکتیکی موشەخسەس لەناو ئەم ڕاپەڕینەدا، وێڕای ئامادە بوونی چالاکانەمان لە گۆڕەپان و مەیدانە ئازادکراوەکاندا. حزبێک هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەوە سەرکۆنەی ڕاپەڕینی کرد و ڕایگەیاند کە ئەمە یاریەکە لە کێشمەکێشی نێوان هێزە بورژوازیەکان و دەیانەوێت جەماوەر کێش بکەن بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خۆیان، بەڵام دوای نزیک بە مانگێک کەوتنە لایەنگری لە ڕاپەڕین بەبێ ئەوەی چاوبخشێننەوە بە هەڵوێستی ڕابردوویاندا و بێدەنگەیان لێکردوە. هەندێکیش سێکیولاریزم و دیموکراتیزمیان خستەڕوو بۆ ئەم ڕاپەڕینە وەک بەدیلێک کە بەدەستیەوە بگرێ. هەندێکیش هەر لەدوورەوە کەوتنە پیاهەڵخواندن بەشانوباڵی ڕاپەڕین و کاری پاڵەوانبازیانەی خەڵکی ڕاپەڕیوو و وتنەوەی ڕستە و شیعاراتی سۆشیالیستی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئەلەکترۆنیدا بێ ئەوەی بێنە ناو گۆڕەپانەکانی ڕاپەڕینەوە. هەندێکیش خۆیان سەرگەرم کرد بە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی سۆشیالیستی و پروپاگەندەکردن بۆی. هەموو ئەم بەشداریانەش شتێکی باش بوون بەڵام لە ئاست بەشداریەکی پێشڕەوانەی سیاسی و ڕابەریانەی کۆمۆنیستیدا نەبوون لە چرکە ساتێکی مێژووی هەستیاردا، وەک ڕۆڵێک کە (ڕێکخراوی بەدیل) پێی هەڵساوە وەک جەنگاوەرێکی کۆمۆنیستی مەیدانی شەڕەکە. هەرچی (حزبی شوعی عێراق)ە جێی باسی ئێمە نیە لێرەدا چونکە ئەم حزبە بەشێک نیە لە چەپی کۆمەڵگە، بەڵکو جەمسەری چەپ پێکدەهێنێت لەناو پرۆسەی سیاسی بورژوازیدا لە عێراق و کەوتۆتە لای چەپی حزبە ڕاستڕەوەکانی ڕەوتە قەومی و ئاینیەکانەوە لەناو هەمان هاوکێشەدا. ئەم حزبە هاوپەیمانی ڕەوتی سەدری کۆنەپەرستی دژە-شۆڕشە. ئامادەبوونی لەناو ڕاپەڕیندا (وەک ئامادەبوونی ڕەوتی سەدر) درێژەی پەلهاویشتنی بورژوازیە بۆ ناو بزوتنەوە نارەزایەتیەکان تا بیانچەمێنێتەوە و ملکەچیان بکات بۆ پرۆسەی سیاسی بورژوازی کە خودی ئەم ڕاپەڕینە بۆ ڕامالین و گەسک لێدانی هاتۆتەئاراوە بە خۆی و بە گشت حزبە بورژوازیەکانیەوە لە هەردوو جەمسەری ڕاست و چەپی ئەم پرۆسە سیاسیە.

٨- داخراوی ئاسۆی بورژوازی و کرانەوەی ئاسۆی شۆڕشی سۆشیالیستی

ڕاپەڕین لە شەش مانگی ڕابردوودا نەک هەر دەسەڵاتی ڕیسواکرد و ماسکی لەسەر ڕووی

بۆ لاپەڕە ١١

دریژەی لاپەڕە ١

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق، ئامانج و داواکاری و دروشمەکان

بێبەش کراو و پەراوێزخراوی ڕاپەڕیو سوورە لەسەر هاتنەوە مەیدانی ناڕەزایەتی بەهێز و پێداگیریەکی گەورەتر و ڕۆژی ٢٥ی ئۆکتوبەریان دیاریکردوە بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان.

سرووشتی چینایەتی جەماوەری ڕاپەڕیو، و بنکە کۆمەڵایەتیە فراوانەکەی

سرووشتی چینایەتی ئەم جەماوەرە ڕاپەڕیوە، پێکهاتوە لە گەنجانێکی کوڕ و کچی بێکارکراو کە ڕوویان لە ژیانێکی هاوچەرخ و خۆش گوزەرانە، پێکهاتووە لە هەژارکراوانی شارەکان، لە کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە مەشغولی کاری نیوەناچڵ و بێ پشتیوانەن (عمالة هشة)، وێڕای بێبەشانێک کە سەر بە توێژە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانن. گشت ئەم جەماوەرە بەشداربووەی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە بەشێکی بناغەیی هێزی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە پێکدێنن لە سەراپای کۆمەڵگەدا.

ئەمە و خۆپیشاندەران تەنها نین و بەهرەمەندن لە هاوپشتیەکی بەرفراوانی جەماوەری لە عێراقدا، بۆیە هێزە کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە زۆر لە چواچێوەی جەماوەری خۆپیشاندەر فراوانترە و ئامرازەکانی خەبات کردنی جۆراوجۆر تر و هەمەلایەنە ترە. کرێکاران و زۆربەی فەرمانبەران لە کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت و لە هەموو پیشەسازی و بازرگانی و خزمەت گوزاریەکاندا، جەماوەری ژنان کە بەدەست بەرفراوانترین ئاستی بێکاری و توند ترین جۆری هەڵاواردن و وەلاخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەوە دەناڵێنن، کوڕ و کچی خێزانە کرێکاری و زەحمەتکێشیەکان کە لە ناو هێزەکانی سووپا و پۆلیسدان، وە تەواوی ئازادیخوازان و مرۆڤدۆستان و خوازیارانی ژیانێکی یەکسان، ئەمانە نەک تەنها بنەمای کۆمەڵایەتی فراوانی ئەم بزووتنەوەی ناڕەزایەتیە پێک دێنن، بەڵکو پێکەوە لەگەڵ جەماوەری خۆپیشاندەراندا، پێکهێنەری هێزی بزوێنەری بنەڕەتین بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگە دا.

ئامادەبوونی فراوانی چینی کرێکار و جەماوەری پرۆلیتاریا لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی سەربەخۆدا لەڕێگەی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانەوە هەنگاوێکی چارەنووس سازە لە ڕێرەوی خەباتی سیاسی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵگە و لە بەرەوپێش چوونی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە و بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیدا.

گەندەڵی، نیۆلیبرالیزم، ڕژێمی پشک پشکێنە و ئەم بزووتنەوە جەماوەریەی ئێستا

ئەم هەستانە جەماوەریەی کرێکارانی بێکارکراو، زەحمەتکێشان و گەنجانی ئازادیخواز، لە بنەڕەتدا دژ بەو بارودۆخە سەختە ئابووری و کۆمەڵایەتیەیە کە تیایدا دەژین، دژ بە بێبەشیانە لە ماف و ئازادیەکان لەژێر سایەی ئەم ڕژێمە سیاسیەی عێراقدا، دژ بە گەندەڵی و گەندەڵکارانێکی زەبەلاحە کە وێنەی کەمە لە جیهاندا، لە تاڵانی بژێوی جەماوەر و لوشدانی سەروەتوسامانی کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرفراوان و بەخێریی.

ئەم بزووتنەوەی ناڕەزایەتیە جەماوەریە، ڕاپەڕینە دژی کولەمەرگی ئابووری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرهاویشتەی سیاسەتە ئابووریەکانی نیولیبرالیزمە کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ڕەوتە ئیسلامی و قەومیەکان بە درندانەترین شێوە جێبەجێی دەکەن.

ئەم سیاسەتانە هەژاری و بێکاریان سەپاندوە بەسەر دەیان ملیون کەسدا و مافی بەهرەمەندبوونیانی لە خزمەتگوزاری بێ بەرامبەری تەندروستی و خوێندن و خانووبەرە لێ زەوتکردوون و بەدەستهێنانیانی خستۆتە گرەوی میکانیزمەکانی بازاڕەوە.

هەنگاوی یەکەم بەرەو بەدەستهێنانی خۆش گوزەرانی ئابووری بۆ هاوڵاتیان تێکشکاندنی سیاسەتە نیولیبرالە ئابووریەکانی حکومەتە.

ڕەوت و حیزبەکانی بۆرژوازی وەک هێزی "دژە شۆڕش"، و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە

ئاشکرایە کە بۆرژوازی و حیزبەکانی و ڕەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیون دەستەوەستان نەوەستاون بەرامبەر بەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانە. ئەم ڕەوتە ئیسلامی و قەومیانە لە عێراقدا بەتوندی بەستراونەتەوە بە ئەجەندای دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانەوە و پیادەیدەکەن و کەڵکی لێوەردەگرن بۆ بەردەوامی دان بە خۆداسەپاندنیان بەسەر جەماوەردا.

هەر ئێستا، ئەمریکا و ئێران لەهەوڵی بەهرەبەرداری بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەدان لە بەرژەوەندی ئەجەندا و کێشمەکێشەکانیان لە ئاستی عێراق و ناوچەکە، وە لەم ڕێرەوەدا ڕەوتە بورژوازیەکانی ناوخۆ بەشێوەی جیاجیا هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم دوو دەوڵەتە دەکەن. ئەمریکا بە سوود وەرگرتن لەم بارودۆخەی ئێستا لە هەوڵی سەپاندنی ئاڵتەرناتیڤی سیاسی و سەربازی خۆیدایە، هەروەها ڕژێمی ئێرانیش لە هەوڵی ئەوەدایە تا دەستبەسەراگرتنی خۆی بەسەر ڕێرەوە سیاسیەکانی بارودۆخی عێراقدا توندوتۆڵتر بکاتەوە.

لەناو خۆپیشاندانەکاندا کۆمەڵانێک هەن کە پرۆپاگەندە بۆ ئاڵتەرناتیڤی سیاسی ئەمریکی دەکەن کە ئەمانە شتێک نین جگە لە هێزی دژ بە ڕاپەڕینە جەماوەریەکە. ئەوان ناڕەزایەتیەکان دەخەنە خزمەت ئەمریکا و ستراتیژیەتە کۆنەپەرستانەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا.

لیستی حیزب و ڕەوتە بۆرژواکانی دژە شۆڕش کە دەیانەوێت کۆنترۆڵی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکە بکەن دوورودرێژە، هەر لە قەومیە عروبەویەکانەوە بیگرە تا قەومیە ئیسلامیەکان و پاشماوەی بەعسیەکان و هێزە بۆرژواکانی نیولیبرالی، کە هەموویان بە شێوەیەک لە شێوەکان بەستراونەتەوە بە ئەجەندا و بەرژەوەندی ئەمریکا و سعوودیە و دەوڵەتانی تری ئیمپریالی و ناوچەییەوە لە عێراقدا، تا دەگاتە هەندێ حیزب و ڕەوتی بۆرژوازی بەشدار لە دەسەڵات دا.

پاش ئەوەی کە (ڕەوتی سەدر) و (هاوپەیمانی سائرون)، کە لە حیزبەکانی دەسەڵاتن، لەسەرەتادا هەڵوێستی دژی خۆپیشاندانەکانیان نیشان دا، لەم دواییانەدا دەستیان دایە پیادەکردنی تاکتیکێکی نوێ کە ئەویش تاکتیکی لەباربردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەیە لە ڕێگەی بەشداری کردن لە خودی بزووتنەوەکەدا، تاکتیکی تێکەڵکردنی "کارتەکان" و لەناوبردنی بزووتنەوەکە "بەشێوەیەکی نەرم". هەر بۆیە (ڕەوتی سەدر) بڕیاری بەشداری کردنی دا لەو خۆپیشاندانەی کە بریارە لە ڕۆژی ٢٥ی ئەم مانگەدا (ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) سەرهەڵبداتەوە.

یەکێک لە مەترسیە هەرە سەرەکیەکان کە چاوەڕوری ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە داوە و ڕێی لێ دەگرێت ببێت بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان و قەیرانێکی شۆڕشگێڕانەی سەراسەری کە گۆڕانکاری ڕیشەیی و شۆڕشگێڕانە بێنێتەدی، بریتیە لە لەقاڵبدانی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە لەلایەن بۆرژوازیەوە لە ڕێگەی چەسپاندنی ئاسۆ و ئاڵتەرناتیڤە سیاسیە دژ بە شۆڕشەکانیەوە، بەسەر ئەجەندای سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری خۆپیشاندەر و بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکەدا.

جا لێرەدا هەوڵی لەباربردنی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە چ لەلایەن ڕەوتێکی بۆرژوا ئیسلامی یان قەومی "عیلمانی- نیشتمانی"ەوە بێت، یا لەلایەن ڕەوتێکی لیبراڵی، یا ریفورمیستی "مەدەنی" بۆرژوازیەوە بێت بەناوی چەپەوە، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

دروشمی "ڕووخاندنی ڕژێم"

ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیەی چەند هەفتەی پێشوو هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە چوارچێوەی خواستی چاکسازی تێپەڕاند و ئامانجە سیاسیە کەی لە "ڕووخاندنی ڕژێم " دا کۆکردەوە.

سەرکوتی درندانە و خوێناوی ناڕەزایەتیەکان لەلایەن ڕژێمەوە، زیندانی و ڕاوەدونانی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزەکانی سەر بە دەسەڵات ناوەڕۆکی ئەم دروشمەی قووڵتر کردەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. ئەم سەرکوتی ملیونەها مرۆڤە ڕونوئاشکرا ئەو بانگەشەی پووچەڵ کردەوە کە گوایە ڕەوت و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی نوێنەری جەماوەرن، وە ئەوەی سەماند کە ڕژێم لە سەنگەری دژ بە جەماوەردا وەستاوەتەوە.

ڕووداوە خوێناویەکانی ئۆکتوبەر سەرەتای کۆتاییهاتنی ئەم ڕژێمە و بڕینی دوا داوی پەیوەندیەتی بە کۆمەڵگە و جەماوەرەوە، ئیتر لای ئەو ملیونەها مرۆڤە ئاشکرایە کە ڕژێم هێزی سەرکوتگەر و ڕێگرە لەبەردەم بەدەستهێنانی داخوازی و چاوەڕوانیەکانیان بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و کار و خۆش گوزەرانی و ژیانی یەکسان بۆ هەموان.

چەندە بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە هەنگاو بنێت بەرەو پێش و چەکدار بێت بە سیاسەتە سەربەخۆکانی لە مسۆگەر کردنی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گەنجانی ئازادیخواز و کرێکاران و جەماوەری بێکارکراو و بێبەش، ئەوەندەش سنووری خۆی جیادەکاتەوە لە ئاسۆ و ئاڵتەرناتیڤی ڕەوتە بۆرژوا جیاجیاکان، وە ئەوەندەش قەیرانە شۆڕشگێڕانەکە قووڵتر دەبێتەوە لە وڵاتەکە دا.

ئەوەی کە دەبێت ناوەڕۆکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەر ئاڵتەرناتیڤێکی سیاسی پێکبهێنێت، ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتیە ڕزگاریخوازانەیە کە ئەو جەماوەرە بەرفراوانە لە پێناویدا هاتۆتە مەیدان.

بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخانی دەسەڵات لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، بەبێ ئەنجامدانی کاری جدی بۆ بەرزکردنەوەی ئامادەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕزگاریخوازان بە زووترین کات لەسەر ئاستێکی کۆمەڵایەتی فراوان دا، بەبێ کێشانی سنوور بۆ جیاکردنەوەی جەماوەر لە ئەجەندای هێزە بورژوازیە ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان، دەبێتە هۆکاری لەباربردنی بزووتنەوەکە نەوەک بەرەو پێش بردنی.

ئیمپریالیزم و هێزە ناوچەیی و لۆکاڵیەکانی بۆرژوازی لە بەرزکردنەوەی دروشمی "ڕووخاندنی دەسەڵات"دا بەدوای چەسپاندنی ئاڵتەرناتیڤە سیاسیە دژ بە شۆڕشەکانی خۆیان و کردنی جەماوەری ڕاپەڕیون بە سووتەمەنی کێشمەکێشەکانی بۆرژوازی و هێزە ناوخۆیی و جیهانیەکانی.

بەڵام بەرزکردنەوەی دروشمی "ڕووخاندنی ڕژێم" لەلایەن جەماوەرەوە لەهەمان کاتدا بەمانای چەسپاندنی ئاڵتەرناتیڤی سیاسی جەماوەر و بەدیهێنانی ئەجەندای کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەوای خۆیەتی. ئەمەش پێویستی بە خەباتی بێ ووچانە لە پێناو ڕێکخستنی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان لە بزووتنەوەیەکی سیاسی ڕزگاریخوازانەی پڕ توانادا.

دۆخی شۆڕشگێڕانە و ئاڵتەرناتیڤی حکومی

بێگومان سەرهەڵدانی دۆخی شۆڕشگێڕانە و چوونە پێشەوەی بزوتنەوەی جەماوەری بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سیاسی لە ڕێگەی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەوە، بەرەنجامی بەرجەستەکردنەوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریە لە ووزەی خەباتکارانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە و هەژارکراوان و ژنانێکە کە دووجار قوربانی چەوسانەوەن. بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی لەم جۆرە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت کاتێک چەکدار بێت بە ئاسۆیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی سۆشیالیستی و ڕزگاریخواز و خەبات بکات دژی سەراپای ئەو ڕژێمە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە لەئارادایە.

بۆرژوازی لە ئۆپۆزیسیون و لە دەسەڵات دا، وە تیروریستەکانی چەشنی داعش و قاعیدە و فاشیستە قەومی و تائیفیەگەراکان، هەموو ئەمانە لەم بارو دۆخەدا خەریکی زاڵ کردنی ئەجەندای خۆیان و سەرکوتی ووزەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری ڕاپەڕیون. پاشەکشە پێکردنی ئەم هەوڵە تاوانکارانە لە گرەوی ئامادەیی سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشان و گەنجانی ئازادیخوازدایە.

بەرجەستە کردنی ئاڵتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەم حکومەت و ڕژێمە سیاسیەی ئێستا لە لایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، لەگەڵ شۆڕش دا دەست پێدەکات، لەگەڵ گەشەسەندنی بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری کە ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی چینی کرێکار و هەژارکراوان و گەنجانی ڕاپەڕیو پیادە دەکات لە شکڵی شوورا و لیژنە شۆڕشگێڕیەکانیان دا.

بەرجەستە کردنی ئەم جۆرە لە ئاڵتەرناتیڤی سیاسی بەمانای ڕێکخستنی ژیانی سیاسیە لە شوێنەکانی نیشتەجێ بوون و گەڕەکەکان و کارگەکان و دامەزراوەکان لەسەر بناغەی ئیرادەی سیاسی ڕاستەوخۆی جەماوەر تا دەگاتە ئاستی سەراسەری وڵاتەکە.

سۆشیالیزم و ئەم بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەی ئێستا

سەرچاوەی مەینەتی و چەوساندنەوەی ئابووری و پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و هەژاران و جەماوەری بێکارکراوان لە عێراقدا باڵادەستی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هاوچەرخ، و زاڵی و فەرمانڕەوایەتی سەرمایەیە بەسەر ژیان و چارەنوسی تەواوی دانیشتوان لەم وڵاتەدا.

ئەمە و سەرچاوەی بێبەشی ئەوان و بێبەشی جەماوەری بەرفراوان لە ماف و ئازادیە سیاسی و تاکەکەسیەکان، هەروەها نااڵاندنی ئەمان و جەماوەر و توێژە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکان بەدەست سەرکوت و هەڵاواردن و چەوساندنەوە و توند و تیژی و تراژیدیای جەنگەکانەوە، هەمووی بەشێکە لە بەردەوامی دانی ئەم پەیوەندیە سەرمایەداریە و سەرخانە سیاسی و ئایدیولوژیە هاوڕاکەی. ئەمە و سیاسەتی ئابوری ئەم ڕژێمە بەتایبەتی سیاسەتە ئابوریەکانی نیولیبرالیزمە.

ناتوانرێت باس لە شۆڕشی کۆمەڵایەتی بکرێت بەبێ بەرزکردنەوەی خەباتی جەماوەری بۆ ئاست لێدان لە هەموو پایەکانی ئەم ڕژێمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکریە، و هەنگاونان بۆ پچڕاندنی ئەم ئەڵقەیە لە ئەڵقە زنجیرییەکانی سەرمایەی جیهانی لە عێراقدا.

سۆشیالیزم و خەباتی سۆشیالیستی و بزووتنەوەی سۆشیالیستی پەیوەستە بەم خەباتە شۆڕشگێڕانە و بەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کە بەرژەوەندیان هەیە لە تێکشکاندنی بناغەی تەواوی ئەم سیستمە و ڕزگاریی یەکجاریی کۆمەڵگە لە دەسەڵاتدارەتیەکەی. بەدەستهێنانی سۆشیالیزم لە گرەوی گۆڕانی پارسەنگی هێزە چینایەتی و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگە دایە لە بەرژەوەندی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، پرۆلیتاریا و پرۆلیتاریای سۆشیالیست بەدژی بورژوازی.

ئەمە و چەندە ئامانجی سۆشیالیستی بەکردەوە ببێتە ئاڵای ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە لە عێراقدا، ئەوەندەش لە توانای بزووتنەوەکەدا دەبێت کە ڕیفورمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و داواکاریە دەستبەجێکانی جەماوەر بەشێوەیەکی ڕیشەیی تر و بەرفراوانتر و قووڵتر بەدەست بێنێت.

ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی جەماوەری ڕاپەڕیو، ئاڵتەرناتیڤە بۆرژوا حکومیەکان

گۆڕانکاری ڕیشەیی ناتوانرێت بەدەست بهێنرێت لە ڕێگەی ئەو پرۆژە سیاسیانەوە کە ڕەوتە بۆرژوا ئیسلامی و قەومی ڕیفورمیستەکان دەیخەنە بەردەست لە چەشنی "حکومەتی ڕزگاری نیشتمانی" و "دووبارەکردنەوەی هەڵبژاردن". ئەوەی کە پێویستە لە ئێستا دا و جەوهەریە، بریتیە لە بەدیهێنانی ئیرادەی سیاسی جەماوەری ڕاپەڕیو کە دەسەڵات بگوازرێتەوە بۆ دەستی.

بزووتنەوە ناڕەزایەتیەکە بزوتنەوەیەکە لە ناو قوڵایی کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە دەبێت جەماوەر لە گەڕەکەکان و کارگەکان و دامەزراوەکاندا خاوەنی بڕیاری سیاسی بن لە دوتوێی ئەو گۆڕانکاریانەدا کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێت.

لەوانەیە شێوەکانی نوێنەرایەتی ئیرادەی جەماوەر جیاواز بن، بەپێی بارودۆخێک کە لە ئارادایە، بەڵام لە بناغەدا دەبێت لەسەر ئیرادەی سیاسی سەربەخۆی جەماوەر داڕێژرا بێت و ڕێکخراو بێت لە شوواراکان و کۆمیتەکان لە گەڕەکان و کارگەکان و دامەزراوەکاندا لەسەر ئاستی عێراق.

سرووشتی ناوچەیی بوونی بزووتنەوەکە و تێپەڕاندنی سنووری نەتەوەیی و ئاینی

ئەم شەپۆلی ناڕەزایەتیانەی عێراق لەگەڵ ئەوەشدا کە تایبەتمەندی خۆی هەیە بەشێک و بەردەوامی ئەو ناڕەزایەتیانەیە کە لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ئارادایە، لە لوبنان و میسر و سودان و ئێران و جەزائیر کە بەرژەوەندیەکی هاوبەشی نێونەتەوەیی پێکیانەوە گرێ دەدات کە هەموو سنوورێکی قەومی و ئاینی و تائیفی تێدەپەڕێنێ.

ئەوەی کە ئەم بزووتنەوانە پێکەوە دەبەستێت بەرژەوەندی چینایەتی جەماوەری کرێکار و گەنجانی ئازادیخوازە بە ڕووی ڕژێمی سەرمایەداری و سیاسەتی نیولیبرالی دا کە مەینەتی و تراژیدیای سەپاندوە بەسەر ملیونەها کەس دا، بەتایبەتی بەسەر گەنجانی ئەم ناوچەیەدا.

دیارە بۆرژوازی بە هەموو ڕەوت و حیزبەکانیەوە یەکگرتوو و هاوپەیمانە بەدژی چینی کرێکار و بەش خوراوان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هێزی ئێمەش لە یەکبوونماندایە کە ڕێگەدەدات زاڵ بین بەسەر ئەو دابەشبوونە قەومی و تائیفی ئاینیەی کە بۆرژوازی لە نێوانماندا دروستی دەکات و دەیسەپێنێت بەسەرماندا.

ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیەی عێراق بەشێکە لە خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بێکاران و گەنجانی ئازادیخوازی تامەزرۆی ژیانێکی هاوچەرخ و خۆشگوزەران لە ناوچەکەدا، مەسەلەی ئێمە مەسەلەیەکی هاوبەشە کە ڕزگاربوونە لە مەینەتیەکانی سەرمایەداری و ڕژێمە سیاسیە کۆنە پەرستەکانی.

ناوچەی خۆراوای عێراق و کوردستان و ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیە

بە چوونە پێشی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتیەی ئێستا کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا لە ئارادایە و ڕاپەڕیوە بەڕووی ڕژێمی بورژوا ئیسلامی و قەومی دەسەڵاتدار و هێز و میلیشیاکانیدا، زەمینەش خۆش دەبێ بۆ

بۆ لاپەڕە ١١

چرپە غەمگینەکان

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

تاج
چەند شادومان بووی بۆت
دەرکەوت دەزگیرانت
کۆمۆنیستە
شادومانتر بووی وەختێ زانیت
لەنێو کەسوکار و هاورێ و
گەرەک و شار خۆشەویستە
ئەو هەناسە پر ئۆخەیە و ئەو
خەندەیەی سەر ڕووخسارتم
لەیاد ناچێ
کە پێی وتبووی لەمرۆ بەدوا
ئیتر تاجی و لەسەر سەری
ئای چەند جوان بووی کە
وەلات نان ئەو هەوڵانەی
پێیان وتی
شوو مەکە بە شیوعی کافر و
سەرسەری!

***

زیندان
چەند چوکلێتە نامەیەکی
نارد و ون بوو
مەزەندەت کرد خەجاڵەتە و
لەشەرمانا
ڕەنگە بووبێ بە قەترەی ئاو
و ڕۆ چووبێ بەناخی ئەرز
دوای ماوەیەک کە
هەواڵیت بەدەست گەیشت
ئیتر زانیت لە زیندانە و لات
بوو بە ئینسانی گەورە و
پایەبەرز
ئەو لەیەک کات عاشقی تۆ و
دادپەروەری کۆمەڵایەتی بوو
لە ژیان
بۆیە لەدەستپێکی نامەکان
دەینووسی
یەکگرن ئەی کرێکارانی
گشت جیهان

***

دایک
وتت کتێبێکی خۆشت
لەبەردەستە
بۆ ئەمرۆی خەباتی ئێمە هەم
گۆرانییە و هەم بەستە
وزەیە بۆ هەنگاوی
جوانترکردنی ژین
هەتاوێکە؛ لەئاسمانی
خوێندنەوەدا هەتا بژین
وتت ئەگەر کاتت هەیە
بیخوێنەوە
ئەم کتێبە جگە لە باوەڕی
سووری، نووسراوە بە ئاە و
جەسرەت و خوێنەوە
وتم بڵێ ئەو کتێبە چییە ناوی
وتی ڕۆمانی (دایک)ی
مەکسیم گۆرکییە
بیخوێنییەوە بیرت ناچی هەتا
ماوی

***

گفتوگۆ
پرسی هاورێ دەبێ بگاتە
کوێی دنیا دەنگ و باسمان
بە کۆمەڵێ ئومێدەوە
سەری خستبووە سەرشانی
ئەستێرەیەک
بە عەزرەتەوە دەیڕوانی لە
تریفەی مانگ و ئاسمان
وتم کێها چیا بڵندە ئێمە
لەوێین
ئێمە ماچی خۆشەویستین، چرای
پڕ ڕووناکی شەوێین
لە کوێ داری عەشق بڕوێ
چیلوە و سێبەر ئێمەین کەچی
زیندان قووتی داوین بەڵام
مژدەی مەرگین بۆ ملکەچی
ئایاری ٢٠١٩

شۆڕشی برسیەکان بەڕێوەیە !

عەبدوڵا سالح

درێژەی لاپەڕە١

سەرمایەدارە زەبەلاحەکان و ملیاردێرەکان کە لەو بیست و نۆ ساڵەی ڕابردودا، لەژێر سایەی گەورە بەرپرساندا، قوتی خەڵکیان حەپەلوش کرد و گیرفانی خۆیان لێپڕکرد، بەڵام هەڵدانەوەی بەناو کۆنەقەرزیش، بۆ درێژ ماوە، دادی نەدان، خۆ ئەوانە دەوڵەتیش نین تاکو پەنا بۆ قەرزی دامەزراوە جیهانیەکان بەرن وەک بژاردەی سێیەم، جیا لەوەش ئاشکرا کردنی قەرزی (٢٧) ملیار دۆلاری ئەو ئیعتیبارە کەمەی هەشیان بوو نەما، شک لەوەشدا نیە کە دەست بۆ سەرمایە دزراوەکان نابەن وەک بژاردەی چوارەم تا دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک خاموش ڕاگرن و دەسەڵاتەکەیان بپارێزن. بژاردەکان یەک لە یەک تاڵترن بۆ دەسەڵات!

لەناو ئەو تەنگژەیەدا و لەم بارودۆخەدا، جەماوەری کوردستان بژێوی ژیانیان دەوێ کە ئەویش ئەرکی دەسەڵاتە، تاکە ڕێگایەکی بەردەمیشیان بەناچاری، گرتنی بەرۆکی هەر ئەودەسەڵاتەیە. ئەگەر جاران بۆ گەنجەکان ڕێگایەکی دەربازبوون مابوو تاکو ژیانیان بخەنە مەترسیەوە و بەرەو هەندەران لەم نەهامەتیە ڕاکەن، ئێستا ئەو هەندەرانەش ئەو بەهەشتە نەماوە کە پەنای بۆ ببرێ، تەنانەت ئەوانەی گەیشتونەتە هەندەرانیش و ژیان و گوزەرانێکیان بۆخۆیان وخانەوادەکانیان دابین کردوە، ئێستا توانای ئاوڕدانەوەیان لە کەسوکار و خزم و دۆستانیان لە کوردستان نەماوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان ژیان و گوزەرانیان گۆڕاوە. خەڵکی بەناچاری دەبێ لەو پارچە زەمینەدا ئۆقرە بگرن کە ناوی کوردستانە و ناکرێ بیر لە ڕێگا چارەی دەربازبونی تاک و جوت بکەنەوە.

حزبە کانی دەسەڵاتیش کە دەوڵەتەکەیان مایەپوچ بووە بەڵام نایانەوێ هەروا بەئاسانی ئاڵای سپی هەڵکەن و بە فیزماڵکێک بۆی دەرچن و خەونی بە ئیمبراتۆریەت کردنی کوردستانیان لێ بەتاڵ بێتەوە، بۆیە ناچارن دەزگا سەرکوتگەرەکانیان وەکارخەن و دەست بۆ ئەوپەڕی توندوتیژی بەرن تا بتوانن پایە لەرزۆکەکانی دەوڵەتەکەیان ڕاگرن.

مێژوو سەلماندۆیەتی هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێ بەردەوام بێ لە کاتێکدا بەدەستێک خەڵک برسی بکا و بەدەستەکەی تر سەرکوتیان بکا، ئەم هاوکێشەیە بەناچاری دەبێ یەکلابێتەوە بەتێشکانی لایەک و سەرکەوتنی لاکەی تر، شانسی یەکلابونەوەی بەقازانجی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بەزۆر برسیکرا و زۆر زیاترە تاکو شانسی دەسەڵاتداران، هۆکارەکانیش ڕوونن.

لەشکری برسیەکان تا دێت ڕوو لە هەڵکشان و زیاد بوونە، شەپۆلەکە تا دێت فراوانتر و درێژتر دەبێتەوە، تەنانەت ئەو توێژە کۆمەڵایەتیە ناوەنجیەی کە ژیانێکی باشتری لەچاو زۆرینەی کۆمەڵگا بەنسیب بوو، ئێستا ئەویش بە جرەجڕ و بەناچاری بەرەو لە شکری برسیەکان هەنگاو دەنێ دەبێتە بەشێک لەوان.

ئاسۆی چارەسەری ئەم بارودۆخە بە قازانجی حزبەکانی دەسەڵات وەک ئەو تێگوشینە وایە کەدەڵێن بەتەمای دراوسێ هەر وشکە. بۆیە تاکە ئاسۆیەک کە لەبەردەمدا بێ شۆڕشی برسیەکانە.

ئەم شۆڕشەش، هەروا ئاسان و سادە و بێگرفت نیە، ئەگەرچی هۆکارە بابەتیەکانی هەڵگیرسانی هەموی ئامادەیە، بەڵام لەباربردنیشی بژاردەیەکە دەبێ لەبەرچاوبگیرێ، ئەم سیستمە سەرمایەداریە، بەم فۆرم و ڤێرژنەی ئیستایەوە کە نزیک بە (٣٠) ساڵ دەبێ خۆی ڕاگرتوە بە فریوکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵک و بەدروشمی (بەرژەوەندی خاک و نەتەوە)، (ئایین و گوێڕایەڵی فەرمایشتە ئاسمانیەکان) لەپاڵ ئەوانەشدا کوتەک و سەرکوت و تیرۆر و تۆقاندن، ئەمرۆ ئیتر ئەو دەستەی کەشف بووە و ئەم ئامرازانە سواون و لە بازاڕی جەماوەردا قڕانێکی قەڵب ناکەن. هەر بۆیە چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران هەوڵ دەدەن بە مودێل و ڤێرژنێکی نوێوە فریای داڕمانی ئەو سیستمە بکەون و لە بەرگ و ڕوخسارێکی تردا نمایشی بکەنەوە و ئەم شۆڕشە هەر لەسەرەتاوە لەباربەرن، وەک ئەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان و بەشێکی بەناو ڕۆشەنبیران لە ڕاپەڕینی (١٧) ی شوباتی (٢٠١١)دا کردیان.

هەوڵەکانی ئێستای (شاسوار عەبدولواحید) و حیزبەکەی (نەوەی نوێ) یەکێکە لەو پلانە مەترسیدارانە کە بەناوی نوێکردنەوە و گەشەی ئابوری کوردستان هاتۆتە مەیدان و شیعاری بەرز کردۆتەوە کە لە ڕاستیدا و لە ناوەڕۆکدا دەیەوێ مودێلێکی هارتر لەوەی حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا بێنێتە کایەوە، کتومت مودێلی نیولیبرالیزم.

ئا لەم بارودۆخەدایە شۆڕشی برسیەکان بەڕێوەیە، ڕێبازێکی گونجاو بۆ سەرکەوتن و دەرباز بوون لەم نەهامەتیە، یەکڕیزی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستانە و جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی خۆیانە لەو چین و توێژانەی مەبەستیانە شۆڕشەکەیان لەباربەرن، بەشداربوان و هەڵسوڕێنەرانی ئەم شۆڕشە گرنگە بەعەزم و ئیرادەیەکی شۆڕشگێرانە بێنە مەیدان و لەڕێگای کۆبونەوەی گشتی و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی شورا شۆڕشگێرەکانیان لە شوێنی ژیان و کار، ئیدارەو و فەرمانگاکان، قوتابخانەکان و..... نوێنەرانی باوەڕ پێکراو جێ متمانەی خۆیان هەڵبژێرن و دەسەڵات بگرنە دەست و حوکومڕانی کۆمەڵگا بکەن، لەو ڕاستایەشدا هەنگاو بنێن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەک کە ئازادی و یەکسانی بۆ هەموان بەبێ جیاوزی تێدا فەراهەمکرابێ و ژیانی ئێستا و نەوەکانی دواڕۆژیشی تێدا مسۆگەرکرابێ.

٢٠٢٠-٥-٢٦

سەبارەت بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لەسەر ئەندام پەرلەمانێک

دوێنێ (٧-٥-٢٠٢٠) پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە و بەبێ ئامادەبوونی فراکسیۆنەکانی (یەکێتیی)، (گۆڕان)، (کۆمەڵ)، (یەکگرتوو) و (نەوەی نوێ) پارێزبەندی یاسایی لەسەر پەرلەمانتار (سۆران عومەر) هەڵگیرا.

ئەم شانۆسازیە دوای ئەوە دێت کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە تۆرمارکردنی سکاڵا نامەیەک لە دژی ئەو ئەندام پەرلەمانە و داواکاریی گشتیش داوای لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە کە پارێزبەندی لەسەر هەڵبگیرێت تا بچێتە بەردەم دادگا و بەڵگەکانی بخاتەڕو سەبارەت بەلێدوانێکی کە تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوەکردوە کە سەرۆکی حکومەت خاوەن پشکی هەرە گەورەی ستێر گروپە، کە پێکهاتووە لە ١٢ کۆمپانیا و بانکێک.

ئەوە حەقیقەتێکی ڕون و ئاشکرایە لای خەڵکی کوردستان کە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە لە ملیاردێر و ملیۆنەرەکانی خاوەن کۆمپانیا و پڕۆژە هەرە زەبەلاح و گەورەکانی ئەم هەرێمەن و دەستیان داگرتووە بەسەر کەرتی نەوت و سامانە سروشتیەکان و بانقەکان و قۆرغکاری بازرگانی دەرەکی و بازرگانی داودەرمان و کۆمپانیاکانی کەرتی عەقارات و ....هتد.

ئەوەی کە دەسەڵات و سەرۆکی حکومەت و حزبەکەی (پارتی) ناڕەحەتکردوە، ئەو ڕاستیانە نیە کە لەکەس شاراوە نین و سۆران عومەر بە بەڵگەوە باسی لێوەکردون، بەڵکو نیگەرانیە لە بارودۆخێک کە چاوەڕێی دەکەن و هەر لە ئێستاوە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن. سۆران عومەر لەو نێوەدا دەبێتە قوربانی ئەو خۆ ئامادە کردنانەی (پارتی) و دەسەڵات و پەرلەمان و حکومەتەکەی بۆ ئەو ڕۆژە ڕەشەی چاوەڕوانی دەکەن.

سەرەتای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆهەم دەهۆڵ و زورنایەکی زۆریان لێدا کە ئەم سەرۆکە تازەیەی حکومەت پلانی هەیە بۆ چاکسازی و خۆشگوزەرانی خەڵک، بەڵام هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردوە و ئەو برسیەتی و هەژاری و بێکاری و بێ موچەییەی کە بەسەر خڵکیدا سەپاندوە ئەگەر لە کابینەکانی حکومەتی ئامۆزاکەی زیاتر نەبێت لەم ماوە کەمەدا ئەوا کەمتر نیە.

پەستی و توڕەیی جەماوەر بەدژی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە بورژوا فەرمانڕەواکان لە کوڵان و قڵپدانێکی بەردەوامدایە و بەڕێوەیە سەرلەنوێ بتەقێتەوە بە شێوەیەک بەهێزتر لە پێشوو، بەتایبەت جیهانی دوای پەتای کورۆنا و ئەو پەکخستنە ئابوریەی کە بەدوای خۆیدا هێناویەتی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق و کوردستان، بە بەربڵاوبوونی داوێنی بێکاری و هەژاری و برسیەتی لە ئاستێکی بەرفراواندا.

ئاسۆی دەسەڵات و هەموو هێزە بورژوازیەکان بۆ دەرچون لەم بنبەستە بەتەواوی داخراوە، ئیتر هیچ شتێک لەبەردەمیاندا نەماوەتەوە جگە لە چاوەڕوانی و کات بەسەربردن لە کاتێکدا کە میلیشیا و دامودەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکانیان خەریکی داپڵۆسینی جەماوەری ناڕازین.

ئەم شانۆسازیە، چنگ و ددان گڕکردنەوەیە لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، و هەڕەشەیە لە ئازادیخوازان، لەهەر دەنگێکی ناڕازی و بەرگرتن بەو تەقینە گەورەیەی کە لێی دەترسێن.

نابێ ڕێگەبدرێت (پارتی) و دەسەڵات ئەم ملهوڕیەیان بۆ بچێتەسەر و دەبێ بە ناڕەزایەتی و هێزی یەکگرتووی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەرەی ئازادیخواز وەڵامبدرێتەوە.

٨-٥-٢٠٢٠

نەوزاد بابان

بەبۆنەی گیان لەدەستدانی هاوڕێ (مستەفای حەسەنە گەورە)وە



دوای مانگ و نیوێک لە دەستەویەخەبوون لەگەڵ ڤیرۆسی کرۆنا، ئەمڕۆ (٧-٥-٢٠٢٠)، لە وڵاتی دانمارک و دور لە باوەشی خانەوادە و هاوڕێ و ئاشنایانی "مستۆ" (نازناوی مستەفای حەسەنە گەورە) بە یەکجاری چاوەکانی لێکنا و بەجێیهێشتین.

ئەو هەر لە لاوێتی و بەدرێژایی تەمەنی خەباتکارێکی چاونەترس و ئازاو لەخۆبردوو بوو، سەرەتا دژ بە ڕژێمی بەعس و پاشان دژ بە دەسەڵاتی گەندەڵکار و دژە جەماوەری حزبە قەومیە فەرمانڕەواکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

مستۆ لە کۆتایی هەشتاکانەوە ئەندامی ڕێکخراوی "ڕەوتی کۆمۆنیست" و ماوەیەکیش بەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)دا لە بەشی هێزی چەکداری ئەو ڕێکخراوە بوو، ئەو ڕۆڵێکی بەرچاو و ڕابەرانەی هەبوو لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) بەتایبەت لە ئۆردوگای (خەبات) نزیک بەشاری هەولێر، کە ڕژێمی بەعس دروستی کردبوو تا کۆچپێکراوانی زۆرەملێی ناوچەی پشدەری تیا نیشتەجێ بکات.

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانیشەوە چالاکوانی بزوتنەوەی جوتیاری ناوچەی پشدەر بوو دژ بە دەستدرێژی ئاغا و دەرەبەگەکانی ئەو دەڤەرە بۆسەر جوتیاران.

لە تاراوگە و ژیانی پەرنابەریشدا لە وڵاتی دانمارک، وێڕای هەڵسوڕاو بوونی لە بواری بەرگری لە پەنابەران بەگشتی و پەنابەرانی عێراقی و کوردستانی بەتایبەتی، هەمیشەش ئامادە و هەڵسوڕاوی ڕێکخستنی سمینار و گردبوونەوە و ئەو خۆپێشاندانانەبوو کە بەڕێدەخران بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی کوردستان و بۆ بەرگری لە ئازادیەکان دژ بە دەسەڵاتی سەرکوتگەری حزبە قەومیەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەو، لە دە ساڵی ڕابردوودا، ڕوخسارێکی ڕادیکاڵ و ناسراوی بزوتنەوە نارەزایەتیەکان و خۆپێشاندانە جەماوەریەکانی کوردستان بوو. بەبۆنەی ئەم مەرگە ناوەختەوە پەیامی هاوخەمی و بەشداری خەموپەژارەی خۆمان ڕادەگەیێنین بۆ خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێ و دۆست و ئاشنایانی.

دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی "ڕەوت"
٧-٥-٢٠٢٠

بە توندی سەرکۆنەی هێرشی پارتی ئەکەین بە دژی خۆپێشاندەران

لە گەڵ ئەوەشدا کە پێشتر پارتی دیموکراتی کوردستان (پارتی) و هیزە سەرکوتکەرەکانی کەوتبونە تۆقاندان و فڕاندنی هەڵسواراون، بەڵام کرێکاران و کارمەندان و خەڵکی نارازی شاری دهۆک و دواتریش شێلادزی جەسورانە و لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی پارتیدا و لە هەردوو شاردا، ڕۆژی ١٦ ئایاری ٢٠٢٠ خۆپێشاندانیان سازدا و ڕووبەڕوی دەسەڵاتی ئەم حزبە سەرکوتکەر و دکتاتۆرە بوونەوە.

هەر وەک پیشەی هەمیشەیی پارتی و دەسەڵات و ئاسایشە ڕیسوا و داپڵۆسێنەرەکەی، ئەمجارەشیان کەوتنە گیانی خەڵکی نەدار و هەژار و نارازی کوردستان و درندانە هیرشیان بردە سەر خۆپیشاندەران و دەستیان دایە سەرکوتکردنیان. ئەمەش لە کاتێکدا کە ئەم گردبوونەوە و خۆپێشاندانە لە دهۆک تەنها بۆ درەبڕینی نارەزایەتی بووە لە بەرامبەر پێنەدانی موچەکانیان.

لەم پەلامارە درندانەیەدا، پارتی و هیزەکانی ئاسایش دەیانیان لە خۆپێشاندەران و ژورنالسیتەکان و کارمەندەکانی دەستگاکانی ڕاگەیاندنیان گرتوە و بێ ڕیزیان کردووە بەرامبەریان و تەنانەت دەستیان گرتوە بەسەر مۆبایلی شەخسیاندا. لە هەمان کاتدا خەڵکی نارازی شیلادزە لە ناوەندی ئەم شاردا کۆبونەوەی خۆیان سازدا بەڵام هەرزوو گەمارۆداران بە هیزیکی زۆری دەسەڵات و خۆپیشاندانەکەیان دامرکاندەوە.

ئەمە یەکەم جار نیە کە پارتی بەم شیوەیە ڕووبە ڕووی خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان ئەبێتەوە. ئەم حزبە میلیشیە بورژاوا ناسیۆنالیستە بۆ دەیان ساڵە دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی بە سەر ناوچەکانی بادینان و هەولێر و هەر شۆینێکی تر کە دەستی پێڕاگەیشتبێت لە کوردستاندا سەپاندووە، و هەردەم بە سەرکوت و تیرۆڕ وەڵامی نارەزایەتیاکان و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان و ئەم ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوەتەوە.

بەڵام ئەوەی کە پارتی تووشی ترس و دڵەڕاوکی کردووە ئەمجارەیان و بەو شیوە درندانەیە پەلاماری خۆپیشاندانی دهۆک و شیلادزە ئەدات ئەوەیە کە ئەم خۆپیشاندانانە هاوکاتە لەگەڵ بەرزبونەوەی شەپۆلی نارەزایەتی گەورەی خەڵکی لە سەرتاسەری کوردستاندا لە دژی دەسەڵاتداری میلیشیای هەرێم کە پارتی دیموکراتی کوردستان هیزی باڵا دەستیەتی. دەسەڵاتیکی گەندەڵ کە بۆ ٢٩ ساڵە تاڵانوبڕۆی ئەکات و سەروەت و سامانی داگیرکردووە و نەداری و هەژاری و کولەمەرگی بەسەر زۆربەی خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە.

ئەمڕۆ کرێکاران و کارمەندان و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بونەتە قوربانی دەستی ئەم دەسەڵاتە و هەروەها ڕژیمی ئیسلامی و قەومی عیراق و کیشمە کێشی نیوانیان کە نانیان دەبڕێ و مووچەیان لێ زەوت ئەکرێ. هەردوو حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێم گوزەران و ژیانی خەڵکی کوردستانیان کردۆتە بارمتەی کێشمەکێشی سیاسی کۆنەپەرستانەی نیوانیان.

ڕیگەی ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی سەرکوتگەری پارتی و دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیزم لە کوردستان ڕاپەرینی کریکاران و زەحمەتکێشان و لاوانی کچ و کوڕی نازادیخوازی ئەم کۆمەڵگەیەیە کە ڕق و بیزاریان شەپوول ئەدا لە سەرتاسەری کوردستاندا و پارتی و هیزەکانی زەندەقیان هەر لەمە چووە. بەرەوپێشبردنی خەباتی هەموو ئەم چین و تۆێژانە لە کوردستان و سەرجەم عیراقدا و بەهێزکردنی هاوپشتی نیوان ڕیزەکانی ئەم خەباتە، ڕیگەی ڕزگار بوون و فەراهەمهێنانی خۆشگوزانیە بۆ هەمووان.

پێکەوە گرێدانی خەباتی سەربەخۆی ئەم چین و تۆێژانە لە کوردستان، سەراسەریکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، فراوانکردنەوەی داواکارییەکان، سازدانی کۆبوونەوە جەماوەرییەکان و میتنگەکان لە تەواوی شار و شارۆچکەکان، یەخەگرتنی دەسەڵاتدارە لۆکاڵیەکان بۆ ملدانیان بە داواکارییە دەستەبەجێکان لە دابینکردنی گوزەران و بژێوی خەڵک، هەموو ئەمانە خەڵکی کرێکار و نەدار ساز و ئامادە دەکات بۆ ئاڵوگۆڕی بنچینەیی لە دەسەڵات و هەنگاونانی کۆمەڵگای کوردستان بۆ پێشکەوتن و شۆڕش.

ئازادی بۆ گیراوەکانی شاری دهۆک
نەنگ و شەرمەزاری بۆ سەرکوتی هێزەکانی دەسەڵات
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عیراق
١٧-٥-٢٠٢٠

پاشماوەی ل١

ڕاگەیاندنی هاوبەشی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) و (یەکێتی لە پێناو کۆمۆنیزم)دا لە فەرەنسا

دروستبوونی قاتوقڕی لە زۆرێک لە وڵاتاندا.

دەستنەکەوتنی پاراسیتامۆڵ نموونەیەکی بەرچاوە لە کەمی دواودەرمانی دەرمانخانەکان.

جگە لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتان نەبێت، زوربەی دەوڵەتەکان و حکومەتەکانیان توانای وەڵامدانەوەی دۆخەکەیان نەبووە وەک پێویست و بڕیاریاندا بەرژەوەندی سەرمایەداری بخەنە سەروی ژیانی خەڵکەوە، کە هەندێ جار بەشێوەیەکی گاڵتەجارانەش ئەنجامدراوە وەک بەرازیل کە دەبێرێت حکومەت بەشێوەیەکی ئاشکرا دژی گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی تەندروستی دەجەنگێت. دۆخەکە لە فەرەنساش زۆر لەوە باشتر نیە، ئەوەتا حکومەت لە ٢٩ ی فیبیوەری دا گفتوگۆیەکی ناو پەرلەمانی دەربارەی خۆپارێزی لە پەتاکان ڕاگرت لەپێناو سەپاندنی چەند ڕیفۆرمێکی کۆنەپەرستانە بەسەر مافی خانەنشینی کرێکاراندا، وە بە بڕوبیانوی نەرمی نواندن و خۆڕاهێنان و داهێنانەوە (یان ترس لە ئابووری بەرنامەڕێژکراو)، هەموو ڕێکارێکی خۆپارێزی پێشوەختی لە بەرژەوەندی خۆشگوزەرانی خەڵک ڕەتکردەوە و بە دۆگمای لەقەڵەمدا. نەبوونی هیچ جۆرە هاوکاریەک لەسەر ئاستی جیهان واقعێکی بەرچاوە. نەبوونی هاوکاری دارایی نێوان دەوڵەتەکان، نەبوونی گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی مەترسیەکانی پەتاکە، و دەستەوستانی تەواوی دامەزراوە سەروو دەوڵەتیەکانی (وەک یەکێتی ئەورووپا)، وەستاندنی بەشداری لە بودجەی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی لەلایەن ئەمریکاوە، ... هتد، نەک هەر ئەمە بەڵکو دەوڵەتەکان بارودۆخەکەیان هێندەی تر ئاڵۆزکردوە؛ بە کێشمەکێشی نێوان خۆیان لەسەر کڕینی ماسک و ناجێگیری نرخی نەوت و جەنگی بازرگانی بەردەوام و ئابلۆقەدانی ئابووری و دەرگیری چەکدارانەیەی نێوانیان. لە فەرەنسای ژێر کەرەنتینەدا، پیشەسازی چەک دروست کردن هەر بەردەوامە. لە عێراقیش، سەرباری کێشمەکێشی بەردەوامی ئێران و ئەمریکا لەسەر ئەم وڵاتە، حکومەت و هێزەکانی ئاسایش و میلیشیاکانی نەوەستاون لە سەرکوت کردنی ڕاپەڕینی ئۆکتوبەر.

مامەڵەکردنی قەیرانی ئەم پەتایە بە هەر پلەیەک لە باشی یان خراپی بەگوێرەی توانایی هەر وڵاتێک، هەمیشە ئاڕاستەی پاراستنی بەرژەوەندی بورژوازی و حکومەتەکانی و ڕژێمە سیاسیەکانی بووە. ڕژێمی ئابووری ئێستا هاوتای نابەرابەری کۆمەڵایەتی و نابەرابەریە لە سەروەتوسامان، هاوتای بڕین و کەمکردنەوەی بودجەی سیستمە تەندروستیەکانە کە تواناییەکانی بۆ پاراستنی ژیانی خەڵک کەمکردۆتەوە. هەروەها بەهۆی ئەو بارودۆخە مادییەی کە سەرمایەداری دایسەپاندوە، جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی کەرەنتینە و ڕەچاوکردنی دووری کۆمەڵایەتی زۆر سەختە. ئەمەش زۆر بەروونی لە شوێنەکانی ژیانی چینی کرێکاردا دەبینرێت کە دانیشتوانێکی چڕوپڕ لە ڕووبەرێکی کەم و نا تەندروستدا دەژین و هۆکانی هاتوچۆی گشی وەک پاس و میترۆ بەکاردەهێنن و دەچنە ناو سوپەرمارکێتەکان و کارگەکانیش بە هەموو توانای خۆیانەوە کاردەکەن. درندەیەتی پۆلیس هیچ شتێکی لەم بارودۆخەی سەرەوە نەگۆڕیوە (لە نایجیریا لە مانگی مارسدا هەژدە (18) کەس کوژراون لەلان پۆلیسەوە، وە چەندەها حاڵەتی تریش ڕویداوە لە جیهاندا لە توندوتیژی و بێرێزیپێکردنی پۆلیس بەو کەسانەی کە سەرپێچی ڕێکارەکانی کەرەنتینە دەکەن). ئەوە چینی کرێکارە کە قوربانی دەدات: کرێکارانی کەرتی تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی، کرێکارانی ژینگەپارێز، گواستنەوە و هاتوچۆ و پۆست، کرێکارانی کارگەکان، ژنان و شۆفێرەکانی ئوبەر/تاکسی، کرێکارانی خزمەتگوزاریە زەروریەکان هەموو ئەم توێژانە لە کرێکاران لە هێڵی پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی پەتاکەدان. قوربانیانی کۆڤید-١٩ ئەو هەژارانەن کە بێ خانەولانەن وە یا لە گەڕەکە هەژار و بیبەشەکاندا دەژین، خەڵکی پەنابەر و دەربەدەر و دانیشتوانی قەراخ شارەکان و کەمپەکان و زیندانیان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکانن، هەروەها ئەوانەشن کە نەخۆشی بەردوامیان لەگەڵدایە وەک (شەکرە و قەڵەوی کە زیاتر هەژاران تووشی دەبن)، ئەوانە هەموویان ن لە یەکەمین قوربانیانی داروینینیزمی کۆمەڵایەتین کە ئەو حکومەتانەی سیاسەتی گەلە بەرگرییان گرتەبەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پەتاکە، گرەویان لەسەر کردبوو.

ئەوە ئەو مافانەی ئێمەیە کە کەوتوەتە بەر هێرش لەپێناو بەرزکردنەوەی ڕادەدەی چەوساندنەوە (لە کەمکردنەوەی کرێ و ڕیفۆرمی کۆنەپەرستانە لە یاساکانی کاردا ...هتد). لەوبەری ئۆردوگاکەشدا ئەوە سەرمایەدارانن بە بێدەنگی بەهرەمەندن لە کۆمەکی دارایی حکومەتەکان، بۆ نموونە ڕزگارکردنی پشکە داراییەکان لەلایەن پاشەکەوتی فیدراڵیەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یان یارمەتی دارایی بۆ پیشەسازی فڕۆکەوانی لە فەرەنسا.

ئەم قەیرانەی پەتای کوڕۆنا بەهێزتر لە قەیرانی ساڵی ٢٠٠٨ پوکانەوەی ئابووری هێناوەتەگۆڕێ، ئەویش لەڕێگەی گوڕپێبەخشین بە سەرلێشێواوی و ناکۆکیە دەرونیەکانی ڕژێمی سەرمایەداریەوە. ئەم پوکانەوە ئابوریە نوێیە ساڵانێکە لە حاڵەتی شکڵگیریدایە و ڕووەو ئەوە دەڕوا کە مەترسیدارتر بێت. بورژوازی لەڕێگەی چەوساندنەوەی زیاتری کرێکاران وادەکات ئەوان باجی هەڵەکانی ئەو بدەن. ئایا ئەم هێرشە پێچەوانەیەی بورژوازی هەموو ئەو کێشمەکێش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانە تێکدەشکێنێ کە لە چەند مانگی ڕابردووەوە لە جیهاندا (شیلی، بولیڤیا، جەزائیر، عێراق، فەرەنسا و لوبنان و وڵاتانی تردا) چالاکن؟

لەوانەیە کۆتایی قەیرانەکە بەوە بنەخشێت کە پارسەنگی جیۆ ستراتیژی نێوان زلهێزە جیهانیەکان بگۆڕێت. بێگومان ئەم ماوەیە بۆ ڕابەرانی بورژوازی هەلێکی نایابە بۆ دووبارە شکڵدانەوە بە پەیکەرەی سیستمی سەرمایەداری و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ بەدەستهێنانی قازانج. ئەو ڕەچەتانەی خراونەتەڕوو بۆ ڕزگارکردنی سەرمایەداری پێکهاتەکانیان پێشتر لەئارادابوون وەیان لە شکڵگیریدا بوون وەک داهێنانە دیجیتاڵیەکان بۆ توندکردنەوەی چەوساندنەوە (بەکارهێنانی ژیری دەستکرد بۆ سەروساماندان بە کار)، زیاد کردنی سەعاتەکانی کار و نەرمونۆڵی لە وەختی کارکردندا، دەرامەتێکی گشتی کەم بەرامبەر دەستبەردار بوون لە کاری جێگیر، گواستنەوەی کارگەکان، گەشەپێکردنی "سەرمایەداری سەوز" بە کۆمەک وەرگرتن لە شۆرینی سەوز ...هتد. دەرهاویشتەکانی ئەم قەیرانە هەر چیەک بێت، زۆر سەختە چینی کرێکار لەژێرباریدا بێتەدەرەوە گەر هەر لە ئیستاوە ڕێگەیەک نەدۆزێتەوە بۆ دژایەتی و بەرەنگاربوونەوەی.

چینی کرێکار دەست پێشکەری کردوە لە چوارچێوەی هاوپشتیەکی بنەرەتیدا وەک (دابەش کردنی خۆراک و شتو مەک ...)، هەروەها لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی سەرمایەداراندا وەک (مانگرتن، وەستاندنی بەرهەمهێنانی ناپێویست، خەبات دژی بەرزبونەوەی نرخەکان و کرێ خانوو، هتد)، وەیان دەست پێشکەری کاری شۆڕشگێڕانە (ی وەک دەستبەسەراگرتن و کونترۆڵ کردنی بەرهەمهێنان لەلایەن کرێکارانەوە،....هتد).

ئەم بەرەنگاربوونەوانە دژ بە هێرشی سەرمایەداران کە هەندێ جار بەهێز و هەندێ جار لاواز بەپێی پارسەنگی هێز و دۆخی ناکۆکیە چینایەتیەکان و جێگەوڕێگەیان، ئێستا پێویستە بچنە ئاستێکی نێونەتەوەیی لە هێرشێکی پێچەوانەدا بۆسەر بورژوازی.

هۆکارەکانی ئەم قەیرانەی ئێستا بەشێوەیەکی دروست دەستنیشانکراوە کە ئەویش شکستی سیاسەتی نێودەوڵەتی دەوڵەتەکان و دامەزراوە سەروو دەوڵەتیەکان و هێزی کۆمپانیا جیهانیەکان و بەشێوەیەکی گشتی گڵوبالیزمی سەرمایەداریە. هەندێ لە ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار بەهاوکاری ڕێکخراوە سەرمایەداریەکان، چەند ڕێکارێک دەخەنەڕوو بۆ پاراستنی کرێکاران و ئەمە دادەنێن بەوەڵامێکی گونجاو. بەڵام لە هەموو حاڵێکدا مانای سیاسی ئەم هەنگاوانە زیانبەخش و دراماتیکین بۆ کرێکاران و دەرگا دەکەنەوە بەڕووی ناسیونالیزمدا. جا لەوانەیە ماسکی سیاسەتێکی پێشکەوتنخوازانە بپۆشن لە چوارچێوەی سۆشیال - دیموکراتیدا، یان بە پێچەوانەوە، لەوانەیە کارگەلێک بن کە حکومەتێکی نەتەوەیی و سەرکوتگەر ئەنجامیانبدات. هەرچۆنێک بێ لەباری عەمەلیەوە ئەو ڕێکارانە دەبنە تاوسەندنی پێشبڕکێ لە نێوان چینە زەحمەتکێشەکانی هەر وڵاتێک و نێوان دەوڵەتانیش.

بە لابردنی سنوورەکان، کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی داهاتوو لەسەر هاوکاری و ئاڵوگۆڕ لەسەر ئاستی جیهان دادەمەزرێت، ئەوەیش بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی هەموو مرۆڤایەتی نەک هی کەمایەتیەک.

لە دەستبەکاربوونماندا لەناو کێشمەکێشی چینایەتیدا پێویستە ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

- لەسەر ئاستی ناوخۆ، هەوڵبدەین بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێک بۆ چینی کرێکار، بەئارامی بەڵام نەخشەمەندانە، بۆ ئامادە کردنی کرێکاران بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاگاهانە. دەستبەکاربین لەناو خەباتی ڕۆژانەی کرێکاراندا بۆ داواکاریە هەنوکەییەکانیان و بۆ وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی کرێکاری سیاسی جەماوەری بە توانا بۆ ڕوخاندنی سەرمایە و هێنانەدی ئاڵوگۆڕی سۆشیالیستیانەی کۆمەڵگە.
- لەسەر ئاستی جیهانیش، کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی پەیوەندیەکانی هاوپشتی و یەکخستنی هەوڵە سیاسیەکانی چینی کرێکار لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، بە ئامانجی ڕوخاندنی سەرمایە.

٢٠٢٠/٥/٢٣

کۆرۆنا واوەتر لە نەخۆشی و بەرفراوانتر لە قەیرانی تەندروستی



ئامادەکاری دۆسیە : جەمال کۆشش

ئەم مێژگردە هەوڵدەدات پەتای کۆرۆنا، لەگۆشەی نیگای جیاواز و بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووری و سیاسی و فەلسەفی و تەندروستی و کۆمەڵاتەتی و ئاینی و فەرهەنگی لێکبداتەوە. هەوڵدەدات تیشک بخاتەسەر ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی کەسایەتی جۆراجۆر و لە تاقیکردنەوە و ژینگەی جۆراجۆرەوە، هەروەها دەیەوێت لەنێو تەوژم و ڕەوتە فکری و سیاسی و فەلسەفیە جۆراجۆرەکانەوە، بەدەستکەوتی تیوری دیاریکراو تر و بەرجەستە تر بگات، و لە پراتیکی شۆڕشگێڕانەدا تواناییەکی پتەو بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و شۆڕش بدات. سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێ بەڕێزانەی کە وەختی خۆیان بەخشی بۆ بەشداری لەم دۆسیەدا.

•بەستەری فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی، ڕەوشت و نۆرم

پرسیار: زۆرێك لە فەیلەسوفە ناسراوەکان لەبارەی کۆرۆناوە، لێدوانی جیاوازییان داوە، سڵاڤۆی ژیژەک، جۆرجیۆ ئاگامبێن، چۆمسکی و هابرماس، ...سڵاڤۆی ژیژەک، جۆرێک لەگەڵ دەوڵەتێکی جیهانیدایە کە مافە جیهانیەکان دەستەبەر بکات و تەندروستی ئینسانەکان وەک کێشەیەکی هاوڵاتی جیهانی بناسێنرێت، ئاگامبێن، لەبەرامبەر ژیانی ڕووت، دەستشۆردن لە دەستکەوتەکان بەمەرجی مانەوەی بایۆلۆژی، وەک کارەسات دەناسێنێ. چۆمسکی دەرفەتێک دەبینێت بۆ ڕاوەستاندنی سیاسەتی نیولیبرالیزم، بەگشتی، وە بەگشتی دەڵێت کۆرۆنا تێدەپەڕینین، بەڵام دەبێت بێینە شکستپێهنانی نیولیبراڵیزم. فەلسەفە خۆی کە زانستێکە بۆ پێکەوە گرێدانی دیالەکتیکی پرۆسەکان، چ بۆ چوونێکی تایبەتیت لەسەر کۆرۆنا هەیە؟

هاوار محەمەد: ئاگامبێن لەو خاڵە جەوهەرییەدا دروست پێکابووی کە دەشێت دۆخی قەیران، بۆ نموونە ڤایرۆسی کۆرۆنا، فرسەتی زیاتر بداتە دەسەڵاتداران بۆ ڕاگەیاندنی

دۆخی ئاوارتە و درێژکردنەوەی ئەم دۆخە. بە گوێرەی خوێندنەوەکەی ژیژەک، ئاگامبێن بەهەڵە مەسەلەکەی دیارییکردووە: بۆچی دەوڵەتان، کە خۆیشیان تۆقیون، دەبێ قەیرانەکە گەورەبکەن و تۆقین بڵاوبکەنەوە، لە کاتێکدا ئەمە بی متمانەیی لای خەڵک بەرامبەریان بەرهەم دەهێنێت؟

بە بڕوای ژیژەک بە پێچەوانەوە، لەم دۆخەدا دەوڵەتان ناچارن دەستکاریی داتاکان بکەن و بیشارنەوە، لە قەوارەی خۆی قەیرانەکە بچووکتر نیشان بدەن؛ دواجار پێویستە هەوڵی شێلگیرانە و هاوبەش بدەن تاوەکو چارەسەرێک بدۆزنەوە و بەمەیش خۆیان لە مەترسی داتەپین بپارێزن. ئەرگومێنتەکەی ژیژەک بۆ ئەوەیە ڕێکارەکانی ئەم قەیرانە لە پارادایمی چاودێری و کۆنترۆڵدا کورت نەکرێنەوە کە پارادیمی زاڵی شیکارییەکانی فۆکۆ و ئاگامبێنە؛ بەڵام بە ڕوونی دیارە ژیژەک دیوە پێچەوانەکەی ئەم ئەرگومێنتەی هەڵنەسەنگاندووە: ئەی ئەگەر دەوڵەتان وەها نیشان بدەن، لە ڕێگەی ڕێکارەکانییانەوە، فریادڕەسی قەیرانێکی "ئێجگار" گەورە بوون و مرۆڤایەتییان لە کارەساتێکی ڕەبەق قووتار کردووە؟ لێکەوتەی ئەمە چی دەبێت؟ ئاگامبێن مەترسییەکانی ئەم دۆخەی لە دەرەنجامەکانیدا دەبینی.

وەک فۆکۆ باسی دەکات هەر گەڕێکی قەیران، هەر تاعونێک و پەتایەکی گشتگیر بەلایەنیکەمەوە دوو ئەگەر ئاوەڵا دەکات: یان دەبێتە ساتی کایۆس و بێ نەزمی کە ئیمکانی لابەلابوونەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەهێنێتە پێش، یانیش دەبێتە ساتی بەهێزتربوونی نەزم و سەپاندنی زیاتری کۆنترۆڵ و دیسپلین ڕێک بە گوێرەی پێویستییەکانی پاراستنی خودی ژیانی کۆمەڵگە. ژیژەک شتێکی تر پێشنیار دەکات: هاریکاریی دەوڵەتان. بۆ ژیژەک دەشێت ئەم پەتایە لەڕێگەی هەوڵێکی کۆلێکتیڤ و گشتگیرەوە کە هەموو دامەزراوە و دەزگاکانی دەوڵەتان بگرێتەوە و لەسەر بنەمای هاریکاری و هەماهەنگییەکی بە کۆمەڵ بێت لەگەڵ یەکتریدا، لەنێو بچێت. بەم جۆرە ژیژەک دووبارە ئومێدەکە بە دەوڵەت و کۆدەزگاکانیدا هەڵواسێتەوە، پاشانیش هاریکاریی و هەماهەنگییەکەی دەوڵەتان وەکو فۆرمێکی نوێی "کۆمۆنیزم" لێک دەداتەوە. هەڵبەت گەر کۆمۆنیزم مانایەکی هەبێت ئەوا ئەوەیە کە لە غیابی "دەوڵەت"دا کارا دەبێت؛ بە گوێرەی تیۆری مارکسیزم باشترین کارێک کە دەوڵەت بیکات ئەوەیە لە ماوەی قۆناغی گواستنەوەدا بەرەو کۆمۆنیزم بە هەڵوەشانەوەی خۆی دەیکات نەک خۆی فۆرمی کۆمۆنیزم بەرجەستە بکات. بۆچوونەکەی ژیژەک بە تەواوی یۆتۆپییە (گەرچی ژیژەک خۆی نکوڵیی لێ دەکات) وەختێک پێیوایە دەوڵەتان دەتوانن دەستبەرداری ویست و کەڵکەڵەکانی خۆیان بن و لە ناکاو هەمووان دەستبکەن بە هەماهەنگی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و پێداویستییەکان. بنچینەی ئەم خۆشباوەڕییە ئەوەیە کە ژیژەک بە "زەرورەت"ی دادەنێت، واتە وەک ناچارییەک کە لە بەرژەوەندیی هەموواندایە بچنە ژێری. بەڵام دەوڵەتان بە گوێرەی مەسڵەحەت لە زەرورەتدا مامەڵە دەکەن، نەک بە گوێرەی زەرورەتێک کە مەسڵەحەتی تێدایە؛ واتە لە زەرورترین ساتەکانیشدا هەندێ لە دەوڵەتان بەرژەوەندییە ئابووریی و هەژموونگەرییەکانی خۆیان لەبیر ناکەن؛ چین هاوکارییەکانی خۆی گەیاندۆتە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەڵام لەمەدا مەرامی هەیە. هەر یەک دوو ڕۆژ دوای وتارەکەی ژیژەک ئەمریکا و بەریتانیا هەڕەشەیان لە چین کرد کە دوای کۆتاییهاتنی قەیرانە پاکانەحیسابێکی لەگەڵ دەکەن؛ لەلایەکیتر لە ئیتاڵیا ئاڵای یەکێتیی ئەوروپا داگیرا و ڕەخنەی توند لە ئەڵمانیا و یەکێتییەکە گیرا کە بە هانایانەوە نەچوون؛ بەشێکی وڵاتانیش سنوورە نەتەوەییەکانی خۆیان توندتر کردەوە و چوونەوە ناو قاوغی خۆیان. بێگومان ساتی قەیران دەلاقەی زۆر ئومێد و ئیمکان دەکاتەوە، بەڵام زۆر بە دەگمەن ئیمکانەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو کۆمەڵگەیەکی باشتر لە خودی دەوڵەتەوە ڕیاڵیزە دەکرێن.

فیکری مارکسیزم لە مارکسەوە تاوەکو قۆناغی یەکەمی ئاڵتوسێریش ئومێدێکی زۆریان بە گرتنەدەستی دەوڵەتدا هەڵواسیوە و گوایە دوای بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی کە لەسەرییەتی بەرە بەرە زەمینەی هەڵوەشانەوەی خۆیشی خۆش بکات. بەڵام لەو هێڵەی فیکری چەپدا کە من کاری تێدا دەکەم، "دەوڵەت" ناوەندێکی سەرەکیی و جێگای ئومێد نییە، بەڵکو گۆڕانەکان ڕێک لەو ڕووبەرەنەوە دێن کە فۆرمێکی تری ڕێکخستن و پەیوەندیی نا-دەوڵەتی تاقیی دەکەنەوە و پەرەی پێ دەدەن؛ نموونە سیاسییەکەی ئەمە زاپاتیستەکان و ڕۆژئاڤایە (وێڕای ئەو کێشانەی هەیانبووە). هاوپەیمانیی دەوڵەتان، گەرچی دەشێت لێکەوتەی پۆزەتیڤی هەبێت، بەڵام تاوەکو دەوڵەتی سەرمایەداریی بێت تاکە خەمی ئەوەیە قەیرانەکە بە کەمترین زیان تەواو بکات و پێویستییەکانی چاکسازی کەشف بکات، واتە ئومێدی هەرە دوور لەم هاریکارییەدا ئەوپەڕی دەشیت ڕیفۆرمێکی جددی بێت، وەک ئەوەی چەندجارێک سەرمایەداریی کردوویەتی: گۆڕانی ئابووریی تایلەری، فۆردی، کینزی، پۆستفۆردی، نیولیبراڵیزم و هتد. خۆ ئەگەر بە شۆڕشیش دەوڵەت وەربگرێت، هێشتا ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە لەم دەوڵەتە نیازپاکە بین کە کۆمۆنیزم بهێنێتە دی؛ سەدەی بیستەم سەدەی شکستی ئەم ڕوانگەیە بوو. بۆ چۆمسکی قەیرانەکە دەرفەتێکە، دەلاقەیەک ئاوەڵا دەکات بۆ تێپەڕین لە نیولیبراڵیزم، بەرەو چی؟ هیچ کەس حاڵی حازر نازانێت، لە مێژوویدا سەرمایەداری بەردەوام مۆدێلەکانی خۆی تێپەڕاندووە. بادیۆ ئومێدی زۆری بەوە نییە ئەم قەیرانە ببێتە مایەی هیچ گۆڕانێکی سیاسی، وەک ئەو دەڵێت قسە و باسەکان بانگن بۆ هاتنی شۆڕشێکی بنچینەیی نەبینراو، کە نازانین پێوەندییەکەی لەگەڵ نەهێشتنی ڤایرۆسێک چییە و "شۆرشگێڕانیش"مان شتێکی نوێیان بۆ کردنی نییە، لەبری ئەوە بادیۆ وەک زەرورەتێک دەیبینێت بۆ بیرکردنەوە لە حەقیقەتی زانستی و گەڕان بەدوای ئاسۆی سیاسەتێکی نوێ و پەرەدان بە ئەزموونە لۆکاڵییەکاندا. لەو سەریشەوە مەترسی گەڕانەوە بۆ لیڤیاسان باس دەکرێت، لەم بارەیەوە کەڵکەیەکی گەڕانەوە بۆ زەبری دەوڵەت و ئابووریی کینزیزم هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەمە دووپاتکردنەوەی پوختی کینزیزم نابێت.

•بەستەری کلتور

پرسیار: مێژووی پەتاکان، بۆ مێژووی ئینسانیەت دەگەڕێتەوە، ترس لە مەرگ، ترس لە تیرۆرێکی بەکۆمەڵی نەبینراو، ڕەنگە کلاسیکترین ڕۆمانی بۆکاچیۆ جۆڤانی کە هاودەم وپاش پەتای (١٣٤٠) بێت، لە ڕۆمانی (دە یمکانا)، لە زاری (١٠) پاڵەوانەیەکەیەوە کە خۆیان بە جۆرێک کەرەنتینە دەکەن لەدەرەوەی شار و لە پەتاکە دەدوین، لەوێدا زۆرێك لە نۆرم، دونیابینی، ڕەوشت، ژیان و کارەساتی چاخەکانی سەدەی نێوەڕاست، دەیان ڕۆمانی تر وەک خۆشەویستی لە زەمەنی کۆلێرای مارکیز وتاعونی ئەلبیرت کامۆ، وە ئەوە بەهەمان شێوە بۆ هونەری وێنەکێشان پەڕیوەتەوە، خۆی حاڵەتی سەرنجدان لە کۆمەڵگا لەمۆدیلی پەتادا، وەک ئەو گریمانە فیزیایە کە لێکۆڵەر لە حالەتی نموونەییدا بەرجەستەی دەکاتەوە. ئەدەبی واقعی ، ئەو چاویلکەیە دەداتە نوسەر ونوسەریش ئەو هێزە دەداتە کتێبەکانی کە لە ڕۆژگارە تەنگانەکاندا خەڵک بۆی بگەڕێتەوە؟ پێتوایە نوسین دەتوانێت بەسەر ترس ومەرگ دا زاڵبێت وژیان بباتەوە؟

هاوار محمد: ئەدەب و هونەر بەر لەوەی واقیعی بن مەجازیین؛ لە سەردەمە جیاوازەکاندا کە واقیع لەلایەن دەسەڵاتە ملهوڕەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، لەلایەن بازاڕەوە داگیر دەکرێت، لەلایەن میدیاوە تەزویر دەکرێت، ڕەخنە و ئازادی و گەڕان بەدوای دنیایەکی باشتردا، خۆی دەخزێنێتە نێو پانتایی ئەدەبیاتەوە وەک پانتاییەکی مەجازیی کە دەسەڵاتەکان، وێڕای هەموو ئەو دەزگایانەی سانسۆر و هەموو ئەو فیلتەرانەی کە دایاندەنێن، کەمتر دەتوانین کۆنترۆڵی بکەن. نموونەی نزیک ئەو هەموو سانسۆر و چاودێرییەیە کە لە ئێران لەسەر چاپەمەنی هەیە. بێگومان زۆرجار ئەدەبیش وەک بەشێک لە بەرهەمهاتووی واقیع ساختە و کۆنترۆڵ دەکرێت، لە دنیای ئەمڕۆیشدا واقیع و مەجاز پێکەوە لەلایەن ماتریکسی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە داگیرکراون؛ وێڕای ئەمە هێشتا ڕادیکاڵیزمی ئەدەبیات بە تەواوەتی هەڵنەوەشاوەتەوە. بۆیە من دەمەوێت پەیوەندییەکی ناسازگار لەنێوان هەردوو چەمکی واقیع و حەقیقەتدا دابمەزرێنم. بە بڕوای من حەقیقەت ئەوە نییە کە لە واقیعدا هەیە، واقیع یان ساختە کراوە، یان کۆنترۆڵ کراوە، یان لەکارخراوە، یان بە دەربڕینی بۆدریار لە فەزای مەجازیی تەکنۆلۆژیدا بۆتە زێدە-واقیع. حەقیقەت ئەوەیە کە لە واقیعدا نییە، ئەوەیە کە دووخراوەتەوە، ئەوەیە کە لە نەزمی باو کراوەتەوە دەرەوە، لەم دۆخەدا حەقیقەت پەنا دەباتە بەر پۆشاکی مەجاز، مەجاز دەبێتە شوێنی حەقیقەت. هیچ حەقیقەتێک نییە بێ پۆشاکێک، بێ پەردەیەک کە خۆی لێیەوە ئاڵاندبێت، بەڵام وەها پۆشاکێک هیچ شتێکی حەشاردا نەداوە، بەڵکو حەقیقەت لە صیرورەی خۆیدا دەبێتە پۆشاکی خۆی، دەبێتە تاریکیی خۆی. هەر لەبەرئەمەیە نیچە لای وایە حەقیقەت پۆشاکەکەیەتی و پۆشاکی پۆشاکەکەیشیەتی؛ حەقیقەت تەنیا پۆشاکەکەیەتی، بەڵام نایشهێڵت وەک پۆشاکەکەی ببینین. هەڵبەت دەسەڵاتەکان و هێزەکانیش نەوەستاون لە بەرهەمهێنانی حەقیقەت؛ بە تایبەتی گەر حەقیقەت وەک "مانا" وەربگرین، بۆ نموونە "خودا"، "ئامانجی بوون"، "بەختەوەری"، "نەزم"، "ڕزگاری"، "پێشکەوتن" و هیتر. لە سەردەمی نوێدا هەندێ لە ئایدیۆلۆژیاکان خۆیان لکاند بەم مانایانەوە بەڵام بەرەو نیهیلیزم ملیان نا. وێڕای ئەمە گەر حەقیقەتێک هەبێت هێشتایش زیندوو بێت، ئەوا ئەوەیە کە نییە، ئەوەیە کە غیابە، واتە بە جۆرێک بڵێین: ئەوەیە کە پتر لەنێو ڕووبەرە نا-ئایدیۆلۆژییەکان، لەنێو ڕووبەرە فێرچواڵییەکانی تێکیستە ئەدەبییەکان و فیکر و فەلسەفە و هونەردا دەژی. ئەم ڕووبەرە بۆ ئەوە نییە بە گوێرەی ڕوانینە کلاسیکییەکەی پەیوەندیی تیۆر و پراکتیک لە بیرۆکەوە بکرێت بە واقیع، پتر بۆ ئەوەیە وەک تابلۆکەی پییەر بۆرێڵ دێکاسۆ نەهێڵێت ئەندێشە بە سەردەم و واقیعی خۆیەوە قفڵ ببێت؛ ئەدەبیات تەنیا ئیشی ئەوە نییە ئیمکانەکان بپارێزێت تا لە وەختی گونجاودا بێن بە ئەکچواڵ، بەڵکو خۆی یان سەرزەمینی ڤێرچواڵی ناکۆتایە، یانیش سەرزەمینی مەحاڵەکانە. هەرچۆن هەیە ئەدەبیات دەتوانێت وەک چاڵێکی بەتاڵ لەنێو دڵی واقیعدا هەبێت و پانتایی لە دەسەڵات بگرێت، وەکو پنتگەلی بەرگری و ڕووبەری بەرەنگاری لەنێو دۆخی باو و دژ بە دۆخی باو ئیش بکات.

وێڕای ئەمە، ئەدەبیات ناتوانێت بەسەر ترس یان مەرگدا زاڵ بێت و نایشیەوێت وا بێت، پتر سەروکاری لەگەڵ ئەو شتەدا کە هەمە مۆریس بلانشۆ بە "مەحاڵیی مەرگ" ناوی دەبات. بە بڕوای بلانشۆ ئەدەبیات/هونەر هەوڵە بۆ گرتنی بەردەوامی ئەو تاریکییەی کە بەرهەمی ئەدەبی، یان کاری فیکری، لە ساتی گرتنیدا لەدەستی دەچێت. بە گوێرەی زمانە چەمکییە-ئەدەبییەکەی بلانشۆ ئەدەبیات و هونەر لە چەقی شەو دەڕوانن بۆ ئەوەی خودی شەو، خودی غیاب، ئەویتری ڕەها کە لە قەڵەمڕەویی 'من'دا فۆرم وەرناگرێت ببینن. دەتوانین ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک ئەم ئەویترە نا ئاشنا و نامۆیە، وەک غیاب، مەرگ، شەو لێکبدەینەوە، ئەوەی کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆمان بەسەریدا نییە و فۆرمێکمان لە ڕۆشناییدا بۆ پێنادرێت و لە ڕێگەی میکرۆسکۆبەکانەوە چەند لێی وردبیتەوە لەدەستمان دەخزێت. ئەدەبیات (یان هونەر) لەم دۆخەدا نابێتە دۆکیومێنتێکی مێژوویی ڕووت تاوەکو باسی دۆخ و ژیانی گشتی خەڵکی لە دۆخی کۆرۆنادا بۆ سەردەمانی دواتر بنوسێتەوە؛ لە ئێستادا دەزگای زۆروزەبەند و لقە زانستی زۆروزەبەند هەن ئەم کارە بکەن؛ ئەدەب ئاوێنە نییە خۆمانی لەبەردا ببینین، داوای دیکۆمێنتکردن و ئاوێنەنوێنی لە ئەدەب بۆ زەرورەتی ئەم سەردەمە بوونەتە چاوەڕوانیی بەسەرچووی تەقلیدی و نا-ئەدەبی لە ئەدەبیات. ئەدەبیات پتر سەرنج لەو جیهانانە دەدات کە لە ناو ژیانە گشتییەکەدا نابینرێن، کە دەرکراون، سەرنج لەو جوزئانە دەدات کە لە تاریکیدا نەبێت لە هیچ کوێدا دەرناکەون، ئەوانەی خۆیشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان تاریکایین و لەناو تاریکیدان. ڕەنگە بۆ دۆخی کۆرۆنا نموونەکەی بادیۆ گونجاو بێت: "بێ سەرپەناکان"، ئەوانەی ماڵ و حاڵیان نییە. لێڤیناسیش باسی هەتیوان، بێوەژنان، دەربەدەران، کۆچبەران (کە لەنێو کەمپەکاندا بە درێژایی ئەم ماوەیە هەڕەشەی جدییان لەسەر بووە) و هیتر دەکات. ئەدەبیات هیچ وەزیفەیەکی دەروونناسییانەی نییە، وەک دکتۆری دەروونی ترسی کۆمەڵایەتی ناڕەوێنێتەوە و ئارامی سایکۆلۆژی دروست ناکات، بەڵکو سەرنج لە ڕووبەرە تۆقێنەرەکان دەدات و چاو لە خەرەند دەبڕێت.

پێشڕەو محمەد:
لەوەڵا بە پرسیارەکەی بەستەری کلتور

بەگشتیی لەنێو چەپدا، گفتوگۆیەکی زۆر لەسەر ڕێکخستن، حزب، دەوڵەت و یەکێتییە کرێکارییەکان کراوە و دەکرێت. لە گۆشەنیگای سیاسییشەوە زۆر باسی ئیمپریالیزم و فاشیزم لەناو سەرمایەداریدا دەکرێت، لە ئەمڕۆشدا فاشیزمی دۆناڵد ترەمپ و یاوەرانی بووەتە مقۆمقۆی زۆربەی سۆسیالیستەکان، بەڵام لە استیدا خودی چەمکی فاشیزم هێندە مەترسیدار و ئایدیایەکی شەیتانیی هێندە جددیی نییە. ئەوەی زۆر مەترسیدارە، بەکارهێنانی چینی

ل٩

ناوەڕاست و وردەبۆرژوازییە بۆ ڕامالینی چینی کرێکاری ڕێکخراو، نەزۆککردنی ئایدیای چینی کرێکار و پەرایزخستنی فیکر و فەلسەفە و ئەدەب و هونەری ئەم چینە لەلایەن چینی ناوەڕاستەوە. ئەمەش وایکردووە دیسان ڕێکخەرانی کۆمۆنیزم لەم گۆشەنیگایەوە وەڵام بدەنەوە. ئەی کێشەکە لە کوێوەیە؟

مارکسیستەکان نابێت کولتوور بکەنە شتێکی بناغەیی و جەوهەرێکی بنچینەیی پێببەخشن، وەك پۆستمۆدێرنیزم حەزدەکات وابکات، ئابووریی، سووڕی سەرمایە و بەرهەمهێنانی قازانج هێشتاش بڕبڕە و مەکینەی سەرەکیی سیستەمەکەیە، بڕێکی زۆری زیادەی بەرهەمهێنان و قازانجیش تەرخانەدەکات بۆ دروستکردنی دەزگا ئایدیۆلۆژییەکانی بۆ پارێزگاریکردن لەخۆی. بۆ نموونە دەوڵەتی مۆدێرنی سەرمایەداریی دەزانێت بە تەنها ناتوانێت بە تۆپ و تەیارە و سەرباز و پۆلیس خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر بهێڵێتەوە، لەبەرئەوە پێویستی بە بەرهەمهێنانی کولتوورێکە تا لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە قەناعەت بە چینە چەوساوەکان بکات کە ئەم سیستەمە باشترین سیستەمی ئەڵتەرناتیڤە هەبووبێت و گۆڕانکارییش لەم سیستەمەدا یان مەحاڵە یاخود فەوزا دروستدەکات، بۆ ئەم کارەش، چینی ناوەڕاستی میلیتاریزە کردووە بە ئایدیۆلۆژیا تا ئەم ئەرکەی بۆ ڕابپەڕێنێت.

چەپەکان ئەم لایەنەیان فەرامۆشکردووە: خەبات بۆسەپاندنی هەژموونی بزووتنەوەی جەماوەریی و کرێکاریی. ئەم خەباتە هەژموونییەش پێویستمان بە دامەزراندن و زەقکردنەوەی دووبارەی بزووتنەوەی هونەریی و ئەدەبیی و فیکریی ئاڤان-گاردی جەماوەریی هەیە، ئاڤان-گاردێکی ڕادیکاڵ کە خاوەن سینەما، شیعر، هونەر، فەلسەفە، ئەدەب و فۆرمەکان و تەکنیکەکانی دیکەی نواندنەوەیە، لە شانۆوە بیگرە تا هۆڵەکانی سینەما و هونەری گرافیتیی سەرشەقامەکان. خەبات بۆ گوتاری هەژموونیی چەپ، پێویستی بە سەرهەڵدان و ڕێکخستنی ڕۆشنبیرانی ناو چینی کرێکار هەیە، کە لەوانەیە لەم خەباتەدا بتوانن بەشێك لە ڕۆشنبیرانی چینی ناوەڕاستیش ببنەوە و بیانکەنە هاوپەیمانی چینی کرێکار. لە مێژوودا ئەمانە ڕوویانداوە و ڕووشدەدەن، زۆرجاریش لەم خەباتەدا، بەشێکی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و ئەدیبانی چینی ناوەڕاست نەك تەنها بوونەتە هاوپەیمانی چینی کرێکار لە خەباتدا دژی سیستەمی سەرمایەداریی، جەنگ و ڕاسیزم، بەڵکو خۆشیان لە پەیوەندییاندا بە چینەکەوە، هاتوونەتە نێو خودی چینەکەوە، لە نواندنەوەی بارودۆخی چینی کرێکار لە تەکنیکەکانی ئەدەب و هونەردا، بۆ بەرهەمهێنانی خودی ئەدەب و هونەری کرێکاریی ڕادیکاڵ.

لە وتارێکمدا گوتبووم: هونەرمەندان تا ئێستا بەرهەمی هونەرییان بۆ بازاڕ دروستکردووە، بەڵام خاڵەکە بریتییە لە ڕادیکاڵکردنەوەی هونەر لە پێناوی بەشداریکردن لە گۆڕینی دونیادا. مێژووی چەپ و مارکسیزم پرییەتی لەم خاڵە گەشانەی ئەدەب و هونەر و سینەما. ئەگەر ئاوڕێکی کورت لە قۆناغێکی مێژوویی سەرەتای سەدەی 20 بدەینەوە: کولتووری ڕادیکاڵی سۆڤێت و کولتووری چەپی ڕادیکاڵی کۆماری ڤایمار. بەرهەمەکانی ئەم قۆناغە کورتەی مێژووی مرۆیی، بەڕادەیەکە تا ئێستا مێژوو نەیتوانیوە بەرهەمی پڕشنگدارتر لەم قۆناغە بەرهەمبهێنێت. لە سینەماوە بیگرە تا دەگاتە فۆرمەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر. ئەگەر نموونەیەکی بواری سینەما بهێنینەوە: فیلمی کەشتی جەنگی پۆتەمکینی سێرگی ئایزنشتاین، لە ساڵی 1926دا بە کەمێك سانسۆرکراوییەوە دێتە ئەڵمانیا و نمایش دەکرێت، لەو ڕۆژگارەدا کۆی دیمەنی کولتووریی و سیاسیی ئەم وڵاتە دابەشی سەر بەرەی چەپ و ڕاست دەکات. لەو ڕۆژەوە پرۆلیتاریا دەگاتە ئەو متمانە بەخۆبوونەی کە سینەمای خۆی دابمەزرێنێت و بەهێزترین و کاریگەرترین قۆناغی مێژووی سینەماش، بریتییە لە سینەمای پرۆلیتاریی دەیەی 1920ی کۆماری ڤایماری ئەڵمانیا. کاریگەریی فیلمەکەی ئایزنشتاین بەڕادەیەك بوو، تەنانەت یۆزێف گۆبلز لە 1933دا بە هیتلەر دەڵێت: خۆزگە ئایزنشتاین ئەڵمانیی بوایە و لە نامەیەکی دیکەشدا دەڵێت: ئەگەر بمانەوێت هەژموونی جیهانیی ئایزنشتاین تێکبشکێنین، پێویستە ئایزنشتاینێکی ئەڵمانیی دروست بکەین.

هەڵبەت ئەمانە مشتێکن لە خەروارێك، و خوێنەر بۆ زیاتر ئاشنابوون بە پەیوەندیی هونەر و ئەدەب و ئێستاتیکا و سیاسەت، دەتوانێت بۆ کتێبەکەم بگەڕێتەوە بەناوی: "دیالەکتیکی هونەری سێیەم: دەربارەی مۆدێرنیتە، شار، سینەما، فۆتۆگرافیی، تەکنیك".

•بەستەری مێژوویی و ئایینی

پرسیار: لەشاری بێنی بیرکی نزیک تەل ئەبیب، نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژین، زۆرترین ڕێژەی توشبوانی پەتای کۆرۆنای تێدایە، ٥ جار لەهەموو جێگاکان زیاترە، چەقی بڵابونەوەی پەتاکەیە و لە هەمانکاتیشدا



مۆڵگەی یەهودییە توندڕەوەکانە و سەرۆکی شاروانی (ئەبرەهام روبناستاین) کە خۆی یەکێک لەوانە، ئاهەنگێکی گەورەی ڕێکخست لەبەردەم ماڵەکەی (کە دواتر خۆی وژنەکەی توش بوون)، وە ڕابینەکان ڕێگایان نەدا قوتابخانەکان دابخەن و لە ناشتنی ڕابینێکدا، ٣٠٠ کەس بەشداربوون لە پرسەکەیدا، ئەوان پێیاوانوایە، ئەمە پەتایە خودا چی نوسیوە لە چارەنوس، بەندە هیچ دەسەڵاتیکی تێدا نیە. لە نێو مەسیحیەکانیشدا، بەمجۆرەیە، لە ١٧ کەنیسەی گەورەی ئەڵمانیدا، ١٠ یان باوەڕییان بەوە هەیە کە بەڵای خودایە. پۆلیس کەنیسەیەکی لە ئەمەریکا بەزۆر داخست، چونکە قەشەکە ئامادە نەبوو کەنیسەکەی دابخات، چاوەڕێی "زیندوو بونەوەی" عیسای دەکرد، لەگەڵ بڵاوبونەوەی کۆرۆنا، کۆمەڵێک لە مەلا ئاینیەکان و شێخەکان و زانایانی فەتوادەر، (کورۆنایان وەک سەربازێکی خوا ناساند. (وما یعلم جنود ربک الا هو)، هانی خەڵکە هەژارەکەیان دەدا کە سەردانی مەزارگاکان بکەن، بۆ نمونە لە یادی ئیمام موسای کازمدا، خەڵکیکی زۆر کۆبونەوە بە نێو بازاردا و سەردانیان دەکرد، وەهایان بڵاودەکردەوە کە سەر گۆڕێ ئیمام موسای کازم خاوێنە و ئەگەر کەسێک بەو پەتایە بمرێت ئەوا شەهیدە. لە کوردستانی عیراقیش، لەسەرەتای شوباتدا، فەتوا درا کە کۆبونەوەی موسڵمانان لە نوێژی هەینی دا، نابێتە هۆی بڵاوبونەوەی زیاتری پەتاکە، ئەگەر بشمرێت ئەوا شەهیدە، (خۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی پانزەیەم کاتێک یەهودییەکان بەکۆمەڵ دەمردن لە کەمپەکاندا لە مەغریب). ئەم "سەربازی خودا و نەفرەت و بەڵا و تۆڵەکردنەوە"یە، بە جۆرێک لەهەموو دینەکاندا خۆی لە فۆرمی ئەم نەخۆشیەدا دەرخستەوە، هۆکاری بنەڕەتی ئەم پەیوەندییە چییە؟

عەبدوڵا ساڵح: بۆ وەڵامی پرسیارەکەت سەرەتا دەبێ بڵێم کە ئاینە "ئاسمانیە"کان، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن کتێبن، لەوانەش کتێبی زەبورە بۆ داود، تەورات بۆ موسا، ئینجیل بۆ عیسا و قورئان بۆ محەمەد، هەمویان کۆپی یەکترن، تەنیا بەدەستکاریەکەوە نەبێ کە لەگەڵ بارو دۆخی ئابوری سیاسی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو سەردەمەی کتێبەکەی تێدا هاتۆتە خوارەوە، هەروەها لەگەڵ شوێنی هاتنەخوارەوەکە، واتا ناوچە جوگرافیەکە، بگونجێ. پەیڕەوانی ئەم چوار کتێبە، وەك نمونە، هەمویان باوەڕیان وایە لەتەرەف (خوڵقێنەرێکەوە) هاتونە خوارەوە کە هەرچی لەو گەردونەدا هەیە و دەگوزەری هەمووی لەلایەن ئەوەوەیە و دەستکرد و ئیرادەی ئەوە. ئەرك و فەرمانەکانیش کە تێیاندا هاتوون زۆر لەیەکدەچن، بۆ نمونە، لەهەر چوار کتێبەکەدا نوێژ هەیە، ڕۆژو هەیە، حەج هەیە، شوێنی پیرۆز و پەرستگا هەیە، چیرۆکی زوربەی پەیامبەران لەهەر چواریاندا هاتوە، بۆ نمونە ئادەم و حەوا، هاتنەوەی محەممەدی مەهدی لە "ئاخیر زەماندا" وەك شیعەکان باوەڕیان پێیەتی گوایە نەمردوە پەیدا دەبێتەوە و لەلای مەسیحیەکانیش پەیدابوونەوەی عیسا. باوەڕێکی تر لای هەموو پەیڕەوانی ئەو چوار کتێبە هەیە کە قەدەریەتە، "مشیئة اللە" واتە ویستی خوا، شتێك یا ڕوداوێك یا کارەساتێك یا هەرچی لە ووردەکاری ژیانی هەر بونەوەرێکدا لەسەر ئەم گۆی زەویە و ئەم گەردونە بەگشتی ڕودەدا، ئەوا لەتەرەف ئەو خوڵقێنەرەوەیە و پێشتر لەلایەن ئەوەوە بڕیاری لەسەر دراوە و لە سەر بۆردێك نوسراوە، وەك لە قورئاندا هاتوە، پێی دەووترێ "لوح المحفوظ" و هیچ فرسەتێك نیە بۆ خۆپاراستن یا دەربازبوون لێی، هەربۆیە هیچ نامۆ نیە کە هەلوێستی پەیڕەوانی ئەو ئایینانە لە بەرامبەر ڕوبەڕوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەیەك بچن. لێرەدا، لە وەڵامی پرسیارەکەدا من فۆکۆس دەکەمە سەر ئیسلام و سەر کتێبەکەی کە قورئانە.

قورئان کتێبێکی پراوپڕە لە دەستەواژە و هەڵوێستی دژە یەکتر، چونکە هەر لەناو دەقەکانی خۆیدا بە سەدان ووتە و فەرمانی پێچەوانە بەیەکی تێدایە، من نامەوی چەندین نمونە لەو جۆرە فەرمانە پێچەوانانە بێنمەوە و بچمە ناو زۆرێك لەو ووردەکاریانەوە، بەڵکو تیشك دەخەمە سەر ئەو هەڵوێستەی موسڵمانان دەریانبڕیوە بەرامبەر وەبای کۆرۆنا و چۆن لەسەر بنەمای ئەو دەقە دژ بەیەکانە ئەوان بوون بە دوو بەش و دوو هەڵوێستی جیاوازیان گرتۆتە بەر.

یەکەمیان- ئەوەیە کە تۆ لە پرسیارەکەتدا باسی دەکەی. سەرەتا با بێینە سەر هەندێك لۆژیك کە ڕۆژانە لە سەر زمانی کەسانی موسوڵمانە وەك: (هەرچی خوا نەیکا نابێ، کاری خوایە و ڕازین پێی، هەرچی لە چارەنووس نوسرابێ دەبێ بێتە دی، کە ئەجەلت هات دەبێ بڕۆی بەدەست خۆت نیە و خوا لە چارەی نوسیوی، مردن حەقە و ناتوانین لێی ڕاکەین، کەی ڕۆژمان تەواو بوو دەمرین و خوا هۆکارێکمان بۆ دەڕەخسێنێ)، و زۆرێکی تریش لەو فاکتە نەگۆڕانەی موسوڵمانان باوەڕیان پێیەتی. ئەو لۆژیك و فاکتانە لە خۆڕا نەهاتوون بەڵکو ئایەتی قورئان پشتڕاستیاندەکاتەوە، بۆ نموونە لە سورەتی تەوبە ئایەتی 51 دا دەڵێ (قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلَانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ) واتە (ئەی پێغەمبەر بڵێ هیچ شتێکمان تووش نابێ جگە لەوەی خوا لە چارەی نوسیوین، هەر خۆی سەردار و گەورەمانە و با ئیمانداره‌کان پشت بە خوا ببەستن) بە واتایەکی تر هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونتەوە هەرچی بەسەرت بێ، چاك یا خراپ، خۆشی یا ناخۆشی، دەرد و بەڵا و موسیبەت، لەوانەش پەتای کۆرۆنا، نەداری و هەژاری، دارایی و سەروەتوسامان لە لەوحی مەحفوزدا لە چارەت نوسراوە ئیتر پێویست بە ڕاکردن و خۆلادان ناکا لە بەری.

دەربارەی مردنیش لە سورەتی ئەلئەعراف ئایەتی 34 دا دەڵێ: (**فإذا جاءَ أجَلهم لا يستأخرونَ ولا يَستَقدمون**) واتە (هەرکاتێك نۆبەی مردنیان هات، ئەو نۆبەیە نە دوا دەکەوی و نە پێشدەکەوی و لەو کاتەی بۆیان دیاری کراوە دەمرن). کەواتە ئەگەر بۆت نوسرابێ بە کۆرۆنا بمری ئەوا دڵنیابە هیچ شتێك فریات ناکەوێ!

لە ئایەتێکی تریشدا بۆت ڕوونده‌کاتەوە کە دەبێ چ هەڵوێسێك بگریتەبەر لە بارودۆخێکی ئاوادا وەك ئەوەی ئێستا مرۆڤایەتی بەدەستیەوە دەناڵێنی کە دەڵێ: (**وأُفوضُ أمري إلى الله إن الله بَصيرٌ بالعِباد- سورة غافر الآية 44**) واتە (خۆم و چارەنوسم دەدەمە دەست خوا، ئەو بۆ خۆی لەبەرامبەر بەندەکانیدا چاوی کراوەیە و دەیان بینێ).

بە گوێرەی ئەو چەند ئایەتەی سەرەوە بێت، نابێ ئەوانەی باوەڕیان پێیەتی گوێ بۆ هیچ فەرمان و ڕێنوێنیەکی تر شل بکەن، چونکە قورئان کتومت هەموی بۆ ڕوونکردونەتەوە و ڕێرەو و ڕێباز وهەلوێستە دروستەکەی بۆ دیاری کردون کە دەبێ چی بکەن. بە گوێرەی ئەو تێڕوانینە، مرۆڤ بونەوەرێکی بێ ئیرادەیە و چارەنوسی لە شوێنێکی کە دیاریکراوە.

دووەمیان- با بزانین هەر هەمان قورئان دژ بە پەیام وهەڵوێستی یەکەم چ دژە هەڵوێستێکمان دەخاتە بەر دەم. لە سورەتی بەقەرە ئایەتی 195 دا دەڵێ: (**لا تَلقوا بأيديكم الى التَهلُكَة**) واتە (بەدەستی خۆتان خۆ فڕێمەدەنە ناو شوێنێك کە بزانن تێدا دەچن، دەفەوتێن!!) واتە کە دەزانی کۆرۆنا بەرەو مردنت دەبا خۆتی لێبپارێزە!

هەر بۆ خۆپارێزی لە کۆرۆنا ڕێبازی ترمان دەخاتە بەردەم کە ئەویش نزا و پاڕانەوەیە، ئەوەتا دەڵێ: (خوا ووتویەتی لێم بپاڕێنەوە نزاو پاڕانەوەکانتان وەڵام دەدەمەوە)، وەك لە سورەتی غافر ئایەتی 60 دا هاتوە: (**وقالَ رَبُكُم أدعوني أستَجيبُ لكم**)، یا لە ئایەتێکی تردا دەڵێ: (**وإذا سألكَ عِبادي عَني فإني قَريبٌ أجيبُ دَعوةَ الداعي إذا دَعان**- سورەتی بەقەرە ئایەتی 186)، واتە (ئەی پێغەمبەرئەگەر بەندەکانم پرسیاریان دەربارەی من لێکردی، ئەوا من نزیکم وەڵامی نزاو پاڕانەوەیان دەدەمەوە ئەگەر داوام لێبکەن).

لۆژیکێکی تر بۆ خۆپاراستن پەنابردنە بەر "ڕەحمەت"ی خوا، ئەوەتا دەڵێ : (**لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ - سورەتی زوممەر ئایەتی** 53) واتە (لە ڕەحمی خوا نائومێد مەبن) داوا لا خوا بکەن ڕەحمتان پێبکا و لەو بەڵایە بتانپارێزێ و زۆر ئایەتی تریش لەو بارەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە؛ بەگوێرەی ئەو دەقە قورئانیانە موسوڵمانان دەبێ پەیڕەوی لە کام بژارده بکەن؟ لە بژاردەی یەکەمیان کە قەدەر بۆی نوسیون لە لەوحی مەحفوزدا بەڵای کۆرۆنا دێ و تەڕووشك پێکەوە دەسوتێنێ و کارەساتێکە هەر دەبێ ببێ و ڕوبدا موسوڵمانانیش با خۆیان بدەنە دەست خوا!

یا لە بژاردەی دووەمیان، کە دروست ڕێبازێکی پێچەوانە دەخاتە بەردەم ئەویش بەکار هێنانی هۆشە کە کاتێك سوور بزانی بەرەو فەوتان دەچی کەواتە مەچۆ! و پەنا بەرە بەر نزاو پاڕانەوە کە ڕەنگە لەو بەڵایە لات بداو بڕیارەکە لە لەوحی مەحفوزدا بکوژێندرێتەوە! ئایینی ئیسلام، وەك هەموو ئەو ئایینانەی تر، یەك پاکێجە، گوایە هەموو شتێکی تێدا باسکراوە بۆیە هیچ فرسەت و مەجالێك ناهێڵێتەوە بۆ بیر کردنەوە، مرۆڤ پێویست ناکا خۆی ماندووبکا، لەسەر هەموو بابەتێك و گرتنە بەری هەر کردار وهەڵوێستێك پێویستە بگەڕێتەوە بۆ قورئان، خۆ ئەگەر بابەتەکە لە قورئاندا نەبوو بگەڕێتەوە بو ووتەکانی پەیامبەر (حەدیس)، حەدیسیش بەگوێرەی ووتەی شارەزایانی ئیسلام زۆرێکی هەڵبەستراوە.

لێرەدا هەردووك هەڵوێست پشت بە یەك کتێب دەبەستن کە ووتەکانی لە یەك سەرچاوەوە هاتوون ، ئەم دژە دەستەواژانە هەر لەسەرەتای هاتنی ئایینی ئیسلام شەڕ و کوشتار و ماڵوێرانی و کارەساتی زۆرگەورەیان لێیاشەکەوت بووە کە دانیشتوانی وولاتانی ناسراو بە ئیسلامی و تەنانەت غەیرە ئیسلامیش باجەکەیان داوە، کردەوەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران و داعش وەك دوو نمونەی نزیك.

•بەستەری نەخۆشی، تەکنۆلۆژیا و سیاسەتی تەندروستی

پرسیار: دۆنالد ترامپ، دەوڵەتی چینی تاوانبار کرد بە بڵاوکردنەوەی فایرۆسی کۆرۆنا/ سارسی ٢، بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤیدی ١٩ . چین تۆمەتی گوستنەوەی فایرۆسەکەی گەڕاندەوە بۆ تیمە سەربازییەکانی ئەمەریکا کە سەردانی شاری وەهانیان کردوە و لەوێ ماونەتەوە ... بەپێی لیکۆڵینەوە زانستیەکان و دکتۆرەکان بێت، ڤایرۆسەکە لە بازاڕیکی خۆماڵیەوە سەری هەڵداوە کە گۆشتی شەمشەمە کوێرەی تیا فرۆشراوە لە ناوەڕاستی مانگی (٢٠١٩/١٢) ەوە، تا ئەوە بوو بەجهیاندا بڵاوبوەوە. لە ڕاستیدا ساڵی پار تیمە پزیشکەکانی چین هەر لە هەمان شار لەمانگی ٣ دا ڕاپۆرتێکی زانستیان لە مەترسی بڵاوبونەوەی فایرۆسێکی لەو بابەتە و توشوبنی ئینسانیەتی لەو نەخۆشیە بڵاوکردبوەوە. ئێستاش هەیە لە ئەرشیفدا ماوە. بەشێکی تر لە دکتۆرەکان لەکۆبونەوەکانی ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی سەر بەنەتەوەیەکگرتوەکان هۆشداریان دابوو بە (پەتای ئیکس /ناویان بردبوو) کە بە ئەگەری زۆر بڵاودەبێتەوە ئەگەر ڕێوشوێنە پێویستیە تەندروستیەکان نەگیرێتە بەر، تۆ ئەم سیناریۆیانە چۆن لێدەدەیتەوە ؟

شیرین عەبدوڵا: ئەم سیناریۆیانەی ئەمریکا و چین کە هەر یەکەیان تۆمەت دەخاتە پاڵ ئەوی تر لە ڕاستیدا ڕاکردنە لە واقیعەتەی کە بۆیان دروست کردوین، وەڵام دانەوە بەو پرسیار و نیگەرانیانەی خەڵک بەرامبەر دەسەڵاتەکانیان لە ڕوبە ڕوبونەوەی ئەم پەتایەدا بەشێکن لەو مەئەساتانەی کە (٧.٣) ملیار بەشەر بە دەستیانەوە ئەناڵێنێت. ئایا ڤایرۆسەکە دروست کراوی چینە یان ئەمریکا ئەوە بۆ ئێمە هیچ لەوە ناگۆڕێت کە وەکو سەربازی بێ چەک کتوپڕ خراوینەتە ڕیزی پێشەوەی ڕوبە ڕووبونەوە لەگەل نەخۆشیەکی کوشندەدا کە زانیاری زۆرمان نیە لەسەری وەڕێنماییەکانی پێمان دەدرێن ناڕۆشن و سەر لێ شێوێنەرن وە خستونیەتە بەردەم مەترسی داهاتویەکی ئابوری تاریک و ترسناک. هەر وەک ئێوە ئیشارەتتان پێدا لایەنە پزیشکیەکان بروایان وایە ڤایرۆسەکە لە پرۆسەیەکی سروشتیدا دروست بوە و ژمارەیەکی زۆر لە پزیشکان و زانایانی تەندروستی گشتی لە ڕۆژی (١٩-٢-٢٠٢٠) لە گۆڤاری لانسیتی بریتانی کە یەکێکە لە گۆڤارە بەناوبانگە پزیشکیەکانە نامەیەکی پشتیوانیان بڵاوکردەوە بۆ پزیشکان و زانایانی چین کە پێ دادەگرن لەسەر سەرچاوەی سروشتی ڤایرۆسەکە و نیگەرانیان دەربڕی کە ئەم جۆرە پروپاگەندانە بێجگە لە دروست کرنی ترس و بێ متمانەیی دەبنە ڕێگرێک لە بەرامبەر هەوڵە جیهانیەکانمان بۆ کۆنترۆڵ کردنی پەتاکە. ڕاپۆرت و بەڵگە زانستیەکانیش کە ئەمە دەسەلمێنێت هەیە و بە ئاسانی دەست دەکەوێت. بەڵام هۆکارەکانی سەر هەڵدانی ئەم ڤایرۆسە و چەندین کارەساتی سروشتی ترچیە ئەمە شوێنی پرسیارە و ئێستا ئەوە ئاشکرایە کە تێکدانی بێ سنوری ژینگە و سروشت بۆ ڕاو و بازرگانی بە مەبەستی قازانج لە سستەمی سەرمایەداری نیولیبرالیدا بەشەریەتی خستۆتە ژێر مەترسی توش بون بە ڤایرۆسە ئاژەلیەکان کە ئەمە دەلیلی بێ بایەخی تەواوی ئەم سیستمەیە نەک هەر بە ژیان و باشبژێوی دانیشتوانی سەر زەوی بەڵکو بە ژینگە و سروشتیش و درک پێ نەکردنیەتی و بەڵکو بێ باکیشیەتی بە زیانەکانی ئەم جۆرە

بۆ ل١٠

پراتیکانـە.
https://www.thelancet.com/journals/lancet/article/PIIS0140-6736(20)30418-9/fulltext

پرسیار: ئایا سیاسەتی تەندروستی جیهانی کەمتەرخەمە؟

شیرین عەبدوڵا: لە ٣١ دیسەمبر ٢٠١٩ چین هەوالی "چەند کەیسێکی التهابی قورسی سنگ لە ووهان" ی بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕاگەیاند کە دواتر ناسرا بە ڤایرۆسی کۆرۆنای تازە. لە (١١-٣-٢٠٢٠)دا حالەتی پاندەمیک- پەتای جیهانی- ڕاگەیاندرا ... هەتاکو ئیستا کە زیاتر لە (٤) مانگە زیاد لە (٢٦٠٠٠٠) کەسی کوشتوە و (٣.٨) ملیون توش بوە، ئەمە دەکرا وا نەبێت.

بێ گۆمان سیاسەتی تەندروستی وولاتەکان کەم تەرخەمن و دەنگی نارەزایەتی بەرامبەریان لە جیهاندا بەرز بۆتەوە.

پێش ئەوەی بێمە سەرچۆنێتی مامەڵە کردنی وولاتەکان لە گەڵ کۆرۆنا ئەمەوێت ڕوونی کەمەوە کە زۆربەی ولاتانی جیهان لە بناغەدا ئامادە نەبون بۆ ئەمە و یەکێک لە هۆ سەرەکیەکانی ئەوەیە کە سیستەمی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی گشتیان یەکجار لاواز و بایەخ پێ نەدراوە. لەگەڵ ئەوەدا کە سەرۆکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی تیدروس گیبریسوس لە کۆنگرەی ئاستانادا **(٢٠١٨)** رای گەیاند کە نیوەی ئەو (٧.٣) ملیارەی دانیشتوانی زەوی دەستی ڕاناگات بە خزمەت گوزاری تەندروستی بناغەیی لەوانە نەخۆشی گوازراوە و نەگوازراوەکان و تەندروستی منالان و دایکایەتی و منال بون و تەندروستی جنسی و دەروونی وهتد ... نەک هەر ئەمە بەڵکو لەم ساڵانەی ڕابوردودا دەبینین لە زۆر وولاتی دنیادا کە تا ڕادەیەک ئەم خزمەت گوزاریانەی تیایە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و بەردەوام هێرشی کراوەتە سەری و لاواز کراوە بە بەهێز کردنی کەرتی تایبەت و هێنانە ناوەوەی بازار و قازانج و کەمکردنەوەی ڕۆڵ و بەرپرسیەتی دەوڵەت لە دابین کردنی ئەم پێداویستیە سەرەکیانەی کۆمەڵگا. ئەمە وای کردوە کە سیستەمە گشتیەکان زیاتر و زیاتر لاواز بن و توانای بەرگەگرتنی هیچ جۆرە شۆکێکی لەم بابەتەیان نەبێت. زانا و شارەزا تەندروستیەکان زەنگی ئەم مەترسیەیان لێ داوە و هاوارەکانیان پشت گوێ خراوە.

بۆ نمونە لە (٢٠١٤) دا دوو دکتۆری شارەزا لە تەندروستی کۆمەڵدا لە بریتانیا ئاماژەیان بەوەدا کە پاندەمیکی داهاتو ڕووی دا (نەک ئەگەر) کە لەوانەیە ئەنفلوەنزای تەیر بێت یان شتێکی کە تەنها چەند هەفتەیەکمان بە دەستەوە دەبێت، ئەمە مانای وایە پاندەمیک لە لیستی سەرەوەی مەترسیەکاندا بوە لە ولاتەکەدا، وە ئەم دکتۆرانە تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە چاکسازیەکانی دەوڵەتی (٢٠١٢) ی سیستەمی تەندروستی گشتی بریتانیا ئەم مەترسیەی زۆر زیاتر کردوە. سیستەمی تەندروستی بریتانیا بە یەکێک لە سەرکەوتوترین سیستەمەکانی وولاتە پێشکەوتوەکان ناسراوە کە بە خۆڕاییە بۆ هەموو دانیشتوانی وڵاتەکە. لە ماوەی (٣٠) ساڵی ڕابوردودا حکومەتە جۆراوجۆرەکانی بریتانیا هێرشێکی توند و بەردەوامیان کردۆتە سەر ئەم سیستەمە بە مەبەستی بە بازاڕکردنی و دەرهێنانی وردە وردەی لەدەست کەرتی گشتی بۆ کەرتی تایبەت و چینەوەی قازانج. ئەوە بو چەندین خزمەت گوزاری تەندروستی داخران وە یان کەم کرانەوە و ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار و کار بە دەستەکانی دەرکراون و ئەم هێرشە نەک تەنها کەرتی تەندروستی بەڵکو هەمو خزمەت گوزاریە گشتیەکانی وەکو خوێندن و هاتو چۆ خزمەت گوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و سیستەمی بەنەفیت و خانو بەرە و...هتد گرتۆتەوە بە ڕادەیەک کە ڕێژەی هەژاری لە وڵاتەکەدا یەک جار زیادی کردوە و بۆتە کێشەیەک بۆ ڕێکخراوە خێرخوازیەکان کە خۆشیان بە هەمان شێوە ئەم پرۆسەیە گرتونیەتەوە. ئەم واقیعەتانە زۆر بە جوانی لە فلیمی (ئای دانیەل بلەیک)ی دەرهێنەری سۆشیالیست (کێن لۆخ)دا ئاشکرا کراوە.

هاتنی کۆرۆنا:

کەواتە کەم تەرخەمیەکان لە ئێستادا دەستی پێ نەکردوە و درێژ خایەنە و ئەم سیستەمە خۆی بەشێکە لە کارەساتەکە. لە گەل سەر هەڵدانی کۆرۆنادا ئەم کەم تەرخەمیانە یەک جار زەق بونەوە نەک هەر لە بریتانیا بەڵکو لە زۆر لە وولاتانی بە ناو پێشکەوتو.

هەر وەک دەزانن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە (٣٠-١-٢٠٢٠) حاڵەتی تەندروستی گشتی بە پەلەی ڕاگەیاند لە سەر تا سەری جیهاندا و پێشتر لە (١٠-١-٢٠٢٠) دا پاکەجێکی ڕێنمایی بۆ هەمو وولاتەکان ڕاگەیاند بە پێی ئەو زانیاریانەی لەو کاتەدا هەبون لە سەر نەخۆشیەکە. ئەو ڕەخنانەی بە گشتی لە وولاتەکان هەیە ئەمانەن:

- دەبینین لەباتی کارکردی هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکا بۆ لەناو بردنی نەخۆشیەکە وڵاتانی جیهان بەفردی و تێروانینێکی ناسیۆنالیستانەی بەر تەسک مامەڵە دەکەن.

- پلانەکانیان خاووخلیچکی و بێبایەخی پێوە دیارە بە پشت گوێ خستنی پرۆسەی تێستا وبە دوادا چونی کەیسەکان و پەیوەندیەکانیان و ڕانەگرتنی خێرای کۆبونەوە گشتیەکان وەک مراسیمی ئاینی و وەرزشی و ئاهەنگ و کۆڕ و کۆبونەوە گەورە کۆمەڵایەتیەکان و دانە خستنی سنورەکان و کارەنتینە نەکردنی هاتوانی وڵاتەکان و کار نەکردنی خێرا بۆ دابین کردنی پێداویستی خۆپاراستن لە ماسک و دەست کێش و ئامێرە تەندروستیەکان (کە دەکرا زۆربەی وڵاتان لە ناو خۆدا دروستی بکەن، یان ئەو زەخیرە ئامێرانەی لە مەخزەنەکاندا تەرخان کراوە بۆ سوپا بەکار بهاتایە!). مانگەکانی ٢ و٣ فرسەتێکی یەکجار گرنگ بو کە دەبوا وولاتەکان بەکاریان بهێنایە بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو پەتایەی کە ڕۆژ بە ڕۆژتەشەنەی دەکرد بە بەرچاوماندا.

- بیبر نەکردنەوە لە چینە پشت گوێ خراوەکانی کۆمەڵگە وەک پەناهەندە و زیندانی و بێ خانە و لانەکان و دانیشتوانی کەمپەکان وماڵەکانی پەک کەوتەکان...

- ژنان وقوربانیانی توندو تیژی خانەوادەیی لە پلانەکاندا نەبون ئەوەبو دەنگی نارەزایەتی ڕێکخراوەکانی ژنان لە زۆربەی وڵاتانەوە بەرز بوەوە بە هۆی زیاد بونی توندوتیژی ئەوانەی کە لە کەرەنتینەن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا و دەست رانەگەیشتنیان بە خزمەت گوزاریەکان و قورسی پەیوەندیەکان.

- زۆربەی وڵاتان سیاسەتی بەرگری مێگەل (مناعة القطيع -Herd immunity) یان پیادەکرد کە ڕەخنەیەکی زۆری هاتە سەر لە لایەن شارەزایانی تەندروستی و کۆمەڵایەتیەوە کە سیاسەتێکی شیاونیە. هەندێک وڵات لەمە پاشەکشەیان کرد بەڵام هێشتا سیاسەتەکانیان لە باشترین حالەتدا نارۆشن و سەرلێشێوانی دروست کرد لای خەڵک.

- کرێکارانی کارە بناغەییەکان وەک: کارمەندانی تەندروستی و گواستنەوە و ڕێگەوبان و پۆست و کرێکارانی شارەوانی و ئەوانەی لە سوپەرمارکیتەکان و لە ئامادەکرن و پاکێجکردنی خواردن کار دەکەن ... و ڕینماییەکانی لە ماڵەوە مانەوە نایانگرێتەوە. لەبەر ئەوە ئەمانە زۆرترین ڕێژەی ئەگەری توشبونیان بە نەخۆشیەکە هەیە. لەگەل ئەمەشدا دەبینین وڵاتەکان کەم تەرخەمیەکی یەک جار زۆریان بەرامبەر ئەم گروپانە کردووە بە تایبەتی لە دابین نەکردنی پێداویستیەکانی خۆ پاراستن لە توش بون بە کۆرۆنا و نارۆشنی ئامۆژگاریەکان ئەوەتا دەبینین ژمارەیەکی بەرچاو لە ستافی تەندروستی و ڕێگەوبان و کرێکاری تری ئەم کارە بناغەییانە گیانیان لە دەست داوە و گیان لە دەست ئەدەن. ئەمە لە کاتێک دایە کە لە سەرتاسەری جیهاندا نوقسانیەکی یەکجار زۆر هەیە لە ستافی خزمەت گوزاری بەتایبەتی لە کەرتی تەندروستیدا بە پێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

- پاکێجی یارمەتیە ئابوریەکان ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران ناگرێتەوە و ئەمانە هیچ زەمانەتێکی ئابوریان نیە لە بەر ئەوە لەکاتی توشبونی خۆیان یان ئەندامانی خانەوادەیان بە نەخۆشیەکە بە ئاسانی ناتوانن دەست لە کار هەڵگرن و لە ماڵەوە دانیشن. ئەمە بۆتە ڕێگرێک لەبەردەم کۆنترۆل کردنی بلاو بونەوەی ڤایرۆسەکە. ئەمە جگە لەوەی کە وولاتانێک وەکو عیراق هیچ یارمەتیەکی ئابوریشی دانەناوە.

پرسیار: تێبینییەکی گرنگت هەیە لەسەر ئەو ڕێوشوێنانەی دەوڵەتان گرتویانەتە بەر بۆ بەرتەسککردنەوەی پەتاکە؟ ئایا مۆدیلی چینیت پێ سەرکەتوو بوو یان سویدی؟ کۆریات لەگەڵ ئەمەریکا پێ چۆن بوو؟ ئایا بۆچی ئیتالیا سیستەمی تەندروستیەکەکەی لەتەواوی ئەوروپا پەککەوتەتر بوو؟

شیرین عەبدوڵا: بەراورد کردنی ڕاستەوخۆی وڵاتەکان و کاریگەری پەتاکە لەسەریان کارێکی ڕاستەوخۆ نیە وە هەر وڵاتە و سیستەمێکی جیاوازی هەیە بۆ تۆمار کردنی کەیسەکان. بەڵام چەند نمونەیەکی سەرکەوتو هەیە لە جیهانداکە ئومێد بەخشە و نیشان دەدەن کە کارکردنی بە پەلە و هاوئاهەنگ دەتوانێت تارادەیەکی زۆر بەر بە ڤایرۆسەکە بگرێت وە لانی کەم لە خراپترین نتیجە بمانپارێزێت بۆ نمونە کۆریای باشوور کە زۆر بە چڕی تێست و بە دواداچونی کرد وەیان المانیا کە بە پەلە ڕێژەی تێستیان زیاد کرد و نیوزیلەندە بە هەمان شێوە ستراتیژی لە ناو بردنی پیادە کرد. بە پێچەوانەی ئەمانەوە دەبینین وولاتانی ئەمریکا و بریتانیا و برازیل بۆ نمونە بە جولانەوەی خاوەخاو و نارۆشنی و سەرلێشێواوی ئامۆژگاریەکانیان و ڕاکێشانی پەنجەی تۆمەت بۆ ئەم و ئەو و بیرکردنەوەی تەسک لە سنوری جۆگرافیای وڵاتەکاندا بۆ مەبەستی ناوخۆیی لەباتی هاوئاهەنگی لەسەر ئاستی جیهان بوە هۆی ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە تووش بوان و مردنیش. ئەم جۆرە بێ بایەخی و کەم تەرخەمیەی وولاتەکان بۆتە شوێنی نارەزایەتیەکی بەرفراوانی خەلک و ڕۆڵی دەوڵەتەکانی جیهان لە پاراستنی بەرژەوەندی هاووڵاتیانیانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

پرسیار: بەدڵنیاییەوە، هەرکەس ولایەن وگروپ وحزبێکی سیاسی جددی پاش کۆرۆنا دەبێت پرۆژەیەکی گرنگی سیاسەتی تەندروستی گشتی لە بەرنامەکەیدا بگونجێنێت؟ ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بەسەرسەرجەم جومگەکانی سیستەمی تەندروستی وڵاتدا بێت؟ لە ڕوانگەی تۆ چ بەرنامە وپرۆژەو ستاندەردیکی زانستی پیویستە بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆ؟

شیرین عەبدوڵا: بە رای من ئەم پەتایە دوو کێشەی ئەمڕۆی خستە ڕوو کە مرۆڤایەتی گەیشتۆتە شوێنێک کە چارەسەرکردنیان بۆتە پێداویستیەک قابیلی دواکەوتن نیە. یەکەمیان نایەکسانیە و دووەم نەبونی خزمەت گوزاری تەندروستی گشتی بۆ هەموان وە بە خۆڕایی. کۆرۆنا کێشەی ئەو بەشانەی کۆمەڵی زەق کردەوە کە دەسەڵاتداران نایانبیستن و نایابینن و لە پلانە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکانیاندا حیسابیان بۆ ناکەن. کۆرۆنا هەمو جیهانی بە ئاگاهێنایەوە کە نایەکسانیەکی خەیاڵی دەورو بەری داوین. (کۆڤید-١٩) چالەنجێکی بایۆلۆجیە کە جگە لە باری فیزیکی و دەرونی ئاکامەکانی کۆمەلایەتی و ئابوری و درێژ خایەنن. دەتوانم بڵێم کە بە لێکۆڵینەوە لە بایۆگرافی توشبوەکاندا و ئەو گروپانەی کەزیاترین زیانیان پێ گەیشتوە ڕێگای چارەسەر و بەرگرتن بە پەتا و کارەساتی تری لەم جۆرە مان بۆ دەردەکەوێت.

ماڵپەری بی بی سی نیوز ڕۆژی (٨-٥-٢٠٢٠) دەڵێت کە دانیشتوانی ناوچە هەژارەکان دووقات ئەگەری مردنیان بە کۆرۆنا هەیە (١٠٠٠٠٠/٥٥) وەک لە ناوچە دەولەمەندەکان (١٠٠٠٠٠/٢٥).

هەچ پرۆژەیەکی تەندروستی گشتی کاتێک دەتوانێت خزمەت بە کۆمەلگا بکات کە هەمو توێژەکانی کۆمەڵ بە خۆڕایی و بە بێ هیچ جیاوازیەک دەستیان پیا ڕابگات.

ئەوەی کە پێویستە لە هەمو وڵاتەکاندا سیستەمێکی تەندروستی و چاودێری کۆمەڵایەتی گشتی یە بە ستاندارديکی بەرز لە فێرکردن و ڕاهێنان و ئامراز و دەزگای کواڵیتی بەرز و بە هەلومەرجی کارکردن و موچەیەکی باش بژێوی شایستە بۆ هەمو کارمەندان کە بتوانێت خزمەتگوزاریەکان پێشکەش بە کۆمەڵ بکات بە یەکسانی و بە بێ جیاوازی و پارێزراو بێت لە دەست تێوەردانی کەرتی تایبەت و بازاڕ و سیاسەتە ئابوریە نیولیبرالیەکان.

•بەستەری پەتای کۆرۆنا و زیادبونی توندوتیژی دژ بە ژنان

پرسیار: (ڕین بنت محمد هارون)، وەزیری خێزان و کاروباری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی مالیزی لە تویتەر و فەیسبوک و ئیستگرام بە بۆنەی کەرەنتینەوە ئامۆژگاریەکی لە سەرەتای ئەپریلدا، بۆ ژنان بڵاوکردەوە کە پێویستە ژنان بەجلی جوان و سوراوسپیاو و خۆڕاڕازاندنەوە خۆیان بخەنە بەردەم پیاوەکانیان. ئەوە بوو دوای نارەزایەتی ڕێکخراوەکانی ژنان، داوای لێبوردنی کرد و کۆمێنتەکەی سڕیەوە، هەروەها ئەنتۆنۆ گۆتریس، سەرۆکی ڕێکخراوەی یوئین (UN)، پەیامێکی فیدیۆی لەدژی توندوتیژی خێزانی لەسەر ژنان بڵاوکردەوە، کە تیایدا هاتبوو کە ڕێژەی دوو بەرابەر زیادی کردووە لە ئاستی جیهاندا. لە فەرەنسا توندوتیژی (٣٠٪) زیادی کردووە، دەوڵەت (٢٠) هەزار ژووری لە هوتێلەکان بۆ دادەدانی ژنان بە کرێ گرتووە، سەرۆک وەزیرانی کەنەدا، جەستۆن تۆردو،

(٥٠) ملیۆنی بۆ ڕووبەڕووبونەوە تەرخانکردووە. فایرۆسی کۆرۆنا، ئەو بەخشندەییە بایۆلۆژییەی هەیە کە ڕیژەی مەرگ و توشبوون لەناو ژنانـدا کەمترە، بەڵام ئەو تاوانە کۆمەڵایەتیەی پەرەپێدایەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکە بەگشتی ڕەگەزی مێ، لە بەردەم ئەرکێکی یەکجار قورسدا وەستاند. (٧٠٪) کارمەندی پەرستیاری ژنانن، کە یەکسەرە لەبەردەم مەترسیەکەدان، سەرەڕای ئەوەش بەپێی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی کاری نێودەولەتی (ILO) لە ساڵی (٢٠١٨) دەدا، ئەو کارانەی ماڵداری، ئاگاداری گەورە ساڵان و بەخێوکردنی منالان، کە زۆربەی لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدراون وەک کاری (بێگاری، بێ کرێ)، بەئەندازەی تێکرای کاری پیاوانە. کۆبونەوەی خێزانە گەورە عیراقیەکان لە ماڵەوە، هەموو ئەمانە پێکەوە کۆ دەکاتەوە، توندوتیژی نێو خیزان و کاری گەورەی ماڵداری و چاودێری نەخۆش و پەککەوتەکان و لە نێو دەسەڵاتدارییەکی کۆنەپەرستدا گیرکردووە، ئاڵتەرناتیفی تۆ بۆ قورتارکردنی ژنان لەم هەلومەرجەدا چیە؟

یەنار محمەد: ئەڵبەتە بنەبڕکردنی یەکجاری ستەم لەسەر ژنان پەیوەستە بە ئازادی کۆمەڵگە و نەمانی بارودۆخی چەوسانەوەی ئینسان کە سیستمی چینایەتی و دەسەڵاتی ئەو چینەی کە بەرژەوەندی هەیە لە پاراستنی بەرهەمی دەهێنێت. لێرەشەوە ڕزگاری ژنان و چارەسەری ناعەدالەتی و نایەکسانی و بێمافی ژنان پەیوەستە بەو خەباتەوە کە ئەم سیستمە و ئەم دەسەڵاتە ڕادەماڵێت و لە جێگەیدا سیستمێکی یەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی لە نێوان ئینسانەکاندا جێگیر دەکات بەجیا لە ڕەگەزی نێرینە و مێینەیان وەیا ڕەنگی پێست و نەتەوە و ئاینیان. بۆیە خەباتی ڕزگاریخوازانەی ژنان بەشێکی جیا نەکراوەی ئەو خەباتە گشتیە و ئەو ئاڵتەرناتیڤە ڕزگاریخوازانەیە بۆ ئازادی کۆمەڵگە لەدەست سیستمی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی و ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی. بەڵام ڕۆژانەش دەبێ لە خەباتدا بین بۆ وەلانانی بێمافی و بەدەستهێنانی هەتا ڕیفۆرمێکیش بچوکیش لە بوارێکی سنورداریشدا کە بەمە نەک هەر زوڵم و نابەرابەری و کوێرەوەریەکان کەم دەکەینەوە، بەڵکو هێز و توانای دەگرین و مەشق و ڕاهێنان و ئەزمون وەردەگرین بۆ خەباتە سەرتاسەری و گشتیەکەمان بۆ ڕزگار بوونی یەکجاری.

تا ئەو شوێنەش پەیوەستە بە بارودۆخی ئێستاوە، ئێمە بەبەردەوامی ژنان پەیوەندیمان پێوە دەکەن کە دەیانەوێت ڕزگارییان بکەین لە گوشاری دەروونی و ئازاری جەستەیی کە لەلایەن نێرینەی نێو خیزانەکانینەوە، بەرەو ڕوویان دەبێتەوە. تێبینی ئەوەمان کردووە، پاش ئەوەی بڕیاری قەدەخەکردنی هاتوچۆ ڕاگەیانرا، ژمارەیەکی زۆرتر لە ژنان پەیوەندیان کردوە و داوای یامەتیان کردوە، ئەمەش چونکە ئەو پیاوانەی توندوتیژی دەنوێنن کاتێکی زۆرتر لەماڵەوە دەبن و ژنەکانیش زیاتر دەکەوتنە بەردەستی ئەو کەسانەی ئازاریان دەدەن، بۆیە ئێمە ڕۆژانە گوێ بیستی خۆکوژی و خۆسوتاندن و کوشتن دەبین. ئێمە هەستمان بە گوشارێکی زۆر دەکرد لەکاتی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنادا، بەڵام جگە لە ڕێنماییە تەندروستیەکان کە کۆسپی بۆ دروستکردبوین، حکومەتیش ئێمەی خستۆتە ژێر فشاری یاسایی و دادگاییەوە و دەزگای موخابەرات و دوژمنامان لە نێو دەسەڵاتدا بە بەردەوامی چاویان لەسەرمانە، ئەمە هەوڵەکانی ئێمەی سنوردار کردەوە لە دادەدانی کەسانی تازە لە پەناگاکانمان، سەرەڕای ئەوەی مەترسی بڵاوبونەوەی نەخۆشییەکەش گوشارێکی تری بۆمان دەهێنا. ڕوداوی خۆسوتاندنی کچە گەنجەکە "مەلاک زوبێدی"، تراژیدیایەکی دڵتەزێن بوو. ئێمە پێشبینیمان دەکرد کە ژمارەی ڕووداوەکانی کوشتار و توندوتیژی ژنان زیاد دەکات، بێ ئەوەی ژنان هیچ دەرفەتێکی خۆ ڕزگارکردنیان هەبیت و لەو کاتەشدا کە ڕووداوەکە پێشهات، دەرگای ڕێکخراوەکەمان بۆ پێشوازی داخرابوو. بۆیە کۆبوونەوەیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ کادرەکانی ڕێکخراوەکەماندا لە بەغدا و پارێزگاکانی تر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، وە بڕیارماندا دەستبکەینەوە بە چالاکیەکانمان بۆ وەرگرتنی ئەو ژنانەی کە لەژێر هەڕەشەی ئازاردان دان و ئارامی و دڵنیاییان بۆ دابین بکەین، هاوڕای پەروەدەکردن بە ڕۆشنبیرییەکی ژنانەی شۆڕشگێڕانەوە تا نەک هەر مەسەلەکە ڕزگار کردنی خۆیان بێت، بەڵکو فرسەتیشان بۆ بخوڵقێت تا لە کەسێکی قوربانیەوە ببنە کەسێکی ڕزگارکار و بێنە مەیدانی خەبات بۆ بەرگریکردن لەژنانی زوڵملێکراوی تری ناو

بۆ ل١١

"ناتوانم هەناسە بدەم" سەرمایەداری هەناسەی لە مرۆڤایەتی بڕیوە، چارەسەر وەلانانیەتی

ئایە دەتوانین ئەزمونێک بدەینە ئەم ڕاپەڕینەی ئێستای عێراق؟

پاشماوەی ل١

زۆرێک لە حزبەکان و ڕەوتەکان لابرد، بەڵکو لەوەش گرینگتر، وە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا، زەمینەیەکی شۆڕشگێڕانەی دروستکرد بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی زوڵملێکراو و لاوانی بێکار و خوێندکارانی بێ هیوا لە دامەزراندن، تا خولیای ڕزگاربوونیان بۆ دروست بێت لەدەست ئەم گەلە گورگەی بورژوازی بەهەموو قەوارە و ڕەوت و حزبەکانیانەوە.

لە ئێستادا، لەگەڵ چەقبەستوویی ڕاپەڕین و هەموو کاریگەری خراپی پەتای کوڕۆناش، بەڵام دڵی ڕاپەڕین هێشتا لە لێدان نەکەوتووە و خامۆش نەبووە. هەژاری و بێکاری و نەبونی خزمەتگوزاریە بنچینەییەکان و پەراوێزخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هۆکاری سەرهەڵدانی ڕاپەڕین بوون، نەک هەر لە شوێنی خۆیان ماونەتەوە، بەڵکو خراپبونی بارودۆخی ئابوری سەرمایەداری بەتایبەت دوای پەتای کوڕۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، ئاسۆی دەسەڵات و هەموو هێزە بورژوازیەکانی بۆ دەرچون لەم بنبەستە بەتەواوی داخستووە، ئیتر هیچ شتێک لەبەردەم بورژوازیدا نەماوەتەوە جگە لە چاوەڕوانی و کات بەسەربردن لە کاتێکدا کە میلیشیا و دامودەزگا ئەمنی و سەرکوتگەرەکانیان خەریکی داپڵۆسینی جەماوەری ناڕازین. ڕۆڵی کازمیش وەک سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق شتێک نابێت جگە لە ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیەی کە ئەوی گەیاندە ئەو پۆستە لەگەڵ بەخشینەوەی درۆودەلەسە بۆ ئارامکردنەوەی شەقام تا کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتوو و وەرگرتنی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتی ئەو حزبە بورژوا گەندەڵانەی کە دوژمن بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانی ئازادیخواز و لاوانی شۆڕشگێر و خوێندکارانن.

سەرکەوتوو کازمی لە ئەرکەکەیدا سەخت و دژوارە، نەک هەر لەبەرئەوەی ڕاگرتنی خاڵی هاوسەنگی کارێکی سەختە، بەڵکو لەوە سەخت تر ئارامکردنەوەی توڕەیی و داخ لەدڵی و پەستی ڕوو لەسەری جەماوەری بێبەبەش و هەژارکرا و پەراوێزخراوە.

ئەمڕۆ دوای ئەم هەموو گیرخواردن و نالاندنەی جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش بەدەست دەسەڵاتی حزبە قەومی و ئیسلامیەکان و ڕێمی پشکپشکێنەی قەومی و تائیفیانەوە، وە دوای ئەزمونێکی دەوڵەمەند لە خەباتی بەردەوام و شکڵی جۆراوجۆری مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین، ئەم جەماوەرە ئێستا زۆر لە جاران زیاتر بارهاتووتر و ڕاهێنراوتر و ئامادەیە بۆ خەباتێکی شۆڕشگێڕانە و لە جاران زیاتر تینوی تیۆریەکی شۆڕشگێڕانە و ڕابەرانێکی مەیدانی ئازا و چاونەترسە کە ڕابەرایەتیان بکات ڕووەو هێنانەدی ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا. پەستی و توڕەیی جەماوەر بەدژی دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە بورژوا فەرمانڕەواکان لە کوڵان وقڵپدانێکی بەردەوامدایە و بەڕێوەیە سەرلەنوێ بتەقێتەوە بە شێوەیەک بەهێزتر لە پێشوو، بەتایبەت جیهانی دوای پەتای کوڕۆنا و ئەو پەکخستنە ئابوریەی کە بەدوای خۆیدا هێناویەتی لەسەر ئاستی جیهان و عێراق، بە بەربڵاوبوونی داوێنی بێکاری و هەژاری و برسیەتی لە ئاستێکی بەرفراواندا، هەموو ئەوانە ئەوەمان لێدەخوازێت کە وەک ڕێکخراوێکی مارکسیستی تێکۆشەر خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و جەماوەر و خەباتەکەی بە ئاسۆ و سیاسەتی سۆشیالیستی چەکدار بکەین.

ئەوەی کە نەمانتوانی بهێنینەدی لە شەش مانگی ڕابردوودا دەبێ ئامادەیی بۆ وەرگرین لەم سەردەمە تازەیەی دوای کوڕۆنا، ئەزمونی شۆڕشەکانی (١٨٤٨)ی ئەورووپا (لە فەرەنسا و ئەڵمانیا...) دواتر بوون بە بەشێک لە پێکهاتەی (کۆمۆنەی پاریس. ١٨٧١)، وە شۆڕشی (١٩٠٥)یش هەروەک لینین وتوویەتی بوو بە (ڕاهێنانێکی مەزن) بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)، جا بە دڵنیاییەوە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری (٢٠١٩)ش ڕاهێنان و مەشقێکی سەرەتایی کچان و کوڕانی ئەوەی ڕاپەڕین و لەگەڵیشاندا کۆمۆنیستەکان و (ڕێکخراوی بەدیل)ە بۆ شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عێراق لە ئایندەیەکی نزیکدا. بەبێ ئاسۆیەکی لەو چەشنە و دڵگەرمی بۆ پیادەکردنی عەمەلیانەی سەختە حزب و ڕێکخراوەکان، ئینسانە مارکسیستەکان بتوانن بە کۆمۆنیستی بمێنێتەوە لە عێراقی ئەمڕۆدا.

ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٢٠

بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق، ئامانج و داواکاری ودروشمەکان

پاشماوەی ل٥

هەستانەوەی جەماوەر لە ناوچەکانی خۆراوای عێراق و کوردستاندا بەڕووی دەسەڵاتدارانی ناوخۆ و ئەو ڕەوتە سیاسیە بورژوازیانەی کە پاشەکشەی ئابوری و مەعنەویان بەسەر خەڵکدا سەپاندوە لەو ناوچانەدا.

کرێکاران و زەحمەتکێشان و گەنجانی ئازادیخواز لە ناوچەی خۆراوای عێراق و کوردستاندا هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورەن بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری، ئەمە پێویستی بەگرێدانەوەی خەباتیانە بە خەباتی جەماوەری ڕاپەڕیو لە سەراسەری عێراقدا بۆ وەستانەوە دژی ڕەوتە قەومی و تائیفیەکان لە ناوچەکانیاندا لە پێناو هێنانەدی گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕانە لە تەوای عێراقدا.

ئەرکە دەست بەجێکان

١-بەشداری کردنی لە ناڕەزایەتیەکاندا بەشێوەیەکی چالاک و خەبات کردن بۆ هێنانەدی ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیە ئازادیخوازەکان.

٢-بەهێز کردنی کۆڕوکۆمەڵی گەنجانی سۆشیالیست و پێشکەوتن خواز و کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسی و ڕێکخراوەییەکانیان و چالاک کردنی ڕۆڵیان لە ناو بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکەدا.

٣-دەست پێشخەری بۆ دروست کردنی لیژنە و شوورا کرێکاری و جەماوەریەکان لە گەڕەکەکان و کارگەکان و دامەزراوەکاندا، وە بەشداری کردن لەو دەست پێشخەریانەی کە ڕیزەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو ڕێک دەخەن بەهەر شێوەیەک کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکە بەرەوپێش ببات.

٤-کاری هاوبەش لەگەڵ هەموو هەڵسووڕاواندا بە مەبەستی بەهێز کردنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکە و بەرەوپێش بردنی و بەسەرکەوتن گەیاندنی، بەجیا لە جیاوازی سیاسی و فکری.

دروشمی سەرەکی ئەم قۆناغە: کار، ئازادی ، یەکسانی بۆ هەموان

داواکاریە سەرەکیەکان

•دابین کردنی خانووبەرە، کار و خوێندنی خۆڕایی و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەموان.

•دابین کردنی کار یان بیمەی بێکاری بۆ هەموو بێکارانی نێر و مێ.

•دابین کردنی خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو بۆ هەموو دانیشوان لە بودجەی دەوڵەت.

•لابردنی تەواوی سیاسەتە ئابووریە نیولیبراڵیەکانی دەوڵەت، نا بۆ تایبەتی کردن و تاڵان کردنی سامانەکانی کۆمەڵگە.

•لابردنی تەواوی ئەو یاسایانەی سنور دادەنێن بۆ ئازادی و یەکسانی تەواوی ژنان.

دروشمەکانی ناو بزووتنەوەی ناڕەزایەتیەکان

•با هێزەکانمان ڕێکخەین لەناو شوواراکان و لیژنە کرێکاری و جەماوەریەکاندا لەسەرتاسەری وڵاتدا.

•جەماوەری ڕاپەڕیو خوازیاری ڕووخاندنی ڕژێم و ئەو بنەمایانەیە کە لەسەری دامەزراوە، خوازیاری گۆڕینیەتی بە دەسەڵاتدارێتی ڕاستەوخۆی گەل.

•خۆپیشاندەران و خەڵکی ڕاپەڕیو نوێنەری ڕاستەقینەی گەلن، هیچ دەسەڵاتێک لەسەروو دەسەڵاتیانەوە نیە.

•هیچ دەسەڵاتێک لەسەروی ئیرادەی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە نیە لە عێراق.

•ئازادی و یەکسانی ژنان مەرجێکی بنەڕەتیە بۆ هەر گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕانە لە کۆمەڵگە دا.

•مانگرتنی سەراسەری و فراوان کردنی ناڕەزایەتیەکان لەسەراسەری عێراقدا ڕێگەی داسەپاندنی خواستەکانی جەماوەرە.

•کۆتایی هێنان بە گەندەڵی و دەردومەینەتەکانی جەماوەر لە گرەوی کۆتایی هێنان بە ڕژێمی تائیفی و قەومی دایە.

•حیزبەکانی دەسەڵات و ڕەوتەکانی جێگەیەکیان نیە لەناو ناڕەزایەتیەکاندا.

•تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی توندوتیژی و بۆمبی فرمێسک ڕێژ تاوانێکی گەورەیە دژ بە کۆمەڵگە و خیانەتە لە خەڵک.

•دەستگیرکردن و ڕاوەدونانی خۆپیشاندەران تاوانە، دەبێت دەستبەجێ بوەستێت.

•هێزە میلیشیاییەکان دەبێت لە شارەکان بکرێنە دەرەوە.

•دەبێت هەموو دەستگیر کراوەکان بەبێ قەید و شەرت ئازاد بکرێن.

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە عێراق و ناوچەکەدا

ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق

٢٣/ تشرینی یەکەم / ٢٠١٩

پاشماوە دۆسیەی کۆرۆنا

کۆمەڵگە.

سەبارەت بەکێشەکەمان لە دادگا، وەک هەموو کێشە هەڵواسراوەکانی تری ئەمڕۆی عێراق، کە دیار نیە بەکوێ دەگات و چۆن یەکلا دەبێتەوە. بەڵام بەردەوام دەبێن لە تێکۆشانمان، لە پارێزگاریکردن لەژنانی عێراق و هەوڵدەدەین ڕووەو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەیان بەرین کە ببنە هەڵسوڕاوانی یەکسانیخوازی ژنانە و سۆشیالیستی، کە بزانن چۆن بەرگری نەک هەر لەخۆیان بەڵکە لەتەواوی کۆمەڵگاش بکەن.

ئەسیل ڕەمماح
لە وەڵام بۆ پرسیاری دۆسیەی توندوتیژی دژ بە ژنان

ئەوەی وەزیری ژنانی مالیزی وتویەتی شتێکی ئاوارتە نیە، زۆرێک لە دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکان بەتایبەت لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست کە ژنان دەچەوسێنەوە و تائەوپەڕی توندوتیژی و پەراوێز خستن و دەیخەنە ژێر کۆنترۆڵەوە. بەهاتنی پەتای کۆرۆنا توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و ژمارەی ژنانی خۆکوژ بەتایبەت ئەوانەی کەرەنتینەش دوبارە چەوسانەوەیە بسەریانەوە زۆر زیادی کردووە.

ئەڵبەتە پێش کەرەنتینەش ژنان لە عێراقدا بە شێوەیەکی بەرباد هەر چەوسێنراونەتەوەوە. ژنان لە ژێر باری دەسەڵاتی دابونەریتی خێزانی و عەشایەری دواکەوتووانەدا نالاندویانە کە دەستی پیاوی ئاوەڵا کردۆتەوە بۆ داسەپاندنی بێ مافی و چەوسانەوە بەسەر ژنان و ئازاردان و تەنانەت کوشتنیشیان، وەهیچ ڕێکار و یاسایەکیش نیە بۆ پاراستنیان و بەرگریکردن لە مافەکانیان. وە تا ئەو شوێنەش دەگەڕێتەوە سەر باری ئابووری نایەکسانیەکی گەورەش هەیە لە کرێ ژنانی کرێکار.

ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر توانی ئاڵگۆڕێک لە هەلسوڕانی ژنان دروست بکات و ئاسۆیەکی پرشنگداری بەڕوودا کردنەوە، بەشداری ژنان لە خۆپێشاندانەکان و ڕاپەڕینەکەدا زۆر بەرچاوبوو بەڕاددەیەک کە لە مێژووی عێراقدا یەکەمجار بوو کە ڕێپێوانی ژنانە لە پارێزگا جۆراجۆرەکانی عێراقدا سەر هەڵبدات بەتایبەت لەو پارێزگایانەدا کە ڕەوت و هێزە ئایینی و عەشایریە کۆنەپەرستەکان دەستیان بەسەردا گرتووە. بەم شێوەیە بەشداری ژنان ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕا لە پێشڕەوی ڕاپەڕین و قوڵبونەوەی، ئەمەش مەترسی جددی لەسەر ژیانی ژنانی هەڵسوراو دروستکرد، بەجۆرێک هەندێک لایەنی حکومەتی و هێزە میلیشیا سەرکوتگەرەکانیان هەڵسان بە گرتن و فراندنی ژمارەیەکی زۆر لە بەغدا و پاکتاوکردن و ترۆر کردنیان.

توندوتیژی ئاراستەکراو لەدژی ژنان لە حاڵەتی زیادبوون دایە و هیچ گۆڕانێک لە سیستەمی کۆنەپەرستی لە عێراقدا ڕووینە داوە. هیچ مافیکی ژنان چ لەسەر کار و چ لە نیو خێزان دا بەدەست نەهاتووە. بە نسبەت ژنان ئەو کارانەی لە نێو ماڵەوە ئەنجامی دەدەن، دەتوانین بە کۆیلەی کار ناوییەرین، چونکە بە جۆرێک زۆربەی ژنان ناچارکراون ئەو کارە بەشیوەی ڕۆژانە بکەن هەر لەبەیانی یەوە تا ئێوارە کە بەردەوام لەژیر زەبری ئازاری جەستە و دەرونی دان بەهۆی دەرهاویشتەی ئەم کارەوە کەلەبەرامبەریدا هیچ کرێ یەک وەرناگرن.

هیچ جۆرە چاکسازییەک لە هەلومەرجی ژنان لەعێراقدا سەرناگرێت و دەستڕاگەیستن بە ئازادی و یەکسانی بەبێ ڕوخاندنی ئەم ڕژێمە سیاسیە دواکەوتووە و دامەزراندنی دەسەڵاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و لە شوێنیدا و هێنانەدی سۆشیالیزم..

پرسیار: لەژێر گوشاری جەماوەری ناڕازی و ئاپۆڕەی خۆپیشاندەرانی گۆڕەڕانەکان، چینی سیاسی دەسەڵاتدارلە عێراقدا بە قەیرانێکی قووڵدا بۆ دوبارە بیناکردنەوەی دەوڵەتدا تێدەپەڕێت. ئیسلامی سیاسی لەکاتی پەیدابوونیەوە لەنزمترین ئاستی نفوزی سیاسی لە نێو جەماوەردایە و لەنێو نەفرەت و بێزارییەکی گشتیدایە و لە پوکانەوەی بەردەوامدایە. بەشبەشێنەیی تائیفی و نەتەوەیی کە پێکهێنەر و شوناسی دەوڵەت بوو، لەگەڵ فەساد و گەڕانەوە بۆ دواوە و کوشتار و وێران بوون و شەڕی نێوخۆیی پێکەوە فرچەکەیان گرت. پێش کۆرۆنا ئەوان گرەوییان لەسەر کات دەکرد، کۆرۆنا دەرفەتێکی بەنرخی بۆ سازدانەوەی هەیکەلیان پێدان، وەک دیاری ئاسمانی بۆیان و بەهەلەداوان دەیانەوێت خۆیان لە شێوەی دەوڵەتدا ڕێکبخەنەوە. بەبۆچوونی تۆ چینی دەسەڵاتداری ئێستای عێراق، لەگەڵ و دوای کۆرۆنا دەتوانیت جەماوەر لەئامانجی ڕوخاندنی سیستەمی سیاسی و تێکوپێکدانی بنچینەکانی کاری سیاسی (١٧) ساڵی ڕابردوو پاشەکشە پێبکات و سەرکوت بکات و جەماوەر بە هەندێک چاکسازی ئابووری و سیاسی و خزمەتگوزاری ڕازی بکات؟ وە چ هەنگاوێک گرنگە بۆ ئەوەی ئەم سیناریۆیە پێش نەیەت و شۆڕش بەرەوپێش بڕوات؟

ئەسیل ڕەمماح: بەڵێ، بەکردەوە قەیرانی پەتای کرۆنا کاتێک هات دەریچەیەکەکی ئومێدی کردەوە بۆ تاقمی دەسەڵاتدار و ڕژێمی سیاسی بەغدا کە لەسەر بنچینەی پشکپشکێنەی تائیفی و نەتەوەیی ڕاوەستاوە. پاش ئەوەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر گورزێکی کوشندەی وەشاندە ئەو پرۆسە سیاسیەی کە لەلایەن ئەمریکاوە بەڕێخرابوو بۆ ئەم تاقمەی کە پێکهاتووە لە حزبەکانی ئیسلامی سیاسی و هاوبەشەکانیان لە ناسیونالیزمی کوردی و عەرەبی پڕۆ ئەمریکی و هەر خەریکی تاڵانی سەروەتوسامان و کوشتاری جەماوەر بوون، وە پاش ئەوەی هەموو هەوڵە سیاسیەکانیان بە بونبەست گەیشت و قەیرانەکانیا قوول بونەوە بەشیوەیەکی زۆر گەورە، وە دوای ئەوەی کە هەموو وەرەقەکانی ئەم توێژە لە دەستیاندا سوتان و بێتوانابوون لەسەر کوتی جەماوەر لەڕێگای هێزە ئەمنیەکانیان و میلیشیاکانیانەوە، هاتنی کۆرۆنا بووە بوو بە نیعمەتک بۆیان.

لەبەرامبەردا گەڵیک کار و ئەرکی گەورە چاوڕیی جەماوەری ڕاپەڕیووە کە پێهەڵسن لەپێناو سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا و هەڵەکانی پێشوویان تێپەڕێنن و بەسەر کەموکورڕیەکانی ڕابردوویاندا زاڵبن کە گرنگترینیان، ئەوەیە کە جەماوەر بەو شێوەیە ڕێکخراو نیە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە ببیتەوە کە سەرکوتیان دەکات. سەرەڕای بانگەوازیش بۆ ڕێکخراو بوون لە ناوخۆی گۆڕەپانەکانەوە لە لایەن بڵاوکراوەی (ژنانی ڕاپەڕین) و (دەنگی ڕاپەڕین) و ڕۆژنامەی الغد الاشتراکی بۆ پێکهێنانی دامەزراندنی شورای جەماوەری شۆڕشگێڕ، بەلام کاریگەری ئەم بانگەوازانە لە ئاستی داواکراودا نەبوون. ئەگەر ئەم شورایانە لەسەر ئاستی پارێزگا ڕاپەڕیوەکاندا لە ناوەراست و خوارووداا پێک بهاتبا، ڕاپەڕین بەم ڕۆژە نەدەگەیشت.

بەهەرحاڵ، دەرفەتی مێژوویی لەبەردەم جەماوەردا هەر لە ئارادایە چونکە قەیرانی دەسەڵات بەردەوامە و ڕۆژانە قووڵتر دەبێتەوە. لەگەڵ دابەزینی نرخی نەوت و زیادبوونی ژمارەی بێکارکردنی کرێکاران و پەرەداربوونی قەیرانی ئابوری لەهەردوو ئاستی جیهان وعیراقیدا، کۆتایی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵە نزیکتر دەکاتەوە، بۆیە پێویستە لەسەر جەماوەر خۆیان ئامادە بکەن و دەستبەکار بن بۆ خۆڕێکخراو کردن لە شورا شۆڕشگێرییەکانیاندا لە سەر ئاستی پارێزگاکاندا، بەتایبەت وا چاوەڕوان دەکرێت خۆپیشاندانی گەورە دەست پێبکرێتەوە لە دوای کۆتایهاتنی کەرەنتینە. بەڕاستیش ئێمە ئێستا شایەدی هۆشیاری بونەوەیەکی زۆرتری جەماوەرین بە ئەزمون وەرگرتن بە درێژایی شەشی مانگی ڕاپەرینەکە.

کۆڕۆنا هاوڕێیەکی ترمانی کردە قوربانی

هاوڕێ (ئازاد حەمە علی)، ناسراو بە (ئازادی بێکاران)، بەهۆی نەخۆشی کوڕۆناوە (٤-٦-٢٠٢٠) بۆ یەکجاری بەجێیهێشتین و گیانی بەخاک سپارد.

ئەو مرۆڤێکی زەحمەتکێش و چالاکوانێکی یەکێتی بێکاران" و بزوتنەوەی بێکاری بوو" لە کوردستانی نەوەتەکانی سەدەی بیست. ماڵەکەی شوێنی حەوانەوە و دانەدانی هاوڕێیانی کۆمۆنیست و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان و بێکاران بوو، خۆشی قەڵغانێک بوو بۆ پاراستنیان لە هەڕەشەی ڕاوەدوونان و گرتن و تروڕی هێزە سەرکوتگەرەکانی حزبە قەومیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان.

کار و چالاکی ئەو بەشێک بووە لە مێژوویەکی درەخشانی بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و خەباتی چینایەتی لە کوردستاندا و لە خەبات دژ بە بزوتنەوەی بورژوا ناسیونالیست و حزبەکانی. ئێمە و سەرجەم کۆمۆنیستەکان لە کوردستان، کرێکارانی سۆشیالیست و پێشڕەو، بەشێکین لەو مێژووە کە هاوڕێ (ئازاد) تیا چالاک بووە و خاوەن ئەو مێژووەین لە خەباتی چینایەتی و سۆشیالیستی؛ یاد و ڕێزلێنانی هاوڕێمان بەردەوامی دان و پتەوکردن و بە سەرکەوتنگەیاندنی ئەو خەباتەیە.

بە بۆنەی مەرگی هاوڕێ (ئازادی بێکاران)ەوە بەشداری غەم و پەژارەی خۆمان ڕادەگەیێنین بۆ ئەندامانی خانەوادەکەی، بۆ خزم و کەسوکار و هاوڕێیانی.

بەرز و شکۆدار بێت یادی هاوڕێ ئازاد

(دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ڕەوت

٥-٦-٢٠٢٠

لە بڵاو کراوەکانی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق بە زمانی عەرەبی کە ڕۆژانە و هەفتانەومانگانە دەردەچێت

هاودەم و زەمەنی دوای کۆڕۆنا:

کوردستانی عێراق لە ئاستانەی ئاڵوگۆڕ و ڕاپەڕین و شۆڕشدا

جەمال کۆشش

دەورەیەکی نوێ لە کێشمەکێشی چینایەتی لە کوردستانی عێراقدا لە شێوەیەکی توندوتیژ و تێهەڵچوونـدا خەریکە خۆی دەنوێنێتەوە. بنچینەیی ئەم پێداهەڵشاخانە، لە ئاکامی بونبەستی بۆرژوازی کوردیە بۆ بەڕێوەبردنی لانی کەمی مانەوەی فیزیکی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان. پەتای کۆڕۆنا ئەم ئەزمەیەی پێشخست و قوڵتر کردەوە و بێدەربەستی دەسەڵات و حوکمڕانانی کوردستان لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان ڕوونتر لەهەموو کات بەدەرخست. ئەم هەلومەرجە، جەماوەری بەشێوەیەکی فراوان ڕاکێشاوەتە نێو نارەزایەتی وخۆپیشاندان و ڕاپەڕین وشۆڕشەوە. ڕاکێشاوەتە نێو کاری ڕاستەخۆی سیاسی یەوە. کێشەی قوتاربوون لە هەژاری و نەداری بۆ جەماوەرێکی بەرین ڕێک بەمانای کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم.

حزب و لایەنە بۆرژواییەکانی کوردستان، لەماوەی ٢٩ ساڵەی ڕابردویاندا، تاقیکردنەوەی خۆیاندا. حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی دەولەمەند و سەرمایەدارەکانی کوردستانە و دامەزراوە سەربازی و موخابەراتیەکانیان و میلیشیاکانیان پارێزگاری لەو چینە سیاسیە دەکەن کە سودمەندی سەروەتی ملیاردەکان بوون.

داهاتووی کار و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و کارمەندان و خێزانەکانیان بەتەواوی لە مەترسی جدی دایە. دابینکردنی گوزەرانی ڕۆژانە، لەوپەڕی دڵفراوانیان و بەند و بەست و پارانەوەیان لەبەردەم حکومەتی عێراقدا، لە دابینکردنی موچەی ناچیزەی یەک مانگی دایە.

ئەزمەیەکی سیاسی قووڵ کە ئێستا حکومەتی هەرێم دەرگیرییەتی، بەرهەمی ئەو پرۆسەیەیە کە ئەم حکومەتە وەک دامەزراوەیەکی چینایەتی بۆرژوازی بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگای کوردستان پەیڕەوی لێکردووە. ئیدی پێویستە بوەستێنرێت.

خەڵکی کوردستانی عێراق، کرێکاران و زەحمەتکێشان، ناتوانن و نابێت چارەنوسی خۆیان لە زەمەنی دوای کۆڕۆنادا بەدەست دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستانەوە بهێڵنەوە. ئەلتەرناتیفی جۆراجۆر بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئەزمەیە ئابوری و حکومەتییە دەخرێتە ڕوو. دەسەڵاتدارانی هەولێر تا ئێستا هەر خەریکی توندکردنی دەزگاکانی سەرکوتن و ئەوەی هەیە کە هەموو وەڵامەکان وەک سەرکوتی خۆپیشاندانەکەی دهۆک و هستریای بەخشینەوەی تۆمەت بەلایەنەکان ئاماژەن بۆ ڕەوشی دەسەڵات لەبەرامبەر قورسترین دەورانی مێژوویدا.

ئەو ئالتەرناتیڤانەی کە دەخرێنە ڕوو، یان دروستر ئەو نەخشە ڕێگایانەی کە دەخرێنە ڕوو بۆ چارەسەری ئەزمە کوشندەکەی سەرجەم تێکڕایی سیستەمی دەسەڵاتدارەتی لە کوردستان، چ ئەوانەی کە دەڵێن سازانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەند، چ ئەوانەی داوای دەستکێشانەوەی حکومەتی ئێستا و دامەزراندنی حکومەتی بچکۆڵەی کاتی دەکەن، یان ئەوانەی چاوەڕێی گەڕێکی تری دانوستانەکانی مەکتەب سیاسی لایەنە سیاسیە بۆژوا/ ناسیۆنالیستی/ ئیسلامیەکان دەکەن، دەیانەویت پێش بەئاڵوگۆڕێکی گرنگی سیاسی/ کۆمەڵایەتی ڕاپەڕین بگرن کە جەماوەری کرێکاران وهەژاران لە چەوسانەوەی ڕزگار دەکات و مۆدێلێکی تر لە دەسەڵات و لە ژیان دەخەنە ڕوو.

هەڵسوڕاوانی کرێکاران و چین و توێژە هەژارەکان، کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و سوشیالیست و بەرەی چەپ بەگشتی لەبەرامبەر ئەرکێکی چارەنوس سازی مێژوویدان. تێکەهەڵچوونێکی فراوانی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز لەبەردەممان دا ڕوودەدات، بۆرژوازی بەهەموو باڵ وحزب ولایەنەکانیەوە، بەهەموو مانۆڕەکانیانەوە، چ بەسازانیان بێت لەگەڵ یەکتر، یان بە پرۆژەی لامەرکەزییەت و دابەشکردنی پارە و پۆستەکانیان بێت، چ بە شەڕی میدیا و ڕاگەیاندنە داڕزاوە بێکلتووریەکانیان، یان بە تاوانبارکردنی یەکتر بێت، دەیانەوێت، پرۆلیتاریای کوردستان وەک چینێکی وشیاری سەربەخۆی چینایەتی نەیەتە نێو هاوکێشە سیاسیەکانەوە. وە پێویستە خەڵک لەکاتی نارەزایەتی و خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکاندا، بەتەواوی حساب بۆ ئەگەری بەکارهێنانی زەبروزەنگ و گرتن و ڕاوەدونان و تیرۆر بکات. ئەم دەسەڵاتە لەهیچ کاتێکدا باکی بەگیانی ڕۆڵەکانی نییە، ئێستا کە جەماوەر لێیڕاپەڕیووە، هەموو پەرچەکردارێک گریمانکراوە و لەو بارەوە نمونەمان زۆرە.

هەموو ئەو تەقشوف و دەستگرتنەوە و بێکارکردنانەی داهاتوو لە ستراتیژی بۆرژوازیدا، هاوشان دەبێت بە سەرکوتی هەمەلایەنەی هەلسانە جەماوەرییەکان وەک پەرچەکرداری نۆرماڵی چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، پێویستی بە پلانێکی ڕۆشن و ڕادکاڵ و ڕێکخراوێکی بەجەربەزەی کۆمەڵایەتی/ چینایەتی دەبێت بۆ سەرخستنی خەباتی پرۆلیتاریای کوردستان. ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراقدا، داواتان لێدەکات، بە حەساسیەتی مێژوویی دەورەکە ئاگادار بن.

ئایاری ٢٠٢٠

بەڕێگاوەم

فوئاد عەزیز

بەنێو تەمی ئەم پایزەدا
تروسکاییەك لەگەڵ خۆم
دێنم٠
بەڕێگاوەم
وشەکانم کۆ دەکەمەوە
هەنگاوەکانم چڕتر و
نیگام تیژتر
تاریکی ئەم ڕێگا دوورە
شەق دەکەم٠
بەڕێگاوەم
نەغمەی سرودێکم پێیە
گیتارەکەت زین کە
کۆترە دەنوك سورەکانی
هەیوان
هەڵفڕێنە
با کوکختیەکان
ئەم گۆرانیەی هەموو ساتێ
بەشوێنی دوعا دەیخوێنن
بیڵێنەوە٠
من و شیعرێك
بەڕێگاوەین
شیعرێك پڕاو پڕ لە
گۆرانیەکانی باران بۆ گەنم
تەژی
لە هەورێکی پڕ لە بروسك
کە دایدەکات
گوناحەکانی تاریکی
ئەشواتەوە٠
بەڕێگاوەم
دەرگای قوتابخانە
سارد و سڕەکان والاکان
دوعای سەر تەختەڕەشەکان
بسڕنەوە٠
بەڕێگاوەم
کتێبێکم هێناوە
دیاری پاریسە و
کراسی سوری کۆمونەی
لەبەردایە٠
بە
ڕێگا
وەم

١٠/٢٠١٨

پێشێلکاری مافەکانی کرێکاران لەلایەن کۆمپانیای سەگرمەوە

ئامادەکردنی: نەبیل محمەد

لە ڕۆژی ١٨،٥،٢٠٢٠ ، لەگەل کرێکارانی ژینگە پارێزی سەر بەکۆمپانیای سەگرمە، بۆ ئاگادار بون لەسەر بارودۆخ وژیانی ئەو کرێکارانە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیم ئەنجامدا:

: ئایا موچەتان وەرگرتووە؟ لەوەڵامدا کرێکاران ووتیان ئێمە چوار مانگە ئیش دەکەین، پارەی یەکمانگمان ٣٠٠ هەزار مان وەرگرتووە، وە خاوەن سەیارەکان ٥٠٠ هەزاریان وەرگرتووە کەدەکاتە پارەی ١٥ ڕۆژ، ئەمە زوڵم وستەمە قەبوڵ ناکەین. ٣٠ مانگە کرێکاران وخاوەن سەیارەکان کرێ مان وەرنەگرتوە.

ئەی دەوامتان گۆڕاوە؟ کرێکاران لەوەڵامدا وتیان ، ئێمە دەواممان نەگۆڕاوە وهەر دەوام دەکەین. بەداخەوە خاوەن کۆمپانیاکە کرێ کرێکارەکان تەخیر دەکات ودرۆمان لەگەڵ دەکات. زۆربەی کرێکارەکان ئێستا لەسەر قەرز دەژین وخەریکە دوکاندارەکانیش سیقەیان پێمان نامێنێت ، وە جێتر قەرزمان نادەنێ. ئەمە قوت بڕینە وئیمە هەرگیز بێ دەنگ نابین . داوای مافەکانی خۆمان لە کۆمپانیای سەگرمە دەکەین .

دەستەی بەڕێوەبردن

نادر عبدالحمید
جەمال کۆشش
عەبدوڵا سائح
سوردیا تاهیر
شیرین عەبدوڵا
نەوزاد بابان
مونەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت

ڕەوت

البدیل OCAL ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME

مازن محەمەد + 9647709658673
نزار عەقراوی + 447507070024
نەوزاد بابان + 9647501613378
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

گرافیک و دیزاین: سەلاح فەتحوڵا
salah_fathulla@hotmail.com